# شنەی ئەوین

# شنەی ئەوین

**چەپکێک شێعری ئەوینداری**

**کۆکردنەوە:**
**محەمەدئەمین شاسەنەم**

**شنەی ئەوین**

نووسەر: **کۆمەڵێک شاعیر**

کۆکردنەوە: **محەمەدئەمین شاسەنەم**

نۆرەی چاپ: **یەکەم، ٢٠١٢ ز**

ئەژمار: **١٠٠٠ دانە**

بڵاوکەرەوە:

نرخ:

# ناوەرۆک:


بتزانیایە........ ٩
جوانە کچ ........ ١٠
ئاوات ........ ١١
ئاوات ........ ١٢
هێلانەی بەتاڵ........ ١٣
عەشق ........ ١٤
سەودا........ ١٤
دڵی جاران ........ ١٥
حەیران ........ ١٦
وەفا یاساغە ........ ١٧
چاوی خەجاڵەت........ ١٨
هەوێن........ ١٨
بڵێ چی؟........ ١٩
خێڵی خەیاڵ........ ٢٠
ئەوین، کۆرپەی خۆشەویست...... ٢١
گەردشی گەردوون........ ٢١
رۆژ و تەم........ ٢٢
شاباش ........ ٢٢
کای کۆن ........ ٢٣
وام زانی ........ ٢٤
خەندەی دەمت ........ ٢٥
سەر لە نوێ........ ٢٦
رۆحم بە فیدات ........ ٢٦
باغی سێوان........ ٢٧
دڵ ئەستێن........ ٢٧
موچڕکی تاسە........ ٢٨
بڕوانە چۆنم بۆت........ ٢٩
چوارینە ........ ٢٩
هیجران بەسە ........ ٣٠
بۆم بکەن کارێ........ ٣١
بەهانە........ ٣٢
لەگەڵما بە ........ ٣٣
بێ‌تۆ ........ ٣٤
داخی دووری ........ ٣٥
یادت بەخێر........ ٣٥
هانی هەڵبەست........ ٣٦
هەتاوەکەم........ ٣٧
گۆمی خوێن ........ ٣٨
شیوی ناو مەمان ........ ٣٨
تێمیسکە........ ٣٩
جەغەتووی فرمێسک ........ ٤٠
تا دڵم هێلانە بێ........ ٤١
نەهاتی........ ٤١
ئاور لە ئاور بەرئەبێ........ ٤٢
دەردی ئارەزوومەندی ........ ٤٣
دەلاقە........ ٤٤
دووبەیتی........ ٤٤
بەستەی دڵداری........ ٤٥
یاد ........ ٤٦
چوارینە ........ ٤٦
هەڵبەستی ڕەنجاو........ ٤٧
غەمزەی چاوی مەخمووری........ ٤٨

دووبەیتی........................................ ٤٨
پەری........................................ ٤٩
لەو ڕۆژەوە ........................................ ٥٠
ئەی مانگ........................................ ٥١
ژیانی من ........................................ ٥٢
چوارینە ........................................ ٥٢
ئەم پەرچەم و ئەگریجە ........................................ ٥٣
چوارینە ........................................ ٥٣
ڕۆژێ نەبوو ........................................ ٥٤
کوانێ........................................ ٥٤
کوا هاودەمێ؟........................................ ٥٥
من خەڵکی دنیا نیم........................................ ٥٦
ڕازی دڵ........................................ ٥٧
جوانی ڕەشپۆش........................................ ٥٨
عەشق ........................................ ٥٩
سەیری ئەو دیدەمەستە........................................ ٦٠
نەخۆشی دەردی دووری ........................................ ٦١
چوارینە ........................................ ٦٢
چوارینە ........................................ ٦٢
ژنی باش........................................ ٦٢
خەمی زەمانە ........................................ ٦٣
خۆری زەردەپەڕ ........................................ ٦٤
من نەگۆڕاوم........................................ ٦٥
دڵداری نوێ ........................................ ٦٦
بێتۆ ........................................ ٦٧
مێشی خاڵت ........................................ ٦٨
ڕەقیب........................................ ٦٩
مانگی نوێ........................................ ٦٩
ڕێژنە........................................ ٧٠
چوارینە ........................................ ٧٠
بۆ یاری دێرین ........................................ ٧١
مەراقم لە دڵە........................................ ٧٢
خەو و خەیاڵ........................................ ٧٤
چوارینە ........................................ ٧٤
بەخێر بێتەوە........................................ ٧٥
دووبەیتی........................................ ٧٦
بەردی فیرقەت ........................................ ٧٧
چوارینە ........................................ ٧٧
بــڕۆ ........................................ ٧٨
جووتە مەم........................................ ٧٩
چرۆی ئاوات........................................ ٧٩
خۆڕاییە........................................ ٨٠
عیشقی سوور ........................................ ٨٠
گوڵی گوڵشەن........................................ ٨١
سەرئەنێمەوە........................................ ٨٢
هەتیو بترسە ........................................ ٨٢
گوڵزاری ئەمەل ........................................ ٨٣
بەسیە غوربەت........................................ ٨٤
دووبەیتی........................................ ٨٥
ئاگر ........................................ ٨٥
لەگەڵ شۆخ ........................................ ٨٦
تەناف........................................ ٨٧
وڕێنە........................................ ٨٨
من و خەم ........................................ ٨٩
سەرسەخت........................................ ٩٠
تۆزێ لەنجەولار........................................ ٩١
ڕەحمەت عەزابی هێنا ........................................ ٩٢
چوارینە ........................................ ٩٣

ئەی دیدە پەری.......................... ٩٤
بە بیماری .................................. ٩٥
پەیامی یار................................. ٩٦
بۆچی؟ ..................................... ٩٧
چوارینە .................................... ٩٧
کچە کوردە................................. ٩٨
زەردی لیمۆ ................................ ٩٩
کوڵمە ...................................... ٩٩
بای پێچەوانەیی غەم.............. ١٠٠
هەڵگلان ............................... ١٠٠
ناڵەی ئەوین .......................... ١٠١
ئومێد .................................... ١٠١
باغچەیی سینە ........................ ١٠٢
هێلانەی غەرام......................... ١٠٣
هەوری بەدبەختی ..................... ١٠٤
یاری وەفادارم بەسە.................. ١٠٤
موژدەی نەسیم.......................... ١٠٥
هەسارە.................................... ١٠٦
هەواری پڕ هاوار ..................... ١٠٧
یادی شیرینت .......................... ١٠٨
لەبەر سایەت مرم...................... ١٠٩
چاترە...................................... ١٠٩
چێژتم ئەمڕۆ ........................... ١١٠
پایزی گریانە دڵم...................... ١١١
ڕێی خەیاڵ............................. ١١٢
شاهید.................................... ١١٣
بۆ بەجێت هێشتم ..................... ١١٤
ڕەنجەڕۆ ................................ ١١٤
دڵمی جنی............................... ١١٥
گوڵی یادگار ........................... ١١٦
نامەی خوار و خێچ................... ١١٦
جوانی بێناو............................. ١١٧
گڕ ........................................ ١١٨
برۆ........................................ ١١٩
لەگەڵ تۆمە ............................ ١٢٠
تیری نیگا............................... ١٢١
ژوان ...................................... ١٢٢
بەیانت خۆش و گەش خانم!... ١٢٤
ماهی عیشق ............................ ١٢٧
جەژنانەی من ......................... ١٢٧
نامەوێ.................................. ١٢٨
کانی ...................................... ١٢٩
ڕێگەی هەوراز ....................... ١٣٠
دڵی من .................................. ١٣١
دوژمنی دین ........................... ١٣٢
بە من چی............................... ١٣٣
پەرێشانی................................ ١٣٤

# بتزانیایە

**پیرەمێرد**

بتزانیـــایە گـــۆڕە ســـەرەنجامی ژینـــی تـــۆ
ئەڕزێ لەژێـر گـڵا، قەد و بـاڵای سـیمینی تـۆ
نـامێنێ خـاڵ و میـل و دەم و پێکەنینـی تـۆ
دڵت نەدەشکاندم
بتزانیـــایە جـــامەیەکی جـــاو لەبەر ئەکەی
تەڵقینـی کوێرەکانە، لە جێـی دەنگی نـای و نەی
لەو جێگە تەنگ و تـارە، بە تەنهـایی هەڵدەکەی
لە خۆت نەدەتاراندم
بتزانیـــایە، جـــوانی گوزەرگـــاهی پیـــرییە
مەرگـــیش کـــوتوپڕێکە، دەوا نـــاپەزیرییە
دوایـــی ئەوی بە جـــوان ئەبـــڕێ دەســـتگیرییە
جوانیت پێ دەنواندم
بتزانیـــایە دەســـت لەملانـــی کـــاتی بەیانیـــان
چەند خۆشە تا لە گۆڕ ئەخزی، مەستی تێکخزان
چـارەی بە بەزمـی وایە غەمـی گەردشـی زەمـان
دڵت نەدەشکاندم

# جوانە کچ

## هاوار (عەلی حەسەنیانی)

ئەی جـوانە کچـی چەشـنی گـوڵی سـووری موکریـان!
لەو ڕۆژەوە تـــۆم دیتـــووە شـــێواوە ژیـــانم
ڕۆیشـــتی لەگەڵ بـــۆنی بەیانـــانی هەڵاڵان
مـــن مـــاوم و تەنیـــایی و فرمێســـکی شـــەوانم

ئەی هاوبەشـــی ڕۆژانـــی پـــڕ ئـــاواتی لەدەس چـــووم
سـەد خـۆزگە بە ئەو سـاڵە کە دڵ گەرمـی ئەویـن بـوو
ئەمـــڕۆکە ئەگەر چەشـــنی خەزەڵ زەردم و کەوتـــووم
ئەودەم خەمێکـی نەمبـوو بە مەرگـت خەمـی ژیـن بـوو

ئەی بـــووکی دڵـــم! پـــڕ بە دڵـــم تـــۆ دەپەرەســـتم
لەو ڕۆژەوە جێـــت هێشـــتووم عەزادارم و مـــاتم
هەرچەنـــدە دەزانـــم کە ئیـــدی نـــایەوە دەســـتم
تـــا ڕۆژێ بەشـــم دەبـــڕێ لە دنیـــا بەتەمـــاتم

ئەی سوێســـنی بـــۆنخۆشـــی لە ئاســـۆگی هەواران!
کـــاری منـــی ئـــاوارە لە دووری تـــۆ کـــراوە
جـــارێ بـــکە یـــادی منـــی دوور کەوتـــوو لە شـــاران
تـــا ڕایەڵ و پـــۆی نیـــوە ژیـــانم نەپســـاوە

ئەی تـــاقە ســـتێرەی شـــەوی بـــێ نـــووری ژیـــانم!
هەوری ڕەشـی بەخـتم بە خـودا تۆشـی لە مـن کـرد
هـــاوارە لە مـــن دیلـــی ڕکەی بەنـــدی گـــرانم
تـــۆ ڕۆیـــی و مـــن مـــردم و ئـــاواتی دڵـــم مـــرد...

# ئاوات

## هێدی (خالید حیسامی)

ناسرەون هەست و خەیاڵ، ئەی خۆزگە من دێوانە بام
خۆزگە دەست و پێم لە ناو زنجیری بایە و وا نەبام
زولفی سەر شانت عەزیزم، کاتێ هاتی شانە کەی
من گوتم سەد خۆزگە دەنکی شانە بام و شا نەبام
کەس وەک ئاوێنە بە وردی نازمێرێ خاڵی ڕووت
بۆیە ئاواتم بوو ئەو ئاوێنە بەستەزمانە بام
شەو چەق‌وچۆی جووتێ بەی وام‌دەگرێ ڕۆژێ ڕەنگە من
وا نەلەرزیبام لەسەر سینگی، ئەگەر لەرزانە بام
نابێ ڕزگارم لە دانەی خاڵ و داوی کەزیەکەی
من کە دەمویست قەت لە گیری داو و دانەدا نەبام
زەردەخەندەی لێوەکانت هەر هەناسێکی دەوێ
ئەو تەلەسمەم پێ‌نەدەشکا من کە وەک شەوبا نەبام
تا پەرەنگ و پیاڵە وا لاجانگ و لێوت ماچ دەکەن
من دەڵێم قەیدی چ بوو خوایە یەکێ لەو دووانە بام
کێ هەبوو وەک شەم بسووتێ بۆ منی شەیدا ئەگەر
خۆم لە دەوری وی وەکوو پەروانە بێ‌پەروا نەبام
شەو بوو،ئەو بوو،مەی بوو، بسکی باوەشێنی ڕووی دەکرد
هەر منی بێ‌چارە لەو ناوە دەبوو بێگانە بام
خۆزگە بۆ ئەو پێنج و دوو ڕۆژەی ژیانی خۆم منیش
هەروەکوو «هێدی» مەلی تۆفانی بێ هێلانە بام

# ئاوات

## جەلال مەلەكشا

لێـــت پرســـیوم چـــۆنم لەم بەنـــدیخانە
خەم دەخـــۆم و ئـــازار دەچێـــژم گیـــانە
ئـــازاری ئەم گـــۆڕیچە نەیبەزانـــدووم
لە حەژمەتـــی فەراقـــی تـــۆیە مانـــدووم
بـــۆ هەرلایـــێ ئەســـپی خەیـــاڵ دەئـــاژۆم
هەر ڕوو لە تـــۆ دەکـــا دڵەی خەمـــاژۆم
پەریـــی چـــاوی تـــۆ دەســـتی لـــێ وەشـــاندووم
شـــێتی کـــردووم و تـــۆی لە دڵ نەخشـــاندووم
هەرچەنـــدە مـــن هەڵـــۆی ئەشکســـتە بـــاڵم
هێشـــتا بەســـەر ئاقـــاری خۆمـــا زاڵـــم
وەک قەنـــدیل و هەڵگـــورد و پیرەمەگـــروون
ســـەری بەرزم دانـــانەوێ بـــۆ گەردوون
لەوەتـــی تـــۆ بـــووی بە یـــار و گـــراوم
بە زنجیـــری ئەویـــن شـــەتەک دراوم
ئەی کەنیشـــکە جـــوانەکەی خـــوای دڵـــداری
شـــاکاری پـــڕ لە نەخـــش و وردەکـــاری
زامـــی ناســـۆری ئەم دڵە خەمڕێـــژە
بە هەتـــوانی مـــاچێکی تـــۆ ســـاڕێژە

# هێلانەی بەتاڵ

## هێمن

نیـــیە بـــاکم ئەگەر زاڵـــم شـــکاندوویەتی بـــاڵی مـــن
ئەوە ســەختە کە وا ناگــاتە گــوێی کەس ناڵەنــاڵی مــن
بەهــار هــات و تەبــیعەت حــوکمی ئــازادی مەلانــی دا
لە نــاو کــونجی قەفەزدا دیــارە چــۆنە ئێســتە حــاڵی مــن
لە گــوڵزارێ وریــنگەی بلبلــی سەرمەســت و شــەیدا دێ
بەڵام نــــایە جریـــوێکیش لە هـــێلانەی بەتـــاڵی مـــن
لەســـەر نــاچێتە دەر ســاتێ خەیــاڵی بســکی خــاوی تــۆ
ئەگەرچـــی تێگەیشـــتم چـــاوەکەم خـــاوە خەیـــاڵی مـــن
ئەرێ ئەی ئاســکی ناســک هەتــا کەی دەســتەمۆ نــابی؟
ئەرێ پیـرۆزەکەی خـۆش‌فەڕ هەتـا کەی نایە مـاڵی مـن؟
گوتت بۆت دێمە جێژوانێ، هەزار سۆیندت بە شاڵم خوارد
لە ئــاهی ئاشــقانەی مــن بترســە، نەک لە شــاڵی مــن
کە ماڵــت بــێ، کەماڵــت بــۆ چیــیە لەو شــارە وێــرانە؟
کە مـاڵی دەوڵەمەنـدی دی، گـوڵم نەیویست کەماڵی مـن
ئەگەر دەیزانـی مانـای خۆشەویسـتی ئەم کـچە کـوردە
بە سـەد یـاقووت و گەوهەر نەیـدەدا فرمێسـکی ئاڵی مـن
ڕەش و تـــار و درێـــژ و پـــڕ لە ئـــازار و خەم و دەردە
بەڵـێ شـەوگاری دووری بـوو سەراسـەر ژینـی تـاڵی مـن

# عەشق

## ئەخۆڵ

خـوایە کەس تووشـی نەبێـتە دەردی بێدەرمـانی عەشـق
کەس نەبێ دووچاری تیـر و خەنجەر و زینـدانی عەشق
هەر کەســێ زۆر زۆر بەجەرگە و پــاڵەوانە و قارەمـــان
بــا بتــوانێ بەرگە بگــرێ گەر بــووە میــوانی عەشــق
عەشـــقە پەروانە دەکـــاتە زەڕڕەیەک خـــاکی ســـیاه
ناوی مەشـهوورە کە مەجنوون بۆتە سـەرگەردانی عەشق
زاڵمێکـــی وایە عەشـــق، فەرهـــادی کـــردە کـــۆهکەن
حـوکمی دا بـۆ قەتڵی مەنسوور، حـاکم و سوڵتانی عەشق
عـــالەمی خســـتۆتە هۆهـــۆی کـــۆڕی زیکـــری خـــۆیەوە
شـێخەکەی بەرماڵ بەشـان و قـوتبەکەی ڕەببـانی عەشـق

# سەودا

## هەژار

دڵـــم تەنـــگە وەکـــوو غـــونچەی دەمـــی تـــۆ
ســـــەرم گێـــژە لە گێـــژی پەرچەمـــی تـــۆ
دڵ و گیـــــان و ژیـــــانم دا بە ماچێـــــک
وتـــت: پێکنـــایە، زۆری مـــن، کەمـــی تـــۆ

# دڵی جاران

## ئەخۆل

دڵـــم هەر ئەو دڵەی جـــارانە ئێســـتاکەش ئەنـــاڵێنێ
هەناســـەی ســـاردی ناکـــامی لە ســـینەمدا ئەتاســـێنێ
ئەگەر جوانیـت سـەرنجم ڕائەکێشـێ مەگـرە لـێم، چـونکە
جەماڵـت پەیـکەری ڤینۆسـی خـوای جـوانیش ئەجـووڵێنێ
پەچەت لادە ببیـنم ڕووت، ئەمـن خـۆ سـەیری تـۆ نـاکەم
لە ڕووی تۆ تێـدەگەم یەزدان چلۆن نەخشی ئەنەخشێنێ
کە تیشـــکی ڕۆژ ئەدا زاخـــاوی پرچـــی زەردی زێڕیـــنت
لە لام قەوس‌وقەزەح هـــیچ ڕەونەق و شـــەوقێکی نـــامێنێ
بەوەش دڵشـــاد و خۆشـــحاڵم کە یـــادی نائومێـــدیی خـــۆم
بە خـــوڕی ئەشـــکی لە چاوانـــا قەتیس‌مـــاوم ئەبزوێنـــێ
تەمەن ڕوو بە خەزان ئەڕوا، کەچـــی گەردوون ئەوا تـــازە
لە وێـــرانەی دڵا تـــۆوی گـــوڵی دڵـــداری ئەڕوێنـــێ
بە چەشـنێ خۆشەویسـتی تۆ لە سینە و کەللەمـا چەسـپە
مەگەر جـامی ئەجەل ئەو تـین و تـاوەی لـێ هەڵینجێنـێ

# حەیران

## ئەحمەدی کۆر

هەمــوو کەس بــا بزانــێ مــن لە ســەودای تــۆوە حەیــرانم
لە عیشــقی نێرگســی خــاوت بە قــووەی مەرگ نــازانم
هەتـــا ڕۆژێ قیـــامەت دێ، بە ئومێـــدی مولاقـــاتم
ئەتـۆ ڕۆژێ بە تەعجیـل بـێ، وەرە سـەر سـەیلی گریـانم
وەکوو کەبکی خەرامان من کە دایم شێت و شەیدا بووم
ئەمـــن دوو ڕۆژە نەمـــدیوی، لەبەر وەی حاڵپەرێشـــانم
کە ئوردووی عیشقی تۆ هاتن کە مڵکی دڵ بکەن غارەت
تۆخـوا سـالیک، بڵـێ چـبکەم، ئەمـن لایـق بە تـالانم
ئەوا مڵکـی دڵـم ڕۆیـی، بە ئـوردووی عیشـق تەسلیم بێ
بە قوربـانی دوو چـاوت بـم، وەرە پـێش داری ئامـانم
دەڵـێن ئەو شۆڕشـە چـی بـوو، لەسـەر تـوحفەی دڵـی تـۆدا
هەموو ڕەققاسی عیشقم بوون، ئەسیر و دیـل لە مەیـدانم
لە ناری عیشقی تـۆ، بـۆ مـن کە دایـم خـورد و خـاوم چـوو
ئەمـن بەو خـاڵە شـەیدا بـووم، ئەسـیری تیـری تورکـانم
کە زاهید مەنعیان کردم، برادەر، خاک بە سەر خـۆم بێ
دەخیـل دەردێـک هەیە بـۆ مـن، کە پەیـدا نـابێ دەرمـانم
بەست بێ ئەحمەدی غەمگین، هەتاکەی ناڵ و زاریت دێ
بـــکەن مەنعـــم ڕەفیقـــانم، کە مـــن لایـــق بە ســـووتانم

# وەفا یاساغە

## چاوەش (سەیید ڕەشیدی خانەقا)

دەروونــــم پــــڕ لە دەرد و داغە قوربـــان
لە داغـــی تـــۆ دڵـــم ناســـاغە قوربـــان
لە بـــازاڕی ئەمەل، شـــادی کەســـادە
جەفـــا ڕەســـمە، وەفـــا یاســـاغە قوربـــان
لە هەر لا غەم کە هەســـتا دێـــتە کـــن مـــن
لە ســـایەی تـــۆ دڵـــم قۆنـــاغە قوربـــان
گـــوڵی ســـوور و گـــوڵزاری بەهـــاری
بە بێدیـــداری تـــۆ ئـــاڵاغە قوربـــان
مژۆڵـــت خەنـــجەری کرمـــانە بـــۆدڵ
بە خـــوێنی جەرگـــی مـــن پەرداغە قوربـــان
دڵـــم بەنـــدەرگەیە بـــۆ لەشـــکری غەم
لە خۆشـــی مەنـــعە ئەم تۆرپـــاغە قوربـــان
جەماڵـــت بـــاغە تـــۆ خـــۆت بـــاغەوانی
ئەمـــن بولبـــول ڕەقیـــبم زاغە قوربـــان
دەزانـــم بـــۆچی ناپرســـی لە حـــاڵم
دڵـــی تـــۆ فـــاریغ و بـــێداغە قوربـــان
کە دڵ گیـــرا بە تـــۆ، ئـــارامی ڕۆیـــی
ئەوە دۆســـتاغە، ئەم قاچـــاغە قوربـــان
دڵـــم دەرهـــات و خـــۆی ئـــاویتە بەر پێـــت
ئەوێســـتا بـــێ ســـەر و ســـۆراغە قوربـــان
ئەگەر ســـاغت دەوێ، چـــاوەش غەریـــبە
بۆخـــۆی ناســـاغە، شـــیعری ســـاغە قوربـــان

# چاوی خەجاڵەت

## عورفی

ئەی بـادی سـەبا هەسـتە بـڕۆ بـۆم بە وەکـالەت
بـۆ خزمەتـی ئەو یـارە عەزیـزە بە دەلالەت
عەرزی بـکە خـوا بیگـرێ لەبـۆ عەهـد و وەفـاکەی
هەڵنەبـڕێ هەتـا مـاوە، ئەبەد، چـاوی خەجـاڵەت
مـن بـووم سـوپەری چـاوی بەد و ئـاخری چـۆن بـوو
پاداشـی هەمـوو چـاکەیەکم، شـەرتی عەداڵەت
وەڵڵاهـی نەبـووم موسـتەحەقی ئەو هەمـوو زەجـرە
کە پێـی گـوتم بمهـاوێژە نـاو چـاهی زەلالەت
ڕۆژی ئەزەل ئەبـوایە نەچوومـایە مەسـافی
نەمزانـی، ملـم بشـکێ، ئەمەم کـرد لە جەهـالەت
خێـرم لە تـۆ نـاوێ، وەرە لـێم لادە شەڕیشـت
دەس هەڵگـرە لـێم، تـۆبی خـودا بەسـیە ڕەزالەت
تـا مـاوە حەیـاتم تەرکـی بـکەم بەزمـی حەریفـان
چـۆن جـارێکی تـر خـۆم بـخەمە بەحـری مەلالەت؟

# هەوێن

## تینووی مەهابادی

نێـوت بە گـوێی مـن شـنەی سـەبایە
هەرچـی لـێم دیتـووی هەمـووی وەفـایە
بەهـار و نەسـیم، بەرزایـی و پـاکی
هەوێنـی جـوانی ئەتـۆی تێـدایە

# بڵێ چی؟

## ویسالی

بــێ عەتــری گوڵــت، بولبــولی دێــوانە بڵــێ چــی؟
بــێ شــەمعی ڕوخــت، کۆششــی پەروانە بڵــێ چــی؟
بـــێ زینەتـــی شمشـــادی قەد و قـــامەتی بەرزت
جیلــوەیی حوســن و لەنجەیــی جانــانە بڵــێ چــی؟
بــێ شــوعلەیی خورشــیدی خەت و گەردنــی ســافت
فـــانۆس و چرایـــی شـــاهانە بڵـــێ چـــی؟
تــا چــاوی خومــارت ســەبەبی ڕاحەتــی دڵ بێــت
ئـــاوازی نەی و نـــای، لە مەیخـــانە بڵـــێ چـــی؟
بــۆ مــاچی دەمــی تــۆیە دڵــی عاشــقی مســکین
وا خەســـتە وو غەمگـــین و پەرێشـــانە، بڵـــێ چـــی؟
لەو فەســـــڵەوە دوورە لە گوڵســـــتانی ویســـــالت
دڵ مــات و مەلــوول کەوتــووە، بێجــانە، بڵــێ چــی؟
بێجـــامی ویســـالی تـــۆ، زەمـــانێکە «ویســـالی»
مەجنـــوون و سەراســـیمەوو عوریـــانە بڵـــێ چـــی؟

# خێڵی خەیاڵ

## فانی

شــەو خەوم نــایە لەبەر خێڵــی خەیــاڵی خــاڵی تــۆ
تـا سـەحەر مەسـتم بە یـادی جـووتە لیمـۆی کـاڵی تـۆ
ئەی پەریڕوخســاری کەوڕەفتــاری جادووکــاری مــن
ئـاوی لـێ دەتکـێ دەمـم بـۆ مـاچی لێـوی ئـاڵی تـۆ
ئاســکی وەحشــی بە لەنــجە و گــوڵ بە ڕنــگ‌وبۆنەوە
هیچیــان بــۆ دڵفڕێنــی نــابنە هــاواڵی تــۆ
نەک وجــوودی ناســکت بڕنــێ حەریــری ئەوڕووپــا
لازمە بکــرێ لە پەلکــی غونچەگــوڵ شــەرواڵی تــۆ
کێــیە بتــوانێ لە ڕووتــا ڕووبەڕوو بــێ، کەس نیــیە
وەک هیمــالا بەرزە پــایەی جــوانی و ئیقبــاڵی تــۆ
چــی بــکەم بــێ تــۆ ژیــانم ژانە، ئــارامم نیــیە
وای چ خۆشــە بــبمە کــۆتر، بــێمە تــاقی مــاڵی تــۆ
گەرچــی هەر مــوویەکی زولفــت ســەد دڵــی بەســتۆتەوە
کەس نیــیە وەک مــن لە ڕیــزی عاشـقان عەوداڵـی تـۆ
شــەو نیــیە نەتکــن لە دیــدەم تــا بەیــانی خــوێنی دڵ
غەرقە ســەر تــا پــا لە خوێنــا عاشــقی بێحــاڵی تــۆ
موشــتەریم بە گیــانی شــیرین گەر عەدوو ڕێــگەم بــدا
شــەو بە تەنیــایی ســەعات‌ونیوێ بــێمە پــاڵی تــۆ
«فانیــا» تەعریفــی جــوانی و جەوری دولــبەر نــاکرێ
بەو دڵەی پــڕدەردی دووری و بەو زمــانەی لاڵــی تــۆ

# ئەوین، کۆرپەی خۆشەویست

## ئاوات

ئەوینم خۆش دەوێ چونکی بە هۆی تۆ هاتە ئامێزم
وەکوو تاقانە کۆرپەی خۆشەویست باشی دەپارێزم
ئەوە ڕۆژ و شەوی تەنیایی هاواڵی دڵی زارم
بە یادی تۆ، ئەوە مایەی ژیان و تینم و هێزم
هەموو گۆشت و ڕەگ و پێستم ئەوین شێلای بە مل یەک دا
هەویری خۆتم و بمشێلە شل شل، گەرچی بێ پێزم
خەیاڵی خاوە گەر من زولفی شێت وپێتی تۆ بێنم
بڵێم ڕامی دەکەم بۆ گەردنم، نایێتە پارێزم
"ئیمامی" خۆ لە ڕیزی دڵبەران باڵای بە باڵا گرت
بەڵام بەرز و نەوی کەوتووین و هەرگیز نایەتە ڕێزم

# گەردشی گەردوون

## شاهۆ

ئەسەف! داخی گرانم دولبەرم مەیلی جیایی کرد
سەرم سوور ماوە بۆچ ئەو شۆخە تەرکی ئاشنایی کرد!
چرای ماڵم نەما، موستەقبەلم بێ نوور و تاریکە
بەڕاستی گەردشی گەردوون لە گەڵ من بێ وەفایی کرد
هەسێرەی تاڵعم ڕەش بوو، ژیانم تاڵییە ئەمجا
کە دولبەر کۆچی بۆ ئەولا لەسەر ئەمری خوایی کرد

# ڕۆژ و تەم

## ئاوات

پەرچەم و زولفی لە سەر ڕوومەتی وەک ڕۆژ و تەمە
بە هەناسەم مژ و تەم زوو دەڕەوێ، عومری کەمە
ڕۆژی ڕووی دەردەکەوێ، بەرگی هەژاری ڕووتە
ئاهی من زوو دەبڕێ دەستی درێژی زەڵەمە
هەروەکوو باخی بەهەشتە وایە سەراپا بەدەنی
بەژنی بەرزی وەکوو تووبایە، لە باخی ئیرەمە
بەشی من چۆن هەیە لەو سێبەر و بەرگ و بەری ئەو
وەکوو بیستوومە بە تەنیا بەشی خەڵکی حەرەمە
چاو لە من دادەگرێ، وەختە ملم بشکێنم
دێمە لای توڕەیە لێم، کوا ئەوە لوتف و کەرەمە!
لە منداڵیمەوە تا ئێستە جەفام کێشاوە
بۆیە سوڕماوە سەرم، کەللەمە وەک جامی جەمە
دڵی ئاوارەیی "کامیل" بەکوڵە ڕۆژ و شەوێ
چاوەڕێی ماچی لە لێوانە، چ زۆرە و چ کەمە

# شاباش

## هەژار

لە تینی کوڵمەکەت جەرگ و دڵم سووت
لە تاوی چاوی جادووت بوومە هاڕووت
بەهەشت و کەوسەر و هەنگوین و شیری
بە شاباشی دلۆپێک ئارەقی ڕووت

# کای کۆن

## پیرەمێرد

لە بیـــــرتە شــــەوێک هـــــاتیە لام
بـــــۆ دڵنەوایــــــی و تەســــــەلام
بە زوڵـــــف و خاڵـــــت ســــوێندت دام
کە تـــــا دەمـــــرم تــــۆ بـــــی لە لام
ئەنجـــا لێـــوت لەســــەر لێـــو نــــام

ئێســــــتاش لەســـــەر ئەو پەیمـــــانەم
هەتـــــا ئەمــــــرم ئەو دێـــــــوانەم
گیــــــرۆدەی ئەو زوڵــــــفە جــــوانەم
ســــــــیابەختی ئەو خـــــــاڵانەم
تـــێم گەیشـــتووی چەنـــد بەوەفـــام

ژیـــــن ئەوەیە عەشــــقی تیــــا بـــێ
دڵ ئەوەیە بەســــــــەودا بـــــــێ
ســـــەر پـــڕ لە شـــۆری لەیـــلا بـــێ
نەک کـــــوولەکەی پـــــڕ لە بـــــا بـــێ
ئـــۆف شـــێتی چەنـــد خۆشــــە لە لام

عەشـــــقی پـــــاک نــــووریکی خـــــوایە
ئیلهـــــــامی شـــــیعری ســــــەمایە
تەجەلای ڕۆحـــــــــی تیـــــــــادایە
وەســـــــــڵی بەهەشـــــــتی لە دوایە
وەتەنە بەهەشـــــــــتی دنیـــــــــام

# وام زانی

**پیرەمێرد**

وامزانـــــی کە مـــــن دڵـــــم دا بە تـــــۆ
دڵـــی تـــۆش بـــۆ مـــن ئەبـــێ بە مەکـــۆ
چـــی بـــکەم دڵەی شـــێت تووشـــی تـــۆی کـــردم
بە ســـــەودای بـــێ ســـــوود لە نـــاوی بـــــردم
تــــــۆش تێگەیشــــــتی دڵ وا دوشــــــمنە
ئیتـــــر لەلای تــــۆ، بـــــوو بە گـــــای بـــــنە
ئەگینـــــــا ئەگەر دوشـــــــمن نەبـــــــوایە
نەتئەهێشـــــــت بێـــــــتە ئەو بەر دەرگـــــــایە
بەڵام گیـــــانەکەم مـــــادەی تـــــۆ بۆشـــــە
لە تێکەڵیـــــــــدا هەر ڕاســـــــتی خۆشـــــــە
دڵـــــــی ئەڵماســـــــی بـــــــێگەردم ئەوێ
شـــــتێ ســـــاختە بـــــێ، زوو دەرئەکەوێ
توخـــوا حەیـــف نیـــیە وەک ئەڵمـــاس جـــوان بـــی
بە ژەنگـــی خـــوێنی عاشـــق پەنهـــان بـــی
دڵ بفرێنـــــی، بەدخـــــووی‌کەی، وەک خـــــۆت
ئەم جەور و زۆرە خێـــــری چیـــــیە بـــــۆت
چـــی دەبـــێ ڕۆژێـــک ئەگەر هـــی مـــن بـــی
دەســـــت نەوەشـــــێنی و ســـــاتێک هـــــێمن بـــــی

# خەندەی دەمت

## وەفایی

ئەرێ خەنـــدەی دەمـــت ئـــارامی دڵ، کـــانی حەیـــاتی مـــن
لە ســـەرچی زیـــز دەبـــی؟ ڕوحـــت دەویٚ؟ هـــانیٚ حەیـــاتی مـــن
گوتـــت دێـــم و نەهـــاتیە ســـەر گرفتـــاری ســـەری زولفـــت
لەگەڵ بەختـــی ســـیا چ بـــکەم؟ دیـــارە خـــۆ نەهـــاتی مـــن!
مـــن و ســـەودای ســـەری زولفـــت لە ســـەر تـــاقی بـــرۆت؟ حاشـــا
عەزیـــزم ئەهلـــی قیـــبلەم! کـــافری دوورە لە زاتـــی مـــن
بە خەندەی زار و عەکسی زولف و ڕووت خۆش‌بوو دڵم، سەد حەیف!
دەقیقەشـــماری خۆشـــی چـــوو شـــەو و ڕۆژی ســـەعاتی مـــن
لە لایـــیٚ ڕوخ دەبـــا عیشـــوەت، لە لایـــیٚ دڵ دەدا خەنـــدەت
عەزیـــزم هەر بە دەســـت خـــۆتە حەیـــاتی مـــن، مەمـــاتی مـــن
لە دووری تـــۆ بە دەفـــتەر نـــاییٚ شـــەرحی مـــاجەرای چـــاوم
ئەگەر دەریـــایی ئەعـــزەم بـــیٚ هەمـــوو ســـورخی دەواتـــی مـــن
دەســـــــووتێم تەرزی پەروانە، دەنـــــــاڵێنم وەکـــــــوو بولبـــــــول
سەراســـەر بـــۆتە مەزهەر، بـــۆتە گوڵشـــەن، شـــەش جیهـــاتی مـــن
چ خـــۆش ڕووی دادەهێنـــا زولفـــی ئەفشـــان کـــرد بە دڵـــداریم؟
ئیلاهـــی قەت نەکەی ڕۆژ بـــیٚ، شـــەوی قەدر و بەراتـــی مـــن
ئەمـــن کەوتـــووم لە بەر گریـــان، دەڵـــیٚ دەســـتی مـــن و دامـــان
ســـەبا گەر بـــوویە خـــوێن، دامـــانی یـــار نەگـــری لەبـــاتی مـــن
دڵـــم جەزبـــی نیگاهـــت خســـتیە زولفـــان، ئەی خـــودا ڕوحمـــیٚ!
بە بەنـــدی جـــادووان وا کەوت غەریبـــی دوور وڵاتـــی مـــن

# سەر لە نوێ

## مەحوی

دڵـی بـردم بە شـۆخی دولبەرێکـی تـازە، سـەر لە نـوێ
موبارەک بێ لە دڵ، سەودایەکی کەی کەوتە سەر لە نوێ
کەچ ئەبرۆ، دیـدە ئاهوو، شۆڕشـین خـوو، فیتنەجۆ، تـورکێ
خورۆش و شۆر و شینی خستە ناو ئەهلی نەزەر لە نوێ
بە ناز و عیشوە پاک ئەرواحی پاکانی موسەخخەر کرد
بە غەمـــزە خـــاترانی دایە بەر تیـــری نەزەر لە نـــوێ
سەبا کردوویە وەعدەی گەردی کۆیی، مەگری ئەی دیدە
بە ئوممێدم جەواهێـر سـورمە بـۆ نـووری بەسـەر لە نوێ
لەبـی لەعلـی شیفابەخشـی برینـی دڵ دەکـا مەرهەم
ئیشـارەی چـاوی، دەکـولێنێتەوە داغـی جـگەر لە نـوێ
بە شـێوەی شـکڵی شـیرینی، وەکـوو کـاکۆڵی موشـکینی
پەشێوی کردوە ئەحواڵی «مەحـوی»ی دەربەدەر لە نـوێ

# رۆحم بە فیدات

## هەیبەت (سەیدمحەمەدسادقی حوسێنی)

ئـــاخ کەس نـــیە بـــۆ قوربەســـەری دوور لە ویـــلایەت
مەحـــرەم بـــێ لەلای یـــارەوە دەس کـــا بە شـــکایەت
ئەو دەســـیە کە خرخـــاڵی جـــوان کـــردووە، مـــاچ کـــا
دامـــانی گـــرێ و پـــی بڵـــێ ڕۆحـــم بە فـــدایەت
ئەم بولبـــولی خـــوێنین‌دڵە شـــێتی گـــوڵی ڕووتە
غەیـــری ئەمە ئیتـــر نیەتـــی جـــورم و جنـــایەت
بـــاکم نیـــیە حاشـــای بـــێ لە خـــوێنم لە قیـــامەت
پەنـــجە و دەســـی ڕەنگینـــی لەبـــۆ دێـــنمە شـــایەت
یـــاڕەب کەی ئەبـــێ فەســـڵی چنینـــی گـــوڵی وەســـڵی
حـــوزنم وەکـــوو حوســـنی، ســـەری دەرچـــووگە لە غـــایەت

# باغی سێوان

## نالی

له دوگـــمەی ســـوخمه دوێنـــێ نـــوێژی شـــێوان
بەیـــــانی دا ســـــفیدەی بــــاغی ســــێوان
له خەوفـــــی تەلعەتــــی ڕۆژ هەروەکــــوو شـــێت
به ڕووزەردی هەڵات و کەوته کێـــــــــــــــوان
دوو چـــــاوی مــــن کەوا کەیلــــی سوروشــــکن
دەپێـــــون ئـــــاوی بەحـــــری خـــوێ به پێـــوان
مەکەن لـــــۆمەی پەشـــێویی دڵ که ئەمشــــــەو
پەشـــــــــێواوە لەبەر پەرچەم پەشــــــــــێوان
شـــــەرابی لەعلــــــی ڕوممــــــانی له "نـــــالی"
حەرامه، بـــــێ مەزەی مــــــاچێکی لێــــــوان

# دڵ ئەستێن

## هاوار (عەلی حەسەنیانی)

شــارێ دیلــی تــۆیه ئیــدی دڵڕفێنیــت بــۆ چیــیه؟
لاده چارشــێوی ڕەشــت، ڕازی نهێنیــت بــۆ چیــیه؟
دڵســــــتێنی گەر دەکەی وردی مەکه، نـــــازداره دڵ
دڵڕفــێن! تــۆ دڵشــکێنی! دڵســتێنیت بــۆ چیــیه؟

# موچڕکی تاسە

## کاکەی فەللاح

دیـــارە تـــۆ پەریـــزادە و فریشـــتەی نـــاو نـــزاری
بـــۆیە ژیـــر و بەبیـــر و جوانچـــاک و بەهـــرەداری
لەئاســـمانی ڕەوشـــت و خـــووی دڵگیـــر و پەســـندا
ئەســـــتێرەی گەلاوێـــــژی پیـــــرۆزی ورشـــــەداری
لە بـــاخی خۆشەویســـتی نـــاخی دڵ و دەروونـــا
گـــوڵێکی تـــا ســـەر گەش و تـــازە پشـــکووتوو دیـــاری
مـــن دڵـــی خـــۆمم ئەدی لە گۆشـــەی مەینەتیـــدا
بەختـی خەواڵـوو شـێوەی تـۆی چـۆن هێنـا بە دیـاری؟
هەردوو پێـــی خـــۆمم ئەدی لەنـــاو تەوقـــی گرانـــا
خۆشـــیت بـــاران بەســـەرما وەک شـــەونمی بەهـــاری
لەشـــم لە نـــاو قەفەزدا وەکـــوو بلبـــل ئەگریـــا
گیـــانم کە تـــۆی دی، فـــڕی بە بـــاڵی بەختیـــاری
دۆزەخ بـــوو جـــێگەم تەنهـــا هەر بەنـــاو هـــێلانە بـــوو
بەهەشـــتێکت پـــێ بەخشـــیم، فریشـــتەی کـــوردەواری
بە چەشـــنێ ســـۆزی دەروون تـــۆی دی کەوتە بڵێســـە
کـــز بـــێ ڕۆژێ لە ڕۆژان بـــۆ مـــن دەردێـــکە کـــاری
هەرچەنـــدە دێـــتە یـــادم، مـــوچڕکی ســـۆز و تاســـەم
هـــاوار ئەکـــا پـــڕ بەدەم هەر بـــژی یادگـــاری

# بڕوانە چۆنم بۆت

## مەحوی

به دەم مەوجـی خـوێنی ئەشـكەوەم، بـڕوانه چـۆنم بـۆت!
دەروونـم كەیلـی زووخـی دەرد و غەم، بـڕوانه چـۆنم بـۆت!
رەقیبی سەگ حەزی بوو، كوشتمت، سەیری كه چۆنی بۆم
دوعـا بـۆ دەسـت و تێغـت مـن دەكەم، بـڕوانه چـۆنم بـۆت!
به غەدداری نەوەك نـاوت بەرن، بمئەنجنـی، قەت مـن
شـكاتی جەوری تـۆ بەر كەس دەبەم؟ بـڕوانه چـۆنم بـۆت!
هەناسـەی ئـاگرینم بـردەوە بەر، تـا دەروونـم سـووت
به نـاڵه تـا دڵـت سـەخڵەت نەدەم، بـڕوانه چـۆنم بـۆت!
بیـانوو بگـرە، شـێوەی خـۆت بشـێوێنه به مـن كوشـتن
وەهـا چـاوی بەدت لـێ لادەدەم، بـڕوانه چـۆنم بـۆت!
به ئـاوی گـریه هەردەم نـاوی چـاوم ششـتووە، نەك جێـت
به خـوێن ئاغیشـته بێ، تـۆ، چـاوەكەم، بـڕوانه چـۆنم بـۆت!
غەمـی خۆشـی نـیه «مەحـوی» له دڵیـا، هەر غەمـی تـۆیه
له عیشـقتدا دەكەم غەم بـۆ بەغەم، بـڕوانه چـۆنم بـۆت!

# چوارینە

## ناسر ئاغابرا

هەتـا مـاوم له سـووچی جـێ ژوانێم
غـولامی گـوێ له ئەمـری میهرەبـانێم
زەمـانه تـاجی بەفریشـم له سـەرنێ
مەحـاڵه عیشـق و دڵـداری وەلانـێم

# هیجران بەسە

## حەقیقی

دەردی دووری زۆر گـــرانە دڵـــبەرا هیجـــران بەســـە
دڵ وەکـــوو پەروانە ســـووتا چـــاوەکەم ســـووتان بەســـە
عـــاقڵان شـــەیدا دەبـــن، ڕووبەنـــدی ســـەر ڕوو لامەدە
عاشـقان کوشـتەی جەفـاتن، قەتڵـی مەزلوومـان بەسـە
مـورغی دڵ پابەنـدی دانە و داوی خـاڵە و زوڵفـی خـاو
گیـــری بەنـــدیخانە تـــا کەی داوی بـــێ ئامـــان بەســـە
هەرچـی بووم بـردی بە تاڵان تـورکی مەستی چاوەکەت
تـــاقەت و ســـەبر و قەرارم پێنەمـــا، تـــاڵان بەســـە
شـــاهیدم فرمێســـکی خـــوێنینە کە تـــۆ جەرگـــت بـــڕیم
عاشـــقی ڕووتـــم ئەگەر تەقســـیرە گەر تـــاوان بەســـە
ئێسـتەکەش مەجنـون و لەیلـێ هەن لە عەسـری تـازەدا
شـێت و سـەرگەردانی تـۆم،حەیرانی تـۆم، حیرمـان بەسـە
گەنجـی عیشـقت پـڕ بە وێـرانەی دڵە و مـن پـێم کەمە
تـا زیـاد بـێ چـاوەڕێی دیشـم، مەڵـێ ئیحسـان بەسـە
گەر قسـەی عیشـقی گـوڵ و بولبـول لەلات ئەفسـانەیە
تـۆ گـوڵی خەنـدان و ئەمنـیش بولبـولی گریـان، بەسـە
ئـــاورت بەردا دڵ و گیـــانی "حەقیقـــی" چـــاوەکەم
دەردی بێدرمـــانە عیشـــقت دەردی بێدەرمـــان بەســـە

# بۆم بکەن کارێ

## کوردی و شێخڕەزا

دڵـی بـردم بە نـاز و عیشـوە دیسـان شـۆخی عەییـارێ
فریبی دام بە سیحری چاوی خۆی، مەحبووبی سەحارێ
لە هیجرانـا تەقـم کـرد، ئەی ڕەفیقـان! کـوا مەدەدکـارێ؟
(ئەمـان مـردم عیلاجـێ، سـا لە ڕێـی پێغەمـبەرا چـارێ
ویسال، یا قەتڵ، یا تەسکین، لە هەرسێ بۆم بکەن کارێ)
بە دەوری نێرگسـی مەسـتی کەسـێ نەیمـاوە مەیلـی مەی
لە بـۆ شـەهدی لەبـی لەعلـی دەنـاڵێنێ دڵـم وەک نەی
لە تـابی ئاتەشـی عەشـقی بـکەم داد و فیغـان تـا کەی؟
(ئەوەنـد سـووتاوم ئەسـڵەن تـابی فەریـادم نەمـا سـادەی
ڕەفیقــان نیــوە ســووتن، ئێــوە نــامەرد، عەرزە هــاوارێ)
لە ڕێــگەی عەشــقدا نایــانە پــێم زنجیــری مەجنــوونی
لە دەسـتم چـوو ڕومـووزی دانـش و فەهمـی فەلاتـوونی
وەکـوو شەخسـێ کە زاری کـا لە جەوری دوژمنـی خـوونی
(لە کونجی سینە دەنگی ئای و ئۆی دڵ دێ بە مەحزوونی
وێـران بـێ نەمـدی سـاتێ لێـی نەیـێ نـاڵەی برینـدارێ)
کە چـاوی سـاحیری دەسـتی بە غەمـزە و نـاز و ئیمـا کـرد
مەتـاعی عەقـڵ و هـۆش و دەرکمـی تـاراج و یەغمـا کـرد
کەسـێ نەیگـوت درێغـا کـێ ئەتـۆی وا شـێت و شـەیدا کـرد
(ئەلای هەرکەس دەچم مەنعم دەکا، خۆت بۆچی ڕسوا کرد

دریێــغ کــوا حــاڵزانــیٚ؟ ڕەببــی تووشــم بێنــی بیمــاریٚ)
گوتم وەک سورمەیە بۆ چاوی عاشق خاکەکەی ژێر پێت
لە ئولکەی حوسندا گەر لافی شاهی لیٚ بدەی لێت دێت
گوتی مەیخانە بیٚ دایم - بە یادی چاوی مەستم - جێت
(ســەبا! یــارانی مەجلــیس گەر هەواڵــی مــن بپرســن لێــت
بڵــیٚ کێشــاویەتە مەیخــانە چــاوی بێچــووە عەییــاریٚ)
سەری جەنگی هەیە داییم لەگەڵ من چەرخی دوونپەروەر
نە بەخــتم یــار، نە چەرخــم یــاوەر و نە تــالعم ڕەهــبەر
ئەوەند بیٚ ڕەحم و ساحیب کینەیە دەرحەق بە من دڵبەر
(لە نەزعا پێی ئەڵێم، قوربان جەفا بەسیە، دەڵیٚ کافر!
ئەریٚ چیت دیگە تۆ سەگمەرگ، کارم ماوە پێت جاریٚ)

## بەهانە

### عەلی محەمەدزادە (پشکۆ)

ببـــــــووره گەر شـــــــێعر نـــــــاڵێم
لە وەســـــــفی هەتـــــاوی ڕووتـــــــا
هێنـــــدەم شـــــێعری ئـــــاورین نووســــی
هەتـــــــا دەفـــــــتەرەکەم ســــــــووتا

# لەگەڵما بە

## عەبدوڵڵا پەشێو

گیانەکەم! گەر ژینت ئەوێ، لەگەڵما بە
گەر ئەتەوێ، دەست لانەچێ، لەگەردنا
لە گەڵمابە... با هەرپشتم پێت ئەستوور بێ
لە بەهاری، ژینی شادی و لە مردنا
لە گەڵمابە... گەر هات و ڕۆژێ لە ڕۆژان
بوو بە تانە، تفم لە چاوی دوژمنا!
لە گەڵمابە... گەر پەتی سێدارە وتی
«کڕنۆش بەرە، ناتخنکێنم!»، قیژاندم، نا!

لە گەڵمابە... لە پیادەییم، ڕوو بە ئاسۆ
لە بێداری و لە ئارەقەی ڕەش ڕشتنا
لە گەڵمابە... پێکڕا بچین، خۆر دەربێنین
لە ناو گۆمی تاریکی و هەوری چڵکنا!
ئەو ڕۆژە چوو، کە بتچێنم... بۆ ئەوەی شەو
بتدۆزمەوە، لە ناو پێخەفی نووستنا!

لە گەڵمابە... خۆ تا ئەمڕۆ لە گەڵما بووی
لە پێمەلەی دەریای ئازادی بێ بنا
لەگەڵمابە.. سویندیش ئەخۆم،گەر ماندووبیت
یا کۆڵ بدەیت، لە ڕووی هەوراز سەرکەوتنا
جێت ئەهێڵم دەست هەڵئەگرم لە گەردنت،
من چۆن کاروان جێ ئەهێڵم لە ڕێی ژنا؟!

# بێ‌تۆ

ئەحمەد بوداغی

وەرە باغەوانی باغی ژینم | وەرە سارێژکەرەوەی برینم
وەرە بۆ دیتنت زۆر بە تاسەم | وەرە با نەتسووتێنێ هەناسەم
خەم پوورەی‌دا لە سەرم وەکوو هەنگ | وەرە تاکەی بسووتێم نەکەم دەنگ
وەرە بیرێ با لە ژین کەینەوە | با ئاورێ بۆ دوایە دەینەوە
وەرە شنەی بەهار و فەسڵی گوڵ | وەرە بۆ تۆ بەیان کەم دەردی دڵ
بێ تۆ من ساڵێکی بێ بەهارم | گەرووی وشکی کانی و مەزرا و بنارم
پووشی پرووکاوی ملە و یاڵم | ڕووباری بێ‌ئاوی وشکەساڵم
بێ تۆ زستانێکی ساردوسڕم | بێ تۆ کوانووی کوژاوەی بێ گڕم
بێ تۆ ڕەنگی زەردی پاییزانم | بێ تۆ دوور لە هەرچی ئازیزانم
گوڵی سووری پەڕپەڕی بابردووم | تەمەنی بێ‌ئاکامی ڕابردووم
ماڵی سارد و سڕی هەژارانم | فرمێسکی سەر کوڵمی لێو بەبارانم
گوڵی پێشێل کراوی چیمەنم | چیای سەر بە تەمی نێو دیمەنم
فرمێسکی ڕژاوی سارد و سڕم | تاشە سەهۆڵی نێو ئاگر و گڕم
کانی زوڵاڵی خنکاوی کوردم | لێڕی وڵاتی سووتاوی کوردم
پیری بێکەسی شاری سووتاوم | هەڵەبجەی خنکاوی نوقمی خوێناوم
بەرخی نێو چنگی چوار گورگی ڕەشم | هەروا دەرێژن خوێناوی گەشم
بێ تۆ دەشتی کەویری بێ گیام | ئەبینم تۆ ئەبینم دڵنیام

# داخی دووری

## عەلی گوڵی

داخـــی دووری دایـــمە زامـــی دڵ وەســـۆ دێنێـــتەوە
دڵ بە وێـنەی شـەم بە یـادی تیشـکی ڕووت دەتـوێتەوە
یـــا بە وێـــنەی خونچەیێـــک وا گێژەبـــا دەڕنـــێ قـــژی
وەک گەڵای زەردێ کەوا دەســـــتی لە دار بـــــووبێتەوە
یـا وەکـوو ماسـی کە گـۆمی ئـارەزووی لـێ لێـڵ ئەکەن
یـــا وەکـــوو کارمـــامزێ وا هەڵـــوەدا دەخـــولێتەوە
یا وەکوو ئەییـووب کە جەسـتەی کرمـی تێدا بێ هەمـوو
جەسـتە خەسـتە و بـێکەس هەردەم بێتەبیـب بتلێـتەوە
یا وەکـوو یاقووب لەتاو گۆشـەی جگەر کوێر بـوو چەمـی
قاســـیدێک نـــایە شـــیفای چـــاوی لەبـــۆ بێنێـــتەوە
یـــا وەکـــوو «دێـــوانە»ئاســـایی لە دوای کـــۆچ و هەوار
هەڵکـــزێ وەک شـــەم، بە شـــێعری شـــەم بلاوێنێـــتەوە
وا«گـوڵی»ش هەردەم لە دووری تـۆ لەگەڵ ژان و خەمـا
شـــەو بە لای‌لایەی شـــێعر ملـــوێنکی خەم دەگـــرێتەوە

# یادت بەخێر

## سەیفولقوزات

یـــــادم بـــــۆ نـــــاکەی یـــــادت بەخێـــــر بـــــێ
وەعـــــدەی زوو هـــــاتن وەخـــــتە زۆر دێـــــر بـــــێ
هێنـــــدەم تەماشـــــای ڕێـــــی هاتنـــــت کـــــرد
چـــاو خێـــل بـــوون لەســـەر ســـەربان و ســـەرگرد

# هانی هەڵبەست

## عەلی سەلیمی (پەشێو)

خۆشەویسـتم تـۆ گـوڵی سـوور و گـوڵی نـازی منـی
وا لە تـۆی پەردەی دڵمـدا تێکەڵـی ڕازی منـی
هـانی هەڵبەسـت و مەقـامن پێکەنینێکـی ئەتـۆ
کـۆکی مـایەی ئەسـفەهان و زایەڵەی سـازی منـی
ئەو دەمەی هەسـتم دەتـۆرێنێ خەمێکـی نالەبـار
شـێعری پـاراوی ئەویـن و نـۆتی ئـاوازی منـی
رایەڵـی تەونـی پەژارەم بیتەنـێ دەرکـی پەسـیو
تـۆ بەرۆکـت ئـاوەڵایە و باوەشـی وازی منـی
شـەو گـوڵی نەشـمیلی بەژنـت دێـتە ئـامێزی خەیـاڵ
بـۆنی شـەوبۆی سـەر سـەرینە و بـووکی دڵخـوازی منـی
خێـزەرەی لاپـاڵی ئاسـۆ لـێم بخنکێنـێ پشـوو
سـێبەری داری هومێـدی ژینـی هەورازی منـی
مـن بە سـووڕ و قەڵـپەزەی ڕووبـاری سـەخڵەت نـاکەوم
تـا ئەتـۆ هێـزی دەمـار و هەڵـمەت و هـازی منـی
گەر گـوڵی زەردی «پەشـێو»ی پەڕپەڕی کـردی خەزان
«خۆشەویسـتم تـۆ گـوڵی سـوور و گـوڵی نـازی منـی»

# هەتاوەکەم

## ئەمین گەردیگلانی

کە تیشــکی ڕووت هەتــاوەکەم لە ژینــی مــن نەدیــوە!
خەیــاڵ و بیــر و هەســت و پەنــجەم و دڵــم تەزیــوە!
کە بێــی شــەپۆلی تیشــکی مــاچ لە کــوڵمی کێــو بســاوی
دەنەخشــێ بەژنــی بەرزی کەژ، بە زەمــبەر و زریــوە!
شــەلاڵی بــۆنی شــەو بــوون ئەوی وشــەی غەزەلــمە
وەتــی لە بیــرمە چــونکە ڕۆژی ڕۆشــنم نەدیــوە
ڕەشــاوی نــاخی شــەو ڕژا بە ســەر نیگــای بەیانــا
کەوا تەوژمــی مــژ لەشــی ســڕی زەویــی تەنیــوە؟!
لە نێــو هەنــاوی دووکەڵا پشــوو دەدا، بڵێســە
کە دێــتە دەر، ڕمــی چەمــی لە جەرگــی شــەو چەقیــوە
هەتــاوەکەم! وەتــی نیگــات لە گــۆڕی نووتەکــایە
شــەوانە خەونــی ڕووگەشــم بە چــاوی تــۆوە دیــوە!
هەتــاکوو ئەو دەمەی کە نــزگەرەی مەرگ دەدا شــەو
هەمیشــە چــاوی چــاوەڕێم لە ڕێــی بەیــان بڕیــوە
پڕیشــکە شــەونمێ کە شــەو لە ڕووی خەیــاڵم ئەپــژێ،
لە لێــوی گوڵوشــەی گەش و تەڕی ئەویــن وەریــوە

# گۆمی خوێن

**هێمن**

عەزیـــــزم بـــۆچی تـــۆراوی لەخـــۆڕا؟
چ قەومـــاوە؟ دڵـــی تـــۆ بـــۆچی گـــۆڕا؟
ئەتـــۆ وا زوو لەبیـــرت کـــردم ئەممـــا
فەرامۆشـــت نەکەم شـــەرتە لە گـــۆڕا
لە مـــنڕا خـــۆ خەتـــایەک ڕووی نەداوە
ئەدی بێمەیلـــی بـــۆ ڕووی دا لە تـــۆڕا؟
ئەســـیری کەزیەتە کـــۆتری دڵـــی مـــن
دەبـــێ حـــاڵی چ بـــێ کـــۆتر لە تـــۆڕا؟
ســـەر و مـــاڵ و کەمـــاڵ و بیـــر و هۆشـــم
لە نەردی عیشـــقی تـــۆدا پـــاکی دۆڕا
لە چـــاوم دێ بەخـــوڕ فرمێســـکی خـــۆینین
کەچـــی ئەم گـــۆمە خـــۆینە هەڵنەچـــۆڕا
مـــن و لاشـــەی پەپـــوولە مـــاینەوە و بەس
شـــەوی دووری، شـــەمیش تـــواوە لە کـــۆڕا

# شیوی ناو مەمان

**هەژار**

لەگەڵ تـــــۆدا کەســـــێکی دەمدەمـــــانە
چ کـــارێکی بە خۆشـــــی پـــاش نەمـــانە؟
مەی و کەوســـــەر لە گۆشـــەی لێـــوی ئـــاڵە
بەهەشـــتی خـــۆش لە شـــیوی نـــاو مەمـــانە

# تێمیسکە

**راوچی** (مەلاکەریم سارەدەکوێستان)

گـــــولّم! تەیـــــری تەلانـــــی بێبژیـــــوی؟
لە دەس داڵــــــی خەیـــــاڵی دژ ڕەویـــــوی؟
لە پـــــارێزی گـــــزەی شـــــێعرم دەترســـــی؟
کەوا تێمیســـــکە ســـــەر لێـــــوی گەزیـــــوی؟
کچـــــی کـــــوردی هەرێمـــــی، یـــــا فریشـــــتەی
لە نێـــــو عەرشـــــی خوداییـــــدا فڕیـــــوی؟
تـــــکەی ئیلهـــــامی ئـــــاونگی ئەوینـــــی
لەســـــەر پەلکـــــی گـــــوڵی شـــــێعرم وەریـــــوی؟
بە ڕەش گیـــــراوە ڕۆژی ڕوونـــــی بەخـــــتم
کەوا چارشـــــێوی ڕەش دەوری تەنیـــــوی
بە هەڵوێســـــتی شـــــل و شـــــەرمن دیـــــاری
پەپـــــوولەی بـــــاخە کـــــوردێکی هەتیـــــوی
لە مێـــــژە دڵ بە دووتـــــا دێ دەزانـــــم
لە نێـــــو هەســـــتێکی ناســـــک دابەزیـــــوی
هەلە و دەســـــتم لە ئەســـــتۆ کە، هەتـــــا کەی
لە نێـــــو تەبعـــــی تەڕی «راوچـــــی» خزیـــــوی؟

# جەغەتووی فرمێسک

## بۆران (نادر نیروومەند)

ئەرخەوان‌ســـووری بەهـــارە جەغەتـــووی فرمێســـکم
ئەوی ســـامانی مە بـــوو بـــردی هەمـــووی فرمێســـکم
ژیلەمـــــۆی دۆژەهـــــی بێــــــدەنگی دەروونە دڵەکەم
تــــاقە هانـــــای مەیە هــــاواری گەرووی فرمێســـــکم
چـــاوی یـــادت کە لە ســـەر لانکـــی دڵـــم خەونـــی زڕا
نەبـــوو کەڵکـــی، هەچـــی داپۆشـــی پەتـــووی فرمێســـکم
شـــەوی مەش چـــاوی ڕەشـــی کـــاڵەوە بـــوو زانیبـــام
تاریـــــــکوڕوونی دڵاوا بـــــــوو دەرووی فرمێســـــــکم
شـــەرح و تەفســـیری مەعـــانی لە ســـەر ئایـــاتی دڵە
بـــۆیە تـــا بـــوومە زمـــان، لاڵە دەڕووی فرمێســـــکم
روح لە مەزراکەی ئەویـــن مـــانوو بـــوو تـــا هـــاتە دەســـم
ســـکڵی یـــاقووتی دڵ و گەوهەری فـــووی فرمێســـکم
کەس وەکـــوو مـــن بە وەفـــای عیشـــقەوە ڕِســـوا نەژیـــا
ئەی فەلەک بەردی جەفـــا مەگـــرە ســـەبووی فرمێســـکم
بـــاخی ئـــاواتم هەچـــی تووشـــی سیاســـاڵی دەبـــێ
مـــوعجیزەی پـــاکی مەســـیحاییە هـــووی فرمێســـکم
نوخشـــە داهـــات و لە تەنگـــانە بەڕێ بـــووی بـــۆران
بەرهەمـــت گرتـــی لە ســـایەی بنەتـــووی فرمێســـکم

# تا دڵم هێلانە بێ

## سەلاح نیساری

زۆر لە مێــــژە چـــاوەڕێم هێـــزی هەنـــاوم بێـــتەوە
تـــۆز و ژەنگـــی ســـاڵەهای ســـاڵم لە دڵ بســـڕێتەوە
بـێ وچـان چێـو و کڵـۆ و بەردی لە سـەر ڕێ لادەبەم
نەک لە پێیـــدا دڕک و پێکـــۆڵ قـــامەتی بشـــکێتەوە
داخەکەم ڕۆژێ بە کـــاڵی گەســـتوومە لێـــو و چەنەی
ئێســـــتەکانێش جاروبـــــارە زامـــــی دڵ دەکـــــولێتەوە
دەستی خۆم بوو دەسکەنەی کرد ڕاحەتی گیان و دڵم
ئەســـتەمە شـــینکەی ژیـــانم جـــارێ تـــر بـــڕوێتەوە
دەبـــمە پـــرد و بەردەبـــازی شـــۆڕە ســـواری ئـــارەزووم
دەنگـی پێـی گەر بـژنەوم سـا ئەو خەمەش دەبـڕێتەوە
بـــۆ چـــمە ژینـــێ کە چـــاوم قەت نەبینـــێ ڕۆژی ڕووی
هەر بە هیـــوای یۆســـفێکم چـــاوەکەم چـــا بێـــتەوە
تـــا دڵـــم هـــێلانە بـــێ بـــۆ هەســـت و ئـــاوات و حەزم
خـــۆری هیـــوام دێـــتە دی خـــونچەی ژیـــان دەکـــرێتەوە

# نەهاتی

## وەفا (عومەر سوڵتانی)

نەهـــــاتی، بــــۆ گوتــــت دێــــم و نەهــــاتی؟
نەهـــــاتی بــــۆیە گرتـــــوومی، نەهـــــاتی
بهاتبـــــایەی گـــــوڵم، هاتـــــت دەهێنـــــا
چ خۆشـــە هـــات، بە نەحـــلەت بـــێ نەهـــاتی!

# ئاور لە ئاور بەرئەبێ

## مەلاکەریمی زاری

دوێ قەراری دا کە بێـــت و مەرحەبـــاییێکم بکـــات
ئـــاوری شـــەوقی لە دڵ بەردا خـــودا بـــۆچی نەهـــات؟
لەم شـــەوی هیجـــرانەدا گەر ڕۆژی ڕوخســـاری نەبـــێ
بێدڵ و چاوێکی وەک مـن پەی بە وەسڵی کەی ئەبات؟
دڵ بە ئوممێـــدی قەدەمبۆســـیت لە ڕێـــدا کەوتـــووە
تـــۆ خـــودا پـــای لـــێ بنـــێ بەڵکـــوو بە ئـــاواتی بگـــات
خۆشـــترە بـــۆ مـــن لە ئـــاوی زینـــدەگانی یەک قســـەت
چـاکترە بـۆ مـن لە مـوڵکی هەردوو عـالەم یەک نیگـات
نـامەوێ ئەو قەلـبە شـەوقی قـامەتی تـۆی تیـا نەبـێ
عـــاجزم لەو قـــاڵبە ڕۆحـــی بە قوربانـــت نەکـــات
ئـــاوری شـــەوقت بلێســـەی بەســـتووە بـــڕوانە لـــێم
ئـــاوری ئـــاهی مـــنە ئـــاور لە ئـــاوڕ بەرئەدات
گیـــانی شـــیرینم چ نەقســـێ ڕوو ئەدا گەر دەفعەیـــێ
عاشـقی شـەمعی جەماڵـت دەی بە دیـدارێ نەجـات
شـــەرحی دووری گەر بـــدەم، ئـــاور لە ئـــاور بەرئەبـــێ
سـۆزی سـینە گەر بـکەم ئیزهـار، ئەسـووتێ کائینـات
لەمهەمـوو زەخـمە کە شمشـێری بـرۆت ئەیکـا لەدڵ
لەمهەمـــوو تیـــرە کە برژانگـــت لە گـــورچیلەی ئەدات
لەمهەمـــوو زەهـــرە کە ســـاقی فیرقەتـــت ئەیـــدا بە دڵ
لەم هەمـوو بێمیهـرییە زوڵفـت لەگەڵ ئـێمەی ئەکـات
غەیـری خـزمەت لەعلی لێـو و خـاڵ و خەنـدەی دڵبەرت
لای کەســـێکی کە مەعـــازەڵڵا ببـــا «زاری» شـــکات

# دەردی ئارەزوومەندی

## وەفایی

شـەرحی دەردی ئارەزوومەنـدی لە کەس تەئسـیری نـابێ
ئەو کەسـە دەردم دەزانـێ گەر لە یـاری خـۆی جـودا بـێ
ئەی بـــرادەر خـــانەوێرانی، جـــودایی بـــۆ «وەفـــایی»
وەک «وەفـایی» ئەی جـودایی یـاخودا خـانەت خەرا بـێ!
غەیری دولبەر دەردی دڵ ناڵێم بە هیچ کەس تا بمێنم
دەردی دڵ بــۆ وەی بڵــێم چــاکە بە دەردم ئاشــنا بــێ
ئــاخر ئەی ســوڵتانی خووبــان! تــا بەکەی نامیهرەبـانی؟
چـاکە مەحـرووومم نەفەرمـووی یـا خیتـابێ یـا عیتـابێ!
ڕۆژ و شـەو بووبوویتە، قوربان! شیوەن و شینی دڵـی مـن
کــاری بولبــول فەســڵی گــوڵ نــاڵینە تــا ئــاهێکی مــابێ
مەنعــی ســووتانم مەفەرمــوو بــا وجــوودی ئەو جەمــاڵە
پیشــەیی پەروانە هەر ســووتانە تــا شــەوقی چــرا بــێ
هەرکەســێکی گوڵفرۆشــە بــاغی پڕجــۆش و خورۆشــە
یـا دەری گـوڵزاری بگـرێ، یـا لە بولبـول بێسـەدا بـێ
بــۆیێ ســەرتاپا گونــاهم، بــۆیێ عاســی و ڕووســیاهم
تــا گەدا شــایانی ڕوحـــم و ئیلتیفــاتی پادشــا بــێ
دوور لە ئەغیـار و ڕەقیبـان عـومری دووسـەد ساڵە دێنـێ
دەست لە دەستی یار و سەحنی باغ و گۆشەی ماهتابێ
ڕەنـــگزەرد و لێوبەبـــار و ئەشـــکبار و بـــێقەرارە،
زۆر پەرێشــانە «وەفــایی»، وەک لە یــاران هەڵبڕابــێ!

## دەلاقە

### ناسر ئاغابرا

مــن و تــۆ وەک دوو دەلاقە ڕووە لە مــاڵی یەک بــووین
گــویٚ لە دەنــگ و وتوویـــژ و دەمەقــاڵی یەک بــووین
هەمـــوو ڕۆژێ بە بـــزەی لێــو و بە پرســـیار و ســـڵاو
هەمـــــوو ڕۆژێ بە قەراری دەمێکــــــی دیـــــاری‌کراو
تەمەن ئـــاوێنەیی جەنـــنەت بـــوو بەڵام ئەی هـــاوار
کەم و کــورت وەک شــەو و ڕۆژی ســەفەر و بەفرانبــار
دڵـــی مـــن ئێســـتە شـــکاو و شـــەکەت و دامـــاوە
چـــونکە لەو جـــووتە دەلاقەی مە، یەکـــی گیـــراوە
نە بە سـیحر و نە بە تەلیسـم و کەڵەکـی مانـگ و خـۆر
تـف و لەعـنەت لە سـەفەر بێ. کە وەهـای کـرد نـاجۆر[١]

## دووبەیتی

### وەفا (عومەر سولتانی)

گــــوتی پردێکـــــی هەڵبەســـتین و بەســـــتم
گـــــوتی مەمکۆڵەکـــانم بمـــــژە، گەســـــتم!
لە لێـــــوی ناســــکی مـــــاچێکی دامــــێ...
کە چەنـــد ســـاڵە لەبەر ئەو مـــاچە مەســـتم

---

[١] (وەرگێڕاوی شیعری مەهدی ئەخەوان‌سالس)

# بەستەی دڵداری

## گۆران

لەژێر ئاسمانی شینا،
لەپاڵ لووتکەی بەفرینا،
کوردستان گەرمێن،
دۆڵاودۆڵ پێوام،
نە لە شار و نە لە دێ
نەمدی کەس
وەک تۆ جوان بێ!
تۆیت و بەس
کچە کوردێک دڵ پێی شاد بێ،
وەک فریشتە و پەریزاد بێ!
***
لەو ڕۆژەوە تۆم دیوە
عەشقێک لە دڵ چەسپیوە!
ساتێ دوور بی لێم،
گڕ بەر ئەبێ تێم!
کە دەست لە یەخەت گیر نابێ!
لەلای کەس
دڵ ژیر نابێ
تۆیت و بەس
پەنای هیوا و خەوبینیم،
ئاواتی گیانی شیرینم!
***
ئەوسا کە تۆم نەدیبوو،
ژینم تاڵی و ترشی بوو
بێ شادی و ئارام،
بێهیوا و ناکام،
ئەژیام ژینی سەرسەری
نەمبوو کەس
بۆ ڕابەری
تۆیت و بەس
ڕێگای هیوا نیشاندەرم،
سەختیی ژیان ئاسانکەرم!
***
قیبلەی ئایین و باوەڕم،
خوای بەهەشتی دڵی تەڕم!
وەک سەرەڕۆی شوێن ئامانج،
نە زازا ما نە کرمانج،
گەڕام کوردستان،
گەرمیان و کوێستان
نە لە شار و نە لە دێ،
نەمدی کەس
وەک تۆ جوان بێ
تۆیت و بەس
کچە کوردێک وەک گوڵ وابێ،
کوردستانی پێ ئاوا بێ!

# یاد

## کامەران موکری

قژی نەرمت، وەکوو تاڵی خۆرەتاو
لەسەر قۆڵ و شانی سپی، پەرش و خاو
نەغمەی شیرینی ئاوازی خۆش لە دەنگا
ورشەی سەرنج، لە ناو چاوێکی مەنگا
خاڵێکی کاڵ، نەخشێکی جوان، لەسەر ڕوو
بەژن و بالآت، وردیلە و ڕێک و هەڵچوو
زەردەخەنەی ئەو ڕووە، هەی ئەو لێوە
فریشتەی هەست، هەی ئەم دڵە بزێوە
وا لێ ئەکات، بێتە سەما و گۆرانی
بیلەرزێنێ تەلی ئاوازی جوانی
درەختەکەی سەر کانێکەی باخی چەم
پێ ئەکەنێ، گەڵای ئەڵێن پڕ بە دەم
لە بیرمانە: مناڵ بووین لەناو باخا
زەردەی دەمتان، ئەدا بە پشتی داخا
تۆ بنوارە، ئەو کانییە نازدارە
ئێستەش وێنەی هەردووکمانی تیا دیارە

# چوارینە

## ناسر ئاغابرا

لەگەڵ بارانی ئەسرینی تکاوم
دڵۆپێک خوێن تکا لە دڵی شکاوم
ئەگەر بمرم بە زامی تۆوە دەمرم
ئەگەر ماوم بە یادی تۆوە ماوم

# هەڵبەستی ڕەنجاو

## گۆران

کەی تۆم دیوە؟ کەی ئەتناسم؟ کەی؟ کەی؟ کەی؟
دڵـداری چـی؟ پەیمـانی چـی؟ حەی! حەی! حەی!
وەک ســـیحرباز هـــاتووی بەنـــدی دەلەســـە
ئەخەیـــتە پـــێم، دیلـــم ئەکەی، نـــا بەســـە!
بەس تەفـــرەم بە، بەس بە ئەفســـوون گـــێلم کە،
بەس کـــوێرم کە، ئەمجـــا دوشمنشـــێلم‌کە!
گـــوێم پـــڕ بـــووە لە ئەفســـانەی دڵـــداری،
بە لەعـــنەت بـــێ زوهـــرەی جـــوانی و عەیـــاری!
عـــومری جـــوانیم لە هـــێلانەی بـــێ‌ڕەنجـــا،
چەن بێ‌تاســـە، چەن ئاســـوودە ئەگونجـــا؟
تـــا ناســـیمت، تـــا خـــۆت هاویشـــتە ســـەر ڕێـــم،
تـــا دێوجـــامەت ڕاگـــرت نیشـــانت دا پـــێم؟
هـــاوار! تـــومەز لەودیـــو پەردەی گوڵگـــوڵین،
لە کـــارابوو! بیـــری بەد، دەســـتی خـــوێنین!
بە لەعـــنەت بـــێ زوهـــرەی جـــوانی سروشـــتی،
دائەفلیقـــــێ هەر دڵـــــێ کەوتە مشـــــتی!

## غەمزەی چاوی مەخمووری

### ناری و تاهیربەگ

بە غەمزەی چاوی مەخمووری سیاهی مەستی مەی کردین
بە ماچی لێوی موستەغنی لە ئەنواعی مەزەی کردین
ترازا بەندی سوخمەی ئاڵی گوڵناری بە ئەهی من
کەچی دەستی لەسەر دانا لە سەیری باخ و بەی کردین
بە هەوری پەرچەم و ئەبرۆ زولف و ڕوخی کە داپۆشی
لە شەوقی ڕویەتی بەردی هیلالی یەکشەوەی کردین
ئەگەرچی کوشتینی خۆ قەبزی ئەرواحی موژگانی
بە قانوونی مەسیحایی لە خەندەی لێوی حەی کردین
عیلاجی دەردی دڵ ناری لە تاهیر بەگ تەمەنناکە
بڵێ ئەمڕۆ گوڵئەندامێ بە تیرێ جەرگی پەی کردین

## دووبەیتی

### وەفا (عومەر سوڵتانی)

دوو چاوانت دەڵێی دەریایە، شینە
پەڕی کوڵمەت وەکوو پشکۆ بەتینە
بە تیرێکی موژەت بمپێکە، ئەمما
بە ماچێ بۆم دەوا کە ئەو برینە!

# پەری

## هێدی (خالید حیسامی)

وردە وردە گـــــڕی تاســــــەت ئەوە دێ دامدەگـــــرێ
منــــــی ڕاگرتــــووە ئەو هەســـــتە، خــــوایە نـــــامرێ
پەردەیـــــی شــــەرم دڕا و هەر نەدرا مـــــاچی دەمـــــی
چەنــــــدی پـــــاڕامەوە مـــــن ئەو نەدڕێ، ئەو بـــــدرێ
مــن هەر ئەودەم کە گــوتم مەســت بــووە چــاوت دیــتم
هەقــی ویــم پــێدەدرێ گەرچــی هەقــی خــۆم دەخــورێ
تــۆ بە ئــاڵقەی کەزی هێنــدە قەدی شووشـــت مەگـــرە
چـــون ئەوینـــداری تـــۆ زنجیـــری دەوێ مەیـــکە زرێ
وەک خەیــاڵ ناســک و وەک بەفــری نــوا نەرم و نــوێی
ئەی بە کــۆیلەت بــێ خەیــاڵی مــن و دانەی بەفــرێ
ســـەیرە پــێم ئەو خـــۆ لە هەڵبەســـتی منـــا دەنـــوێنێ
مەم لەســەر ســینگی ویــیە بــۆ دڵــی مــن بــۆتە گــرێ
ئەوی چــاوی ڕەشــی تــۆ دوێنــێ شــەوێ بە منــی کــرد
قەتـــی ئەو کـــارە بە خەییـــامی نەکـــرد ئـــاوی تـــرێ
ڕێژنــــــی بـــــارانێ لە هەورانەوە ســـــــەیرانی چیـــــیە
وەرە ســـەیرێ کە لە مـــن ســـینگ و بەرۆک دادەخـــرێ

# لەو ڕۆژەوە

## بێخود

لەو ڕۆژەوە ڕۆیشـــتووە تـــۆراوە دڵـــی مـــن
هەرچەن ئەگەڕێـم بێ‌سـەر و شـوێن مـاوە دڵـی مـن
ئـــاخۆ بە چ شـــاخێکەوە گیرســـاوە دڵـــی مـــن
یـــاخود بە چ داخـــێکەوە ســـووتاوە دڵـــی مـــن
***

ئەو هەمــدەمی غەمخــوار و نەدیمــی مــنە یــاڕەب
ئەو مەحرەمـــی ئەســـرار و قەدیمـــی مـــنە یـــاڕەب
ئەو گەوهەری شـــەهوار و یەتیمـــی مـــنە یـــاڕەب
کەوتـــۆتە چ بەحـــرێکەوە، خنکـــاوە دڵـــی مـــن
***

مەجنـــوونی دوو گێســـوویی چ لەیلایـــێکە ئـــاخۆ
یـــا وامیقـــی جـــادوویی چ عەزرایـــێکە ئـــاخۆ
دێـــوانەیی ئـــاهوویی چ ســـەحراییێکە ئـــاخۆ
کـــام چیهـــرەپەری دیـــوە کە ترســـاوە دڵـــی مـــن
***

ئەتلێـــتەوە گـــاهێ بە خەیـــاڵی خەت و خـــاڵی
ئەخـــولێتەوە گـــاهێ بە چـــرای شـــەوقی جەمـــاڵی
نـــازانێ مەگەر چـــۆنە بە دەس دەردەوە حـــاڵی
وەک پـــووش‌وپەڵاشـــێکە بە دەم بـــاوە دڵـــی مـــن
***

لەم چـــۆڵ و بیابـــانە ئەبـــێ یـــاوەری کـــێ بـــێ
یـــا بەو کەژ و کێـــوانەوە سەوداســـەری کـــێ بـــێ
یـا لەت‌لەت و ئەفکاری مـوژەی خەنـجەری کێ بێ
چـــۆن مـــاوە لە ســـەت لاوە کە کـــوژراوە دڵـــی مـــن

# ئەی مانگ

## فایق بێکەس

ئەی مانـگ مـن و تـۆ هەردوو هـاو دەردیـن
هەردوو گرفتـــار یەک ئـــاهی ســـەردین
تـــۆ وێـــڵ و ڕەنـــگ زەرد بە ئاســـمانەوە
منـــــــیش دەربەدەر بە شـــــــارانەوە
دەخـــیلم ئەی مانـــگ قیـــبلەی دڵـــداران
دەرمـــــــانی دەردی دڵەی بیمـــــــاران
شـــەوێکە و ئەمشـــەو بـــگەرە فریـــام
بـــێ یـــار و هـــاودەم عـــاجز و تەنهـــام
دڵزار و بێـــزار پەســـــت و غەمگیـــــنم
گیـــــرۆدەی داوی لەیلـــــی شـــــیرینم
دڵبەنـــدی عەشـــقی ئەو بەڵەک چـــاوەم
شـــێت و شـــەیدای ئەو ئەگـــریجە خـــاوەم
لەوســـــاوە ئەوم کەوتـــــۆتە خەیـــــاڵ
گریـــانە پیشـــەم، بـــوومە کـــۆی زووخـــاڵ
ئەی مانـگ تـۆ شـوعلەی ئەشـقی پیـرۆزی
تـــــۆ نەشئەبەخشـــــی دڵەی بەســـــۆزی
قەســـــەمت ئەدەم بە عەشـــــق و جـــــوانی
بە نەســـــــیمەکەی بەری‌بەیـــــــانی
بەســـەرهاتی خـــۆت بـــۆ مـــن بەیـــان‌کە
دەردی گـــــرانم نەختـــــێ ئاســـــان‌کە
ئەی مانـگ ئەوەنـدە سـەیری دنیـات کـرد
ســـەیری نیفـــاق و زوڵـــم و زینـــات کـــرد
ئەوا بەم ڕەنـــــگە کـــــاری لێ‌کـــــردی
ڕەنـــگ و شـــعووری بەجـــارێ بـــردی

# ژیانی من

## کەیفی

ژیــانی مــن بەبــێ تــۆ چــاوەکەم قوربــانی مــردن بــێ
پیــاڵەی عەیشــەکەی مــن دوور لە بــاڵاکەت ســەروبن بــێ
لە دووری تـــۆ هەمیشـــە بـــۆیە وەک بلبـــل دەنـــاڵێنم
وەکـــوو قـــومری تەوقـــی وەفـــاتم هەر لە گەردن بـــێ
کە چـونکە داخـی دووریـت نـا بە جەرگـمدا ئەگەر مـردم
ئەبــێ ئەو داخە هەر بــۆ یادگــاری تــۆ لە لای مــن بــێ
بە نـــاڵەی پـــڕ لە ئەفغـــان و بە هـــاواری حەزینمـــدا
بە قوربانی دڵ لە دووریتدا وەکوو نەی ڕەنگە کون‌کون بێ
شــەماڵ بێنــێ مەگەر بــۆنێ لە خــاکی مەقــدەمی یــارم
دڵـــی زارم ئەگینـــا زەحـــمەتە بەم ڕەنـــگە ســـاکن بـــێ
مەڵـــێ کەیفـــی ئەمەنـــدە بێوەفـــایە مەیلـــی کەم کـــردم
ئەگەر مەیلـت لە دڵ کەم کـا، زەلیلـی دەسـتی دوژمـن بـم

# چوارینە

## ناسر ئاغابرا

هەتـــاکەی ســـیس و ژاکـــاوی ژیـــانی
هەتـاکەی مـات و خەمخـۆری جیهـانی
ژیـــان مەیـــدانی مەردی نـــوکتەزانە
نەهـاتووی خەم بخـۆی، هـاتووی بزانـی

# ئەم پەرچەم و ئەگریجە

## سافی هیرانی

ئەم پەرچەم و ئەگــریجە هەمــوو دوژمنــی دیــنە
ئەو زولـف و ڕوخەت ئـافەتی سـەر ڕوویـی زەمیـنە
عەشــقت لە دڵــم ســابیتە نەک عــارزە قوربــان
وەک تــوڕەیی شــاهان کە لەســەر لێــوی نگیــنە
دڵ بــۆتە کەبــاب بــۆ مــوژەی دیــدەی مەســتت
قوربــــان لەوە مەعلــــوومە کە لێــــوت نمەکیــــنە
غەرقـــم کە بە دایـــم لەبەر ســـێڵاوی سروشـــکم
بــێ لەعلــی لەبــت نــابێ نەجــاتم بە ســـەفینە
بێعــارە دڵــم چەنــدە جەفــای دەی حەقە، ئەممــا
بــێڕەحمە گــوڵم چــونکە ڕەقیــب وا لە کەمیــنە
ســـافی خـــاکی دەری تـــۆ دوورە بە قوربـــانی
ســەگمەرگــی نەبــێ هێنــدە چلــۆن قــابیلی ژیــنە

# چوارینە

## ناسر ئاغابرا

لەبەرچــی ئــاە و ئەســرین هەڵــوەرێنم
بەهیــوا نــیم هەتــا قیــامەت بمێــنم
مەبەســـتم وا نیـــیە نەمبـــێ پەژارە
هەمە و گــوێی نــادەمێ، دڵ نــامرێنم

# رۆژێ نەبوو

## شێخ ڕەزا

رۆژێ نەبــوو ئەم دولــبەرە بــێ‌ڕەحمــێ وەفــا کــا
جــارێ نەبــوو ئەم کــافرە شــەرمێ لە خــودا کــا
حەیـــرانن ئەتیببـــا لە عیلاجـــی مەرەزی مـــن
لوقمـــانی ویســـالت مەگەر ئەم دەردە دەواکـــا
کــارێ کە خەم و دەردی فیراقــت بە منــی کــرد
ســـەرما بە هەتیـــو، بـــا بە دەواری شـــڕی ناکـــا
دێـــوانە کەســـێکە کە بەغەیـــری لەبـــی لەعلـــی
وەک شـــاهی ســـکەندەر تەلەبـــی ئـــابی بەقاکـــا
لەم ڕێـــگەیە تەقـــدیری ئەزەل وابـــوو کە ئـــێمە
پامـــاڵی جەفـــا بـــین و ڕەقیـــب ســـەیر و ســـەفاکا
رۆح و دڵ و دیـــن هەرســـێ دەبەخشـــم بە خەڵاتـــی
کــامی دڵـــی مـــن گەر لە لەبـــی لەعلـــی ڕەواکـــا
تــاب و تەبــی ئاتەشــکەدەیی هیجــری وەکــوو شــێت
نەزدیـــکە منـــیش واریـــدی ســـەحرایی فەنـــا کـــا

# کوانێ

## هێمن

کوانێ ئەو پەنجە کە توندی دەگوشی مەمکی تونـد؟
کـوانێ ئەو پێیە کە بۆ ژوانـێ دەچـوو گونـداو گونـد؟
کـوانێ ئەو چـاوە کە هەر جـوانی دەبینـی و چـی‌دی؟
کوانێ ئەو بیرە کە هەڵدەفڕی بەرەو بەرزی و دونـد؟

# کوا هاودەمێ؟

## حافز/ حەقیقی

پڕپــڕە ســینەم لە ژان ئەی داخەکەم بــۆ مەڵحەمــێ
دڵ لە تەنیــایی وەگیــان هــاتووە خــودایە هــاودەمێ
چاوی چاکەی، کێ لە سووڕی چەرخی زووتێپەڕ هەیە
وەمحەســێنە و پیــاڵەییێکم مەی دەیە ســاقی ژەمــێ
هەستە تاکوو دڵ بەوێ توورکی سەمەرقەندی بدەین
واله ســروەی بــۆنی جــۆگەی موولیــانی دێ دەمــێ
حــــاڵی دنیــــایەم لە پیتــــۆڵێکی پرســــی پێکەنــــی
پێــی گــوتم بــڕوانە ئــاخ و داخ و دەردی عــالەمێ
بۆ شەمی شۆخی چەگوڵ سووتام لە نێو چاڵی سەبر
روحمی پێمدا نایە شای تورکان، لە کوێیە ڕۆستەمێ
راحەتــی و خۆشــی لە ڕێــگەی عیشــقبــازیدا بەڵان
دڵ بــڵا بێشــێ بە زامــت گەر بخــوازێ مەڵحەمــێ
میــری نازنــازی لە کــووچەی زیرەکــان ڕێــگەی نیــیە
پێــی دەوێ ڕێبــواری دنیــا دیــو، نەخــاو و بــێ غەمــێ
ئــادەمی لەو عــالەمی خــاکی پەیــا نــابێ، دەبــێ
عــالەمێکی دی دروســت بکرێــت و لە نــوێ ئــادەمێ
نــایەنێ گریــانی حــافز هــیچ لە لای بەحــری ئەویــن
چــونکە حەو دەریــا لە لای ئەو نــانوێنێ شــەونەمێ

# من خەڵکی دنیا نیم

## جەلال مەلەکشاه

مەکە، مە... بــــا یەخەی عەشـــــق بگـــــرم
بــا بگلــێم؟، لە خوێنــا بگەوزێــم، جــا بمــرم
ئەم زامە ناســـۆرە، کەم دەســـتی تـــیوەردە
بـــا هەر داپۆشــــراو بـــێ لە دڵمــــا ئەم دەردە
چـــی خەمـــی دنیـــایە، لە دڵمـــا وەک پـــوورە
گـــاز ئەگـــرن لە ڕۆحـــم، خێڵـــی ژەنگەســـوورە
مەکە، مە... بــا هەر خـــۆم بـــزانم کـــوێم ئێشـــێ
پەتـــایە تـــۆش ئەگـــرێ، بـــڕۆ مەیە پێشـــێ
لەگەڵ هەر وشــــەیەک لە دڵــــم هەڵئەقـــوڵێ
دڵـــۆپێ فرمێســـکە بـــڕوانە چـــۆن ئەکـــوڵێ
وشــــە نـــین ئەمـــانە هەنســـک و هەناســـەن
هەموویـــان غەریـــبن، تـــامەزرۆن بەتاســـەن
مەکە، مە... دەس مەدە لە ڕازی خــــــــودایيم
بـــا نەرمـــێ قەڵاچەی خەڵـــوەتی تەنیـــاییم
بــا نەشـــکێ شــــەقڵی ئەم ئـــازارە شـــیرینە
بـــا نەڕژێ یەکجـــاری ئەم دەریـــا ئەســـرینە
عەشــقێکی پیـــرۆزە بانـــگ ئەکـــا و ڕۆح ئەچـــڕێ
گیـــانم وەک دڵـــۆپێ بـــۆ دەریـــا هەڵئەفـــڕێ
دەریـــایەک پـــاپۆڕی خەمـــی تیـــا نـــوقم بـــێ
بەســـتەڵەک بشـــکێنێ، تـــوێنەری زوقـــم بـــێ
دەریـــــایەک ئـــــارامش ببەخشــــێ بە تاســــەم
بـــۆ ئەبەد بمرێنـــێ هەنســـک و هەناســـەم
مەکە، مە... گیـــانەکەم، ئیتـــر مـــن ڕەوتەنـــیم
دەســـتم لێهەڵبگـــرە، مـــن خەڵکـــی دنیـــا نـــیم

# رازی دڵ

## حەمدی

شـــــوعلەیی ڕۆژی فیـــــراقە ئـــــاگری برژانـــــی دڵ

هەر نەســـیبی دوشـــمنم بـــێ قرچەیـــی بوریـــانی دڵ

دڵشـــــکاوم، فرســـــەتە قـــابیز! بکێشــــە ئێســـــتە ڕۆح

فەرقـــی پێنـــاکەم ئەگەر بمـــرم لە هەوڵـــی ژانـــی دڵ

نـــاوی عەشـــق ئەرز و ســـەمای هێنـــاوەتە لەرز و ســـەما

بـــووەتە جـــاڕووکەش کەچـــی بـــۆ کـــولبەیی وێرانـــی دڵ

ڕۆحـــی خاقـــان و دڵـــی فەغفـــوور و مەغـــزی قەیســـەرە

ئەم خەمیـــــرە بـــــۆیە غەڕڕایە، نەشـــــئەیی فنجـــانی دڵ

چـــاوی لە برێـــزی سرووشـــکی شـــادییە ساغیرکەشـــی

قەهـــقەهەی مینـــا نەخـــاتە بەرکـــوڵی گریـــانی دڵ

هەر ئومێـــدێکی چرۆیـــی داغـــی هەریەک غـــوونچەیێ

مەجلیســـی ئەربـــابی مەعنـــا بـــاغە وەک زینـــدانی دڵ

میســـلی نەی، شـــێرانی دڵ هەریەک نەوایـــێ لـــێئەدەن

وەک جلووســـی ســـاڵی تـــازەی کردبـــێ ســـوڵتانی دڵ

ئەمـــری ســـوڵتانان هەمـــوو تەکلیـــف و قەیـــد و زەحـــمەتە

تـــووڕەی ئـــازادی و ختـــووتی شـــادییە فەرمـــانی دڵ

دەرکی بێچاو، حیسسی بێدەس سەیری جێپێکەی ئەکا

ئـــافەرم بـــۆ دیـــدەن و بـــۆ حیســـس و بـــۆ ســـەیرانی دڵ

ڕۆحـــی بێئیـــدراک و وێـــڵ و هەرزەگەردم بـــۆچییە

ســـاحیبێ تەمکـــین و دەرکە دەیـــکەمە قوربـــانی دڵ

ڕۆح بە هــاتوچــۆیی ئەو وەک تــووتی چــووەتە قەفەس
بـــۆ فـــڕین ئامـــادەیە وەســـتاوە تـــا وەســـتانی دڵ
ســەیری کەن پــووش و پەڵاشــی ڕوویــی لافــاوی بەهــار
عاشــقی تەمســـیل ئەکـــا کەوتـــۆتە بەر جەریـــانی دڵ
ســـوورەتی هەرچـــی کە چـــاوم دیـــویەتی گرتـــوویەتی
ڕۆژ ئەڵـــێی زیـــزانەیە کەوتـــۆتە ســـەر خەرمـــانی دڵ
میحـــوەری ڕۆحە و ڕەئیســـی هەیئەتـــی بەزمـــی وجـــوود
بـــاوجوودا عەرشـــی ڕەحمـــانە ئەڵـــێن عینـــوانی دڵ
عەشــقە، شــۆرە، ســەوزە، ســوورە، شــینە، عەیشــە شــادییە
فیتنەهـــا گرتـــوویەتی لەم ســـەفحەدا دامـــانی دڵ
ئەو زەمـــانە بـــۆ هەمـــوو دەردێ دەوایـــان دادەنـــا
ئەهلـــی حـــیکمەت دەردیـــان دانـــاوە بـــۆ دەرمـــانی دڵ
(حەمدی) ڕەنگە دڵ پەڕیبێ، دەست لە کاری قەت مەدە
گرتنـــی شـــێتی دەبەخشـــێ، هـــارییە بەردانـــی دڵ

# جوانی ڕەشپۆش

## هێمن

گــوتی ئەی بلــبلە سەرمەســتەکە بــۆ خامۆشــی؟
گــوتم ئەی نۆگــوڵە خۆڕســکەکە کــوا دڵخۆشــی؟
گــوتی ئەی شــاعیرە گەشبیــنەکە بــۆ ڕەشبینــی؟
گــوتم ئەی ناســکە تەڕپۆشــەکە بــۆ ڕەشپۆشــی؟

# عەشق

## حەمدی

ئاشکرای کرد هەموو ئەسرار و خۆی پەنهانە عەشق
پڕ بە کاشانەی وجوودە جانە یا جانانە عەشق
غەرقی مەوجی ئاورنگی گەوهەری عەشقە وجوود
گەوهەری دەریایی لوتفی حەزرەتی یەزدانە عەشق
شەمعی داگیرساوی دەستی عەشقە شەخسی تێگەییو
تێنەگەیویشی بەقەد خۆی چاکیر و سوڵتانە عەشق
بۆ گەڕانی بەزمی عالەم عامیلە سافی سیفەت
ماددەیەکە میسلی مەی، غایەیی هەموو ڕەندانە عەشق
دڵ لەم ئافاتە بە ویسعەت هەر ئەبێ کەمتر نەبێ
بۆیە وەک بەرقێ لەوێدا ئارەزووی جەولانە عەشق
بۆ شەهادەت شەمع و گوڵ، ئەندامیان بۆتە زمان
ئاگری بەرداوەتە دڵ، بلبل و پەروانە عەشق
عەشقی چی، من ئاگرێکی قودرەتم دیوە دەخیل
دڵمی کردۆتە جەهەنەم، نەک بە ئاتەشخانە عەشق
سایقی مەجزووبە لایێ، لایێ قووەی جازیبە
نووری شەوقی عاشیقان و ڕەنگی مەعشووقانە عەشق
بارەگاهی عەشقە جێگەی سەرفرازی (حەمدیا)
موشکیلە ئەمڕۆ و سبەینێ موشکیلی ئاسانە عەشق

# سەیری ئەو دیدەمەستە

## مینەجاف

پێم بڵێ تا کەی لە دووریت دڵ بە ئێش و خەستە بم
چاو بە خوێن و سینە ڕێش و وا برینـدار جەستە بـم
تـاکوو کەی جەرگـم برینـدار بـێ بە ئـێش و نـاڵەوە
هەر لەسەر تاکوو قەدەم مـن زەهری ماران گەستە بـم
چـاوەکەم تـۆ بـی و خـوا وەک قـاتڵان تـاکەی ئەمـن
بەو شـکەنجی پەرچەمـی خـاوت ئەبـێ پابەسـتە بـم
تۆ بڵێی خوا لێت قبووڵ کا ئەم هەموو جەور و جەفا
خورڕەم و دڵخۆش ڕەقیب و مـن زەدەی ئەو شەستە بم
سـا تەرەحـحـومکە بە حـاڵم تـۆ جوانیـت دولـبەرا
بـا بە وەسـڵی قامەتـت ساتێ لە دەس غەم ڕەستە بـم
بۆچ ڕەقیب وەک سەگ نەناڵێ، کەعبە کەچ نابێ ئەگەر
دەفعەیێکیش مـن لە سایەی پەرچەمـی پڕ دەستە بـم
کەیـف و شـەوقی شـەهریاری چـۆن ئەبێ بەو عوشـرەتە
جورعەنۆشـی شـەهدی مـاچی ڕوومەتـی بەرجەسـتە بـم
چی ئەبێ گەر مەرحەمەت کەی دولبەرا ماچێ بە مـن
(مینـە)ئاسـا بـا زەمـانێ مـن بە تـۆ پەیوەسـتە بـم

# نەخۆشی دەردی دووری

## وەفایی

هێند نەخۆشی دەردی دووریم وەختە گیان و دڵ دەرێ
ئاخ نەسیمی سوبحدەم کوا عەرز و حاڵی من بەرێ؟
دەردەدارم، بێزوبانم، بێدڵم، سەوداسەرم
ئاخ لەبۆ دڵمیهرەبانێ، هەمزوبان و هەمسەرێ!
کەس لە حاڵ و سۆز و گریانی من ئاگادار نییە،
ئاخ لەبۆ یەک حاڵزانی دڵ پڕئاو و ئاورێ!
بێشەکەرخەندەی لەبت وەسڵی ڕوخت مومکین نییە
جەننەتم ناوێ هەتا نەمشۆن بە ئاوی کەوسەرێ
پێم بڵێ وەجهی چییە زولفت موقیمی ڕوومەتە؟
خۆ بە شەرعی موستەفا جەننەت بە کافر نادرێ!
با بە ئاخر بێ جەفا، بەو چاوە بیمارەت بڵێ
یا دەوای دەردم کەرەم کا، یا لە دەردم هەڵگرێ؟
کوردمیە ئەفسانەی هەموو بازاڕ و شاران عاقیبەت
ڕووبەخاڵ، گەردنمەراڵ، چاوکاڵ و گێسوو عەنبەرێ
مەنعی ناڵینم مەکەن یاران لە دەست موژگانی یار
زۆر بە ئێش و دەردە ڕێشی جێگەنێشی نەشتەرێ
زەحمەتی بێهوودە تاکەی؟ ئەی تەبیبی میهرەبان!
دەردی من دەردێکە بێدەرمانە، چارەی ناکرێ
ماچی سەرتاپای کە دای، فەرمووی «وەفایی» من دەڕۆم
ئەو دەمەت ماوە لە عومرت، هەستە با خۆشڕابرێ!

## چوارینە

### جەلال مەلەکشاە

به کووچەی چارەنووسا ڕادەبووریٚ من لە خەودام و بەدی ناکەم
کوا ئیتر هەمیسان بیٚتەوە بەم کووچەدا من دامەنی بگرم
تۆ خوا ئەی بای شەماڵی ئارەزوو ڕابە، بڕۆ بەو یارە ڕاگەینە
بە فریادم نەگا لەم بەحرەدا ناگەم بە ساحیل، بیٚسەدا ئەمرم

## چوارینە

### ناسر ئاغابرا

لەگەڵ دەرد و خەمان. شەوگار سرەوتم
لە ژانی دەرد و خەم تا ڕۆژ نەخەوتم
لە مەیدانی ژیان هەر هەڵنەهاتم
بە پاڵەستۆی زەمانە قەت نەکەوتم

## ژنی باش

### موفتی پێنجوێنی

گەر خودا بیدا بە چاکی دەوڵەتی شاهانە ژن
نیعمەتێکە وەک بەهەشت و هاودەمی پیاوانە ژن
گەر کەم‌وکووڕیت لە ماڵیشا هەبیٚ باکت نەبیٚ
بۆ کەم‌وکووڕی تەرازووی کۆمەڵی خیٚزانە ژن
باعیسی ئارامی قەلب و مەرهەمی دەرد و برین
بۆ هەموو دەردیٚ دەوابەخشێکە، وەک لوقمانە ژن
بیٚتوو گەر موڵکی کەماڵ و گەنجی حوسنی یەک کەویٚ
گەر دووسەد گەنجی لەسەر دانیٚی ئەڵیٚم هەرزانە ژن

# خەمی زەمانە

## کەماڵی

ساقی لە داخی خەمی زەمانە
دەردم گرانە

دەخیلم هەڵسە زووکە ئازانە
تۆخوا مەردانە

بگەرە فریام یەکجار پەشێوم
زۆر بار بەلێوم

عەوداڵی دەشت و ڕەهندەی کێوم
وا قوڕ ئەپێوم

سوپای غەم و دەرد هێرشی هێنا
ئەمڕۆ تا فەردا

وڵاتی دڵم ئەکا ئیستیلا
کەس چاری ناکا

ساقی گیان! مەگەر تۆ بە پێکی مەی
جەیش و سوپای غەم

بشکێنی ئازا، ڕزگارم بکەی
لە دەرد و ماتەم

بە یادی دیدەی مەستی سێوەنگت
تێکە پێکی مەی

لە شەوقی لێوی ئاڵی گوڵ ڕەنگت
بمدەرێ پەی پەی

دڵەی بە تاڵان براوم قوربان
لە دەست سوپای غەم

بسێنەرەوە توخوا ساقی گیان
تکات لێ ئەکەم

هەرچەندە دڵم بێکەڵکە لای تۆ
ئازیز بزانە

بمێنێ چاکە نەونەمامی نۆ
بۆ تۆ قەڵغانە

دوور ئەخاتەوە لێت دەرد و بەڵا
بە ڕۆژ و بە شەو

بەڵاگەردانی باڵاتە بە خوا
بێ خۆراک و خەو

ئەسووڕێتەوە وەکوو پاسەوان
هەرگیز ناسرەوێ

ئەپاڕێتەوە لە قاپی یەزدان
قەزات لێی کەوێ

کەوابوو ئازیز شەرت و وەفات بێ
ترسی خوات بێ

ڕزگاری بکە با هەر لەلات بێ
عەبدی دەرگات بێ

حەیفە پێت بڵێن کە بێوەفا بوو
چاری نەکرد زوو

بە تاڵان برا دڵەی کۆست کەوتوو
وا لەکیسی چوو

# خۆری زەردەپەڕ

## جەلال مەلەکشاه

نـــاوێرم بانگـــت کەم، شـــوێن دەنگـــم هەڵـــدەگرن
نـــاوت لـــێم زەوت ئەکەن هـــاوارم ســـەر دەبـــڕن
بـــــۆنی دەم دەکەن و بـــــۆ نێـــــو دڵ دەڕوانـــــن
ئەویـــــن و ئـــــازادی هەردووکیـــــان تـــــاوانن
ئـــاواتم گشـــت مـــردن لە نێـــو ئەم تەلبەنـــدە
مـــــن مـــــاوم و دڵێکـــــی زامـــــدار و گازنـــــدە
دوا گەڵای زەردی بە هەناســـــــەی زریـــــــانم
بەهـــــارم نەدیـــــوە، مـــــن خەڵکـــــی زســـــتانم
راوچـــــی هەر بە بـــــاڕی لە ڕکەی ئـــــاخنیم
خـــــوێنی لە دەمـــــار و ئـــــاوی لە لەش چنـــــیم
بەربینگـــی لـــێ گرتـــووم مـــۆتەی ئەم شـــەوگارە
بـــــۆ هەرلا دەڕوانـــــم وەردیـــــانە و شـــــۆڤارە
بەڵام هەر دەڕووخـــــــێ قەڵاچەی بێـــــــدادی
ئەخەملـــێ وەرزی ژیـــن بە تیشـــکی ئـــازادی
داخەکەم ئەو ڕۆژە بە چـــــاو خـــــۆم نـــــابینم
وەک خـــــــۆری زەردەپەڕ لاواز و بـــــــێتینم
بە کـــامی دڵـــی خـــۆم ســـاتێکم ڕانەبـــرد
لە بـــاخی ژیانـــدا گـــوڵێکم بـــۆن نەکـــرد

# من نەگۆڕاوم

## کەماڵی

من نەگۆڕاوم وەک جاران ماوم     هێز و هەناوم
لە دەردی دووریت دڵ پڕ زووخاوم     بینایی چاوم
شێوەی ڕوخسارت لە دڵ جێ‌گیرە     وەک گوڵ لە گڵدا
بڵێسەی عەشقت هەر بە تەئسیرە     لە پەڕەی دڵدا
عەکسی ڕووت لە ناو بیلبیلەکەی چاو     نەقشە وەک نگین
ناشوریتەوە بە فرمێسک و ئاو     شۆخی مەهجەبین
تا ڕۆژی مەحشەر هەر بەندەی گیانیم     من بێ‌وەفا نیم
مەحوی شێوەی تۆم نازانم، خۆم چیم     بە یادت ئەژیم
بە جەوری فەلەک بە دەردی زەمان     بەخودا ئازیزگیان
لە یادم ناچی مەحبووبی دەوران     یەک دەقیقە و ئان
لەگەڵ خەفەت و دەردی زەمانە     عەشقت ئازانە
وا زۆران ئەگرێ ئازیز بزانە     ئەیخا مەردانە
نایەڵێ خەفەت بگرێ مولکی دڵ     یاری جەبین گوڵ
ئەمین بە کاتێ کە ئەچمە ژێر گڵ     هەر ئەڵێم بە کوڵ
تۆ وا ئەزانیت کە ئەمن گۆڕاوم     وەک جاران ماوم
ئێستاش هەر شێوەت وا لەبەر چاوم     هێز و هەناوم
بە عەشقت ژیام لەسەر ڕووی دونیا     یاری بەوەفا
ئەوساش هەر عەشقت بۆ بەهەشت ئەمبا     بەرەلام ناکا

# دڵداری نوێ

## پشکۆ (مارف بەرزنجی)

لە چـــارەی تـــۆوەیە تـــاریکی دڵ ئێســـتا چراخـــانە
لە جێـــی پەیمـــانە وو جەژنـــانە قوربـــان نیونیگاتـــانە
بە ئـــێمەی گەر ڕەوا بیـــنن، غەریبـــین دڵ برینـــدارین
ڕەهەنـدەی دەسـتی جەوریـن، سـایەتان ئەمـڕۆکە جێمـانە
دەسا فەرموو لە دەست نێین دەستی یەکتر، هاوڕێی چاک بین
دەروون پڕ لە سۆز و دڵ پـڕ کوڵ دەمـار پـڕ خـوێنی مەردانە
ئەزانـــم کەی منـــت دیـــوە لەبەروەی وا پەســـەندم لات
لە پـۆلی پێشـرەوی گەلدا و لە جەنگـی سـەر شـەقامانە
منـیش لەوساوە تـۆم دڵخست کە خـونچەت کردبـوو ئیکلیـل
بە بیسـت و حەوتـی کانوونـا لە پـێش تەرمـی شـەهیدانا
دەمێکـی دیـش لەخـۆ دەرخسـتنێکا چـوویتە سـەر مینـبەر
بە دەنـگ و ڕەنـگ و کـردار چـووی بە دڵمـا قارەمانـانە
ئەوا زانـــیم بنـــاغەی خۆشەویســـتیمانە ئـــازادی
وەکـوو سـەرچاوەیی هەسـت و دروسـتی و بەرزی گیانمـانە
دەبـا عەشـقیش بـڕەنگێنین بە خـوێنی دوو دڵـی ئـازاد
ڕووی خۆ و خاکمان سوور کەیـن لە ڕۆژی جەنگ و مەیـدانا
وەکـوو تەحسـیلی حاسـڵ مەر بڵـێم تەعریفـی ئـازادی
بە سـک تێـر و بە بیـر زانـا و بە دڵ خۆشـنوودی هەمـوانە
بەرەو ئەنجـــام و ســـامان هەمـــوو دانیشـــتوانی ئەرز
لە پیشەســـازی و زانســـت و فەندا بـــۆ هەمـــووانە

# بێتۆ

## کوردی

دەروون زامـــدار و دڵ غەمگیـــنە بـــێ تـــۆ
ســەرم گێــژ و تەنــم بــێ تیــنە بــێ تــۆ
خەوم بـــێ هۆشـــییە، بەرگـــم پەڵاســـە
خــۆراکم خــوێنە، شــادیم شــینە بــێ تــۆ
لە چـــاو ئەشـــک و لە دڵ ئـــاهم کە دەردێ
دەڵێـــی تۆفـــانی بـــا و بـــارینە بـــێ تـــۆ
جێگــام ســەحرایە، وەحشــیم یــار و هــاودەم
دڕک فەرش و کوچـــک بـــاڵینە بـــێ تـــۆ
لە ئەشـــک و ئـــاهی تـــار ئـــاوێنەیی دڵ
جەمـــاڵی زەرد و ڕەش ڕەنگیـــنە بـــێ تـــۆ
کەبـــاب دڵ، خـــۆین مەیە، ســـاقی فیراقـــت
قەدەح چـــاو و مەزەم ئەســـرینە بـــێ تـــۆ
دەروون گـــوڵزار و خـــوێن گـــوڵ، بـــاخەوان دڵ
فوغـــان بولبـــول، جەفـــا پەرژیـــنە بـــێ تـــۆ
ڕەقیـــب ڕووتـــرش و ئەشـــکی دیـــدە ســـوێرە
حەیـــات تەڵـــخ و ئەجەل شـــیرینە بـــێ تـــۆ
ئەوا مـــن بـــووم بە شـــا و ســـوڵتان و والـــی
تـــۆ خـــوا ســـا کـــاکە گیـــانە ژیـــنە بـــێ تـــۆ
لە هاوســـایان لە تـــاو نـــاڵینی "کـــوردی"
دوعـــای مەرگە، لەوێ ئـــامینە بـــێ تـــۆ

# مێشی خاڵت

## ناری

مــــوددەتێکە مــــن گرفتــــارم بەدەس ســــەوداتەوە
بــووم بە داوی چینــی زولــف و پەرچەمــی تاتــاتەوە
مەنعــی قــوللابی مــوژەی نــاکەم لە ڕاکێشــانی دڵ
بــۆ ئەســیری چــاوی مەســتی پــڕخەوی ئەیبــاتەوە؟
ســـەرم دانـــا بە عەزمـــی بەردەبـــازی ڕێـــگەکەت
مەرهەمــی دەردیســـەری مــن وا بە گەردی پــاتەوە
دەپرســی حــاڵی پەروانەی دڵــم دوور بــێ لە ڕووت
وا لە ســـۆزشدا لە ســـایەی شـــەوچرای گۆنـــاتەوە
چاوی خوێنخواری بە خوێنم فێرە، وەک لێوی بە مەی
لێــی گەڕێــن ئێــوە و خــودا ئەو شــۆخە بــا بیخــواتەوە
شــاهی چــاوت مــوڵکی ســەبر و تــاقەتی بــردم بە زۆر
مەســـحەفی ڕووی تـــۆ بەگژیـــاچێ ئەگەر نەمداتەوە
مێشـــی خاڵـــت نـــافڕێ، بەس باوەشـــێنیکە بە نـــاز
چـــونکە پابەنـــدە بە شـــەهدی ڕوومەتـــی زێبـــاتەوە
شـــین و واوەیـــلایە ئاســـاری قیـــامەت هەڵدەســـێ
گــوڵبەدەن ئەمــڕۆ بەرەو مەشــریق ئەگەر لاکەتەوە
لەبشــەکەر فەرمــوو بە زولفــت باوەشــێنی بــا نەکــات
مێشـــی ڕۆحـــم گەر بنیشـــێتۆ بە قەنـــدی چـــاتەوە
خەتتی دەرسی عیشقی (ناری) وەک ڕقوومی خاڵەکەت
وا بە لەوحـــی گەردنـــی بـــێگەردی وەک میـنـــاتەوە

## ڕەقیب

### ئەمین ئوشنۆیی

دڵــم ناپشــکوێ بێتــوو نەبیســم ڕۆژێ مــن نێــوت
ســەروماڵم بە قوربــانی شــەوێکی مــاچی ســەر لێــوت
ئیلاهی، کەی دەبێ سەروی قەدت بگرم لە ئاغووشم
ئیلاهی کەی دەبێ بۆن‌کەم، دوو پستانی وەکوو سێوت
ئەگەر سەبرێ بکەم، لەو دەردی بێ‌دەرمانی تۆ گیانا
دەبێ هەڵوا بخـۆم، جـارێ لە قـۆرەی قـایمەی مێـوت
وەکوو ئاوی حەیاتێ، عـومری تازە بـۆم دەبێ حاسڵ
دەزاری خۆم بنێم من، گەر زەنەخەندانی وەکوو زێوت
بە ئـاوی چـاو و بەرقـی ئـاە و نـاڵە، خـۆم دەسـووتێنم
خـودا تۆفیـق بـدا ئـاخر، خەمـی قورسـی وەکـوو کێـوت
ئەمین فکری جودایی، قەت لە تۆ هەرگیز نەبوو ئەمما
خــودا مــاڵی خراکــاتن، ڕەقیبــی هەر وەکــوو دێــوت

## مانگی نوێ

### کەماڵی

مانگی نوێ بۆیە هەموو شـەو زیاد ئەکا و ئەشـنێتەوە
تــا جەمــاڵی هەروەکــوو ڕووی تــۆ بــڕازێنێتەوە...
کاتێ بوو بە چواردەهەم شـەو تێ‌ئەگا نابێ بە ڕووت
جــا لەداخــا وردە وردە کەم ئەکــا و ئەتــوێتەوە.

# رێژنە

## هێمن

تــۆ بەڵێنــیم پــێ بــدە تــا مــن بەرەو ژوان بــبمەوە
بمــدەیە مــاچێکی تەڕ لەم لێــوە بــا جــوان بــبمەوە
دەستی لەرزۆکـم هەتـا تێیـدایە هێـزی بەی گوشـین
لــێمگەڕێ تــاوێ لە بــاخی ســینە میــوان بــبمەوە
شــەنگەبێری! بســڕەوە فرمێســکی بێشــوانی ئیتــر
رەنــگە هێشــتا لەو چیــا و زۆزانە بــۆ شــوان بــبمەوە
مــن گــوڵی ســەر گــۆڕی ئــاواتی لە مێــژینەم بەڵام
رێــژنێکم لــێ بــدا پــێم وایە بــۆ ڕوان بــبمەوە
شــێخی ســەنعان بــۆ کچــی گــاور لە ئیســلام وەرگەڕا
مــن خەریکــم بــۆ کــچە شــێخێ پەژیــوان بــبمەوە

# چوارینە

## جەلال مەلەکشاه

فەلەک گــورگە و دەخــوا لێمــان پەیــاپەی
ببەســتین کــۆڕێ، بێدەنگــی هەتــا کەی؟
وەرە بــا گــوێی فەلەک کەڕ کەیــن بە بەزمــی
تەقەی مـــاچ و زرەی جـــام و نەوای نەی

# بۆ یاری دێرین

## سەفوەت

لەگەڵ ئەو بەڵــمە ڕیشــە دەس مەکە مــل
کە حـۆری و گـا چلـۆن ئەکـرێن بە هاومـل؟
لەگەڵ ئەو گــــورگنە دان بەردە پیســــە
مەبە تـــۆ هەمنشـــینی ئەی شــــلومل
بە چـــاوی خـــۆم پەری لای دێــو ئەبیــنم
چلــۆن تاریــک نەبــێ چــاو و نەکــا گــل
بە یــادی تــۆوە شــەو خــۆ نــیمە ئــۆقرە
ئەکەم ئەمدیـــو و ئەودیـــو و تەپوتـــل
مەیــانرێژە دوو چـــاوی خـــۆت کەژاڵـــن
لەلام حەیــفە بگـــاتە چـــاوی تـــۆ کـــل
بە شــەو، بـۆیێ لە شــەوبۆی زولفــی تـۆ کەم
ئیتـــر چـــیمە لە ڕێحـــانە و لە ســـونبول
دوو چـــاوی ڕەش کەژاڵـــی دوو ســـتارەت
گەلــێ حەیــفە کە تێکەڵیــان ئەکەی گــڵ
نیـــیە چـــاری دڵـــی مەجنـــوونی لەیـــلا
بە خـــــۆڕایی خەریـــــکە ئیبنونەوفـــــل

# مەراقم لە دڵە

**کۆلیل**

چـــارە نەیهێشـــتووە دەســـتم بە بەهـــارێ بگەیـــێ
کەڵــکەڵەی پــڕ لە گــڕووی تاســە بە یــارێ بگەیــێ
دەســتی ئەو داســە شــکێ، وا درەوی گوڵشــەنی کــرد
تـــووڕەیە و زیـــزە لەوەی بـــاغی هەژارێ بگەیـــێ
روومەتـــی بـــێ ڕەمەقم زەردە، مەراقـــم لە دڵە
تــووری ســینایە ســەرم خــۆزگە بە نــارێ بگەیــێ
چێـــتە پێشـــوازی ســـەری تیـــرەوە چـــاوم ڕەحەتە
نەک بە چـــاوی ســـەحەرا، گەرد و غوبـــارێ بگەیـــێ
ون دەرێ خــوێن لە ڕەگــم، چــی دەچــمە خــۆمەوە مــن
خــوێنە خــوێمە خــوێنەکەم، تــا بەنەیــارێ بگەیــێ
ئــاخر ئەی گیــانی تەماشــای بەزەیــی، کــوا بزەیــێ؟
کـــابە کەچ نـــابێ کە بـــارێ بە هەوارێ بگەیـــێ
چــی دەوێ گەر شــەوێ کۆرپەی سـوبحی ڕووناکی ببێ
شــەقڵی شــەو بشــکێ لە پــڕ، شۆڕەســوارێ بگەیــێ
لەو گـــرێ کـــوێرە دراوە لە دڵـــم ژیـــر و بـــزان
دیــلە، مــاوە، هەروە مــاوە، شــێت و هــارێ بگەیــێ
بـــاوی جـــوامێری بەســـەرچوو وڕ و واقـــن فـــوقەرا
لانـــی کەم بـــۆ تەمەنـــی، چـــاکە پـــلارێ بگەیـــێ
چـــۆکە چـــووکێ بەســـەر ئەو عەرزەوە هێلانـــی نەبـــێ

بـــۆ چڕینـــــی کەمەنـــــی ژینـــــی، تەواریێ بگەیـــێ
کســـپە کســـپی دەمـــی دووری پەڕی کـــردم بە تەمـــام
بـــۆ شـــکۆی دەردی ئەوینبـــازی شـــکاریێ بگەیـــێ
بـــۆیە نـــاڵەم هەیە ئوســـتادی شـــیعر نـــیم و نەیـــم
شـــین و هـــاوارمە، بـــا مەســـت و خومـــاریێ بگەیـــێ
هەر بە ڕۆخی چەمی دەم پڕ لە هەرای سەیلی سرشک
بـــێ پشـــوو پیاســـە دەکەم، بەشـــکە بـــواریێ بگەیـــێ
زووبە ئەی گیـــانی ئەویـــن، ســـینە وەکە بـــێمە پەنـــات
ئـــاوی ئینســـانی بەقـــا، بـــا بە ئەیـــاریێ بگەیـــێ
دڵ بە گۆشـــەی نەزەری ســـووتەدڵان دێـــتەوە حـــاڵ
خـــوێن دەزێـــتە گـــووپی وەک دەنـــکە هەنـــاریێ بگەیـــێ
ڕۆژهەڵاتـــیم و حەقـــی خـــۆمە ئەگەر زوڵفـــی شـــەوار
ڕێ بـــــدا تـــــاوە هەتـــــاویێ بە نســـــاریێ بگەیـــــێ
ناهومێـــــدم مەکە ئەی خـــــاوەنی هیـــــوا، بەهیـــــوام
فێنکـــــاویێ بە دەمـــــی وشـــــکە پـــــواریێ بگەیـــــێ
کـــازیوەش دێـــتەوە، بەو مەرجە کە ڕێـــی پـــێنەگـــرن
دەک لە عاســـمانەوە بـــۆ مـــۆتە شـــەراریێ بگەیـــێ
چـــاوەبرکێ مەکە، ئەســـتێرە لەگەڵ بـــووکی بـــرین
تـــۆ مـــس و نیکلـــی، بـــا هەژدە عەیـــاریێ بگەیـــێ
ئەو گـــڕەی بەربـــووە تـــێم نـــایەوێ داوێنەگـــرێ
بـــا نەکێشـــێ لە ســـەرم شـــۆڵە وو شـــاریێ بگەیـــێ

# خەو و خەیاڵ

**ئەهوەن**

لــێم دەپرســێ جاروبــارێ بــۆچی دایــم عــاجزی
خەنــدە نــابینم لە لێــوت دڵ پەرێشـــان و کــزی
شـــۆخەکەم! تاقـــانەکەم! لەم پرســـیارە دڵگـــرە
زامەکـــان ئەکـــولێنەوە، ســـووتێنەرە وەک ئـــاگرە
چـاوەکەی کارمـامزت وەک جەردە دڵ ئـێمەی دزی
تـازە ئێســتە لـێم دەپرسـی بـۆ پەرێشـان و کـزی؟

# چوارینە

**جەلال مەلەکشاه**

وەرە بــا خــۆش و سەرمەســت ڕابــوێرین
بە مەی وەرزی دڵـــی قـــاقڕ بـــدێرین
تەمەن تەنگـــی ئـــاوا لـــێ هەڵچنیـــوین
وەرە بـــا دوو پیـــاڵەی تـــر بگێـــڕین

# بەخێر بێتەوە

## مەدهۆش

خۆشەویستەکەم ئەگەڕێتەوە
هەر لە ئێستاوە بەخێر بێتەوە
هەر لەو ڕۆژەوە ئەو ڕۆیشتووە
خەو لەم دوو چاوەی من نەکەوتووە
خوایە تۆ بیکەی دنیا خۆشیان بێ
نە خۆڵ بباریێ و نە با و باران بێ
لە چەمی سیروان ئاو هەڵنەسابێ
لافاو ڕێگاکەی لێ‌تێک نەدابێ
ئۆتۆمبیل لە ڕێ لێکی نەدابێ
پرد نەڕووخابێ، ڕێ نەگیرابێ
پەنچەریان نەبێ دواکەوێ لە ڕێ
برسی و تینووی بێ تا ئەگاتە جێ
پیاوی چەنەباز نەبێ بە هاوڕێی
نەک سەری بێشێ و دڵی پەست بێ پێی
لە کەس‌وکاری دڵگیر نەبووبێ
پشووی ئەم بەینەی لێ‌تێک نەچووبێ
بڵێی بە حاڵی دەردم نەزانێ
بەبێ پەیمان و بەڵێنم دانێ
کوڵێ گلەیی لەگەڵ خۆی بێنێ
بە درۆ و بەناز خۆی بتۆرێنێ
خۆشم ئەزانم فێرە ناز نییە
وەکوو گەلێ کچ قوماربازنییە

نـــــازانم کـــــاتێ ئەچـــــمە پێشـــــوازی
بەکـــام دەریـــایی جـــوان بکێشـــم نـــازی
گـــوڵ بە پێشکەشـــی شـــەرمەزار ئەبـــێ
ڕووی ئەو دەرکەوێ کەی گوڵ دیـار ئەبێ
ســەرمی پێشــکەش کەم ئەو بـێ یـار ئەبێ
گەر مــن نەمێــنم کــێ لێــی دیــار ئەبــێ
گەر بڵـــــێم فەرمـــــوو ئەوە چـــــاوانم
بێچـــاو بـــم بەچـــی لە ڕووی بـــڕوانم
تەنیـــا هەر دڵـــمە ئەویـــش هیـــی ئەوە
چـۆن مـن شـتی خـۆی بە خـۆی بەمەوە؟
ئەوا چـــــاو لە ڕێـــــم بگەڕێـــــتەوە
بەخێـــر بێـــتەوە .... بەخێـــر بێـــتەوە ...

## دووبەیتی

**وەفا** (عومەر سوڵتانی)

بە تـــــرپەی پێـــــیەوە خشـــــپەی گەڵا هـــــات
کە لـــــێم دوور کەوتەوە هەور و هەڵا هـــــات
بە دووی کەوتـــــم بڵـــــێم ئیفتـــــارە؟ بۆکـــــوێ؟
کەچـــــی نەمگـــــرتەوە و دەنگـــــی ســـــەڵا هـــــات

## بەردی فیرقەت

### ئەحمەد موختارجاف

به بەردی فیرقەتت شیشـەی دڵـی بێچـارە مەشـکێنە
لەنـاو زومـرەی ڕەقیبـان عاشـقی ئـاوارە مەشـکێنە
ئەگەر ڕۆح و دڵ و ئیمان تەڵەب‌کا بیـدەرێ عاشـق
کە تیفـل و خوردساڵە قەت دڵـی ئەو یـارە مەشـکێنە
دەخـیلم ئەی نەسـیمی سـوبحگاهی! مەسـکەنی دڵـمە
پەرێشـانی مەکە تـۆ زولفـی ئەو نـازدارە مەشـکێنە
بە قەتڵ و کوشتنت موختارە عاشق شۆخی شیرینت
لەسـەر ڕۆح و دڵـت فەرمـانی ئەو سـالارە مەشـکێنە
کە من پەروانەیی شەمعی سەری دوو کوڵمی تۆم جانا
دڵی (ئەحمەد) بە فیتنەی ئەو سەگی پەتیارە مەشکێنە

## چوارینە

### ناسر ئاغابرا

وەرە سـرخۆش بە. ئەی دڵ بـۆ پەرۆشـی
لە پـاش مەرگ و نەمـان کـوا تـازە خۆشـی؟
مەی و حـۆری ئەگەر مـوفتن لە جەنـنەت
خـدر ئـاوی حەیـاتی بـۆچی نۆشـی!

# بـڕۆ

## ئاسۆ

گــولّەکەم شــاری دڵــم پــاییزە لێــیداوە بــڕۆ
تــۆ گەشــی هەڵــدەپڕووکێی مەیە ئەو نــاوە بــڕۆ
چــۆڵگەیە و کــاکی بەکــاکی نــیە تێــیدا نەفەری
ڕێــگەی ئەو شــارە بە داوی خەمە تەنــراوە بــڕۆ
نــامەوێ پێــت لە چڵــی داوی خەمــێ گیربــێ گــوڵم
زولفــی تــۆ بــۆ دڵــی ســەدها وەکــوو مــن داوە بــڕۆ
بولبــولی بێکەســی دم پــڕ لە هەرات جــوابکە بڵــێ
تــۆ دەبــێ هەر قەفەســی بــی؛ بەشــە، وا بــڕاوە بــڕۆ
گــوڵەکەم شــاری دڵــم بــۆمبی جەفــای بــوو بە خەڵات
تــا لەشــت بەم گــڕە مشــقاڵە نەســووتاوە بــڕۆ
هەمــوو کەس لێــرە دەزانــن کە دنەی شــیعری منــی
لە هەمــوو بەزمــێ ئەوینــی مــن و تــۆ قــاوە بــڕۆ
تــۆ هەڵــۆی بەرزەفــڕی، شــاری دڵــم نــزمە لە بــۆت
بــێبەڵا بــی گــوڵەکەم! کــوا ئەوە جێــی ڕاوە بــڕۆ
هەر دەبــێ ڕۆژێ بە ئــازادی لەگەڵ یەک بــدوێین
ئێســـتە وا دڵ تەمــــی وســـتەوە تاســـاوە بــــڕۆ
گەر دەترســێی لەوە ئاســۆ خەمــی تــۆ دەرچــێ لە دڵ
تــا ئەبەد تەوقــی وەفــای تــۆی لە مــلا مــاوە بــڕۆ

# جووتە مەم

## حافزی مەهابادی

ئەی جـووتە مەمـت عەینـی هوڵـووی تـازە فەریـکە
فێـــداری دەســـی تـــۆیە دڵـــم چارەســـەری کە
گیـان بـۆتە پەپوولێـک و لە دەوری شـەمی ڕووتە
تـــا بـــاڵ و پەڕی پـــاکی نەســـووتاوە دەری‌کە
چـاوت کە بە هاوکـاری بـرۆت خەڵکـی دەکـووژێ
ئەگـریجە لەپـای چـی لەگەڵ ئەو جـووتە شـەریکە!
دوژمـــن دەیەوێ تـــۆ بە تەڵە هەڵخەڵەتێنـــێ
یـــا جـــوابی بە تـــێڵا بـــدە یـــا جـــارێ کەری‌کە
ئەم شـــاعیرە بـــێ چـــاوە کە سەوداســـەری تـــۆیە
تـــاوێ وەرە دەس بـــاوێ ملـــی، بەخـــتەوەری کە

# چرۆی ئاوات

## سەلاح نیساری

ئەرێ هاوڕازی ڕێگەی ژین لە دێدا بۆ بە جێت هێشتم؟
بەڵێن وابوو لە گەڵ یەک بین لە ڕێدا بۆ بە جێت هێشتم؟
مقەســتی ژان و بەدبەختـــی چـــرۆی ئـــاواتی هەڵپـــاچیم
لە چاو دێ ڕۆندکی خوێنین لە جێدا بۆ بە جێت هێشتم؟

# خۆڕایییە

## مەولانا خالید

ڕوو لە میحرابــــی بــــرۆت خــــۆڕاییە خــــۆڕاییە
ســوجدە وەک کەعــبە بە ڕووت خــۆڕاییە، خــۆڕاییە
تــــۆ کە ڕەحمێکــــت بە هــــاواری گرفتــــارت نــــیە
مــل لە حەڵــقە داوی مــووت خــۆڕاییە، خــۆڕاییە
تـۆ کە گـوێی خـۆت ئـاخنیوە دادی کەس نـابیەی ئیتـر
ناڵەنــــاڵی ڕووت و قــــوت خــــۆڕاییە، خــــۆڕاییە
تـۆ لە خـوا ناترسـی پیشـەت هەر جەفـایە و تەفـرەدان
ســــەرکوتانی خــــاکی ڕووت خــــۆڕاییە، خــــۆڕاییە
مـن وتـم میسـکی خەتـایە مـووت، خەتـام کـردووە خەتـا
وەک قیاســــی ڕۆژ بە ڕووت خــــۆڕاییە خــــۆڕاییە
دڵ بە «ساموتە»ی نیگات بەستراوە تۆ بێقەیـدی لێی
گیــــان بە هــــاوارە لەدوت خــــۆڕاییە، خــــۆڕاییە
خـۆت ئەگەر خـوێنم برێـژی ڕووت بەهـای خـوێنم ئەدا
داد، وەکـوو «خالیـد» لە خـووت، خـۆڕاییە، خـۆڕاییە

# عیشقی سوور

## پشکۆ (عەلی محەمەدزادە)

نە پێــــت دەڵــــێم خۆشــــم دەوێــــی
نە دێــــــــمە لات بە نەهــــــــانیش
عیشــقی ســوورتــــ بــێبەڵا بــیــــ
لە پێــــی خســــــتووم، لە زمــــانیش

# گوڵی گوڵشەن

## حەریق

چاوەکەم ئەمڕۆ لە گوڵشەن گوڵ بە عیشوە خۆی نوانـد
نەک نمەک گیر بم بە مەرگی تۆ قەسەم هیچ نەمدواند
گــوڵ بە تــۆزی پێــتەوە لاف و گەزافــی لــێدەدا
وا شـکور سـۆزەی نەسـیم هـات و ئەویشـی لێسـتاند
نەشـتەری موژگـانی تـۆ هـاتۆتە سـەر سـەفحەی دڵـم
هەر خەتێ بوو، غەیری خەتتی سەوزی تۆ، پاکی کرانـد
لەشـکری ئـاهم لەگەڵ جەیشـی حەبەش دەعـوا دەکـا
حیــرەتم مــاوە کە چــۆن ئەو دڵــبەرە دڵمــی ڕفانــد؟
بــۆ گــوڵی ڕووت مــاتەمی پەرچەم دەبینــی بــۆیە وا
مـاهی نەورۆزم بە شـیوەن وەک مـحەڕڕەم خـۆی نوانـد
تــۆ لە ئەووەڵ گــۆی وەفــات هێنــایە نێــو مەیــدانەوە
ئێستە چەوگانی خیلافت پشتی سەد وەعدەی شکاند
تــۆ خــوا قەت غیــرەتە بــۆ تــۆ ئەرێ ســەروی ڕەوان
گـوڵ بەبێ تـۆ وا لە باغـا خێـوەتی خـۆی لێ چەقانـد؟
بـا وجـوود ئینسـاف بـدەم چـاکە گـوڵیش موشـتاقتە
هەر لە شــەوقی تــۆیە ســەرپۆش و گریبــانی درانــد
هەرکەســێ مایــل بە بیــرێکە و تەریقێکــی هەیە
تو بە شوعلەی غەم «حەریقی» وا وەجاخـت هەڵگرانـد

## سەرئەنێمەوە

### وەلی دێوانە

شـــەرتە لە داخـــت ســـەر ئەنـــێمەوە
ڕۆیینـــــــــێ ئەڕۆم نـــــــاگەڕێمەوە
ســەرتا پــێم ڕەش‌کەم تەرکــی دونیــاکەم
پشـت لە قەوم و خـوێش ڕوو لە سـەحراکەم
دڵەی پــــــڕ دەردم پارەپـــــــارە کەم
ڕیشـــەی جەرگـــی خـــۆم بە قەنــارەکەم
شـــەو تـــا بەیـــانی نـــاڵە و هـــاوار کەم
نـــاحەزی بەدگـــۆ لە بەینـــا تـــارکەم
مەگەر ئەوســـاکە دڵـــم بـــێخەم بـــێ
گیـانم بە قوربـان دوو چـاوی «شـەم» بـێ

## هەتیو بترسە

### سەفوەت

ویسـتم لە لێوی مـاچێ، ئەو لەیلە نابێ ڕازی
ئەڵـێ هەتیـو بترسـە لە عەدڵ و دادی قـازی
بیـانووت هیـوایە یـاخۆ هەتە نیـازی نـازێ
وەرنا چ سەهلە قازی ڕازی ئەبێ بە قازێ؟!

# گوڵزاری ئەمەل

## عەونی

لە گـوڵزاری ئەمەل خـونچەی نەپشـکوتوو کە پشـکۆ کـا
دەبێ هەرکەس وەکوو بولبول لە گوڵشەن لانە بۆ خـۆ کا
ئەگەر ڕۆژێ بەهـاری شـادی ڕووی کـردە گەڵاڕێـژی
دەبـێ حـاڵی چ بـێ ئەوکـاتە بولبـول قـوڕ بەسـەر خـۆ کـا
کە ڕستەی داوی بەدنـاوی لە دەسـت و پـێ گـرێ داوم
دەترسـم مـن لە ئـاخیردا حەواڵەی تیغـی ئەبـرۆ کـا
بە بیـرمدا نەهـات ڕۆژێ کە چەرخـی ڕۆژگـار وایە
ئەوەی سـەر دانەوێنـێ بـۆی دەبـێ کـالای لەبەر خـۆ کـا
ڕقـی لـێمە ڕەقیـب وا لێـوی دەکـرۆژێ لە داخانـا
بە وێـنەی ئەهـریمەن بـا تـۆقی بەدخـۆیی لە ئەسـتۆ کـا
دەمـێکە بەختـی بەرگەشـتە لە تـاریکی شـەوا خەوتـوو
دەبێ هەستێ لە خەو ئیتر بەسە ڕووی خۆی لە ئاسـۆ کا
کە پێویسـتم بە دڵسـۆزێکی زانـای کـوردی لـێزانە
هەموو بیرێکی دژ یەک بوون لە ناو یەک بـۆتەدا کـۆ کـا
ئەوەی هۆهـۆ دەکـا هـیچ کـاتێ مـن پێـی دڵنیـا نـابم
کەسێکم خۆش دەوێ مەرد بێ هەمیشە حەز بە کۆکۆ کا

# بەسیە غوربەت

**هێدی (خالید حیسامی)**

**نـامەیێکم پێگەیـی هەروەک گـوڵاوی پەرچەمـت**
**وەسوەسەم کرد، ئەی خوا کەی دەم بنێمە ناو دەمت**
**خۆزگە دەمزانی لە غوربەت کێیە بێ من هاودەمت؟**
**خـۆ دەزانـی گیـانە بـۆ مـن نـاکرێ تەرکـی غەمـت**

چاوەکـــانم بەســـیە غـــوربەت بێـــرەوە
چـــۆن بـــژیم مـــن؟ تـــۆ لەوێ، مـــن لێـــرەوە

**وێـنەکەت دەرمـانی سـەر جەرگـی برینـداری مـنە**
**وەختـی دڵتەنگـی بەبـێ تـۆ هەر ئەوە یـاری مـنە**
**دیتنـی ڕوونـاکی بـۆ دوو چـاوی جۆبـاری مـنە**
**تـاکوو لێـت دوورم عەزیـزم، شـیوەنت کـاری مـنە**

چاوەکـــانم بەســـیە غـــوربەت بێـــرەوە
چـــۆن بـــژیم مـــن؟ تـــۆ لەوێ، مـــن لێـــرەوە

**دەردی دڵ بـۆ کـێ بەیـان کەم، دڵ کە نـالاوێتەوە**
**ئەو گـڕووی گرتـوویە چـبکەم بـێ تـۆ ژێـر نـابێتەوە**
**بەفـری بەفرانبـارە بـێ بـای وەعـدە قەت نـاچێتەوە**
**ئەی خـوا کەنگـێ عەزیـزی ئەو دڵەی مـن دێـتەوە**

چاوەکـــانم بەســـیە غـــوربەت بێـــرەوە
چـــۆن بـــژیم مـــن؟ تـــۆ لەوێ، مـــن لێـــرەوە

**بـــاوەڕی نـــایە بە ژیـــنم دڵ بەدەس جزیـــاتەوە**
**خۆشـە ڕۆح دەربـێ و بە جـارێ بـیخەمە ژێـر پـاتەوە**
**چـونکە تەنیـا هەر دڵـێکە و سـەد بەڵا دەیبـاتەوە**
**چەرخی چەپگەرد لێم بەقینە دەس لە من ناکاتەوە**

چاوەکـــانم بەســـیە غـــوربەت بێـــرەوە
چـــۆن بـــژیم مـــن؟ تـــۆ لەوێ، مـــن لێـــرەوە

## دووبەیتی

**سەیید** (عەبدولقادری سیادەت)

خەوێکـــم بـــوو کە تـــۆم تێـــدا دەدی مـــن
ئەویشـــم چـــوو لەبەر بەختـــی بەدی مـــن
بە چـادر زولـف و ڕووی پۆشـی و کـوتم پێـی
شـــەو و ڕۆژم نەمـــا چ بـــکەم ئەدی مـــن!

## ئاگر

**هاوار** (عەلی حەسەنیانی)

پـێم بڵـێ نـووری، برووسـکەی یـا گـڕی؟
هەرچـی هەی بـۆ گیـان و مـاڵم ئـاگری
روو لە هەر لایـێ دەکەم، هەر کـوێ دەچـم،
کـۆترم و تـۆ وەک شـەهێن دێـی دەمگـری
یـــادی تـــۆیە ئـــۆگری ڕۆژ و شـــەوم
داخەکەم تـــۆ هەر لەگەڵ خـــۆت ئـــۆگری
دڵنشـــــینی، دڵڕفێنـــــی، دڵکـــــوژی
دڵ بە کەس نـادەی کەچـی خـۆت دڵگـری
ئـــاخری دنیـــا هەمـــوو دەگـــری بە نـــاز
خـــۆ تـــۆ «نـــازی» نـــی کە دنیـــا داگـــری
رێـم بـدە خـونچەی دەمـت بگـرم بە لێـو
خـــۆ چ نـــاقەومێ لە ئـــامێزم گـــری...

# لەگەڵ شۆخ

**قانع**

ئەی دولبەری قەد عەرعەری سەرداری هەموو شۆخ
مەحبـووبی هەمـوو عـالەم و نـازداری هەمـوو شـۆخ
یەک نـــوکتە لە ئەســـراری نەزاکەت بنـــوێنە
وەک بەختـی ئەمـن، ڕەش‌بـکە بـازاڕی هەمـوو شۆخ
تـــۆ دولـــبەری عەییـــاری لە بـــازاڕی تەماشـــا
بـاج‌گیری لە هەر سـەڵتەنەت و بـاری هەمـوو شـۆخ
تیـری نیگەهـی چـاوت، ئەگەر مەیلـی عەدەم بـێ
وێرانـی ئەکـا یەک نیگەهـت شـاری هەمـوو شـۆخ
ئوســتادی قەدەر ڕەســمی قەدی تــۆیە لە دەســیا
بــۆیە کە وەهــا لەت‌لەتە، پەرگــاری هەمــوو شــۆخ
زووانەی گــڕی دووریــتە دڵ و جەرگمــی ســووتان
بێ‌بــاکە دڵــم بــۆ شــەرەری نــاری هەمــوو شــۆخ
مەســـتانە ســـیفەت ڕوو ئەکەمە چـــۆڵ و بیابـــان
خـۆم دوور ئەخەمـۆ ئەمـڕۆ، لە ئاساری هەمـوو شۆخ
بـــێ‌تــامە بـــرا، شـــیعری مـــن و نـــوکتەیی قــانع
بــازاڕی نەمــا دەفــتەر و ئەشــعاری هەمــوو شــۆخ

# تەناف

**سەیید** (عەبدولقادری سیادەت)

لەو هەمــوو زولـفە ڕەشــەی تــۆ بەســە تەنیـا داوێ
بــۆ مەلــی بــێ پەڕوپــۆی دڵ کە تەنــافی نــاوێ
زولفــی زۆر کەچڕەوە ڕاســتی لە دەهــۆی ترســاوم
هەر بە شــۆخیش کە دەســی بەرمــێ لە داوم داوێ
پــێم دەڵــێ فکــر و خەیــاڵ تــازە نەڕژێــم ئەسـرین
داخەکەم پــووش و پــوار نــاگرێ بەری ســێڵاوێ
نــامەوێ قەت خەمــی تــۆ دەرچــێ لە دڵمـا چــونکە
هەر خەمــی تــۆیە خەمــی دیــم لە دڵــی دەرداوێ
وا نەســـووتاوە دڵـــم خـــۆ بە تەقەلای ئەســـرین
کوفـــتوکــۆی دابمـــرێ یـــا بە شـــەپۆلی ئـــاوێ
ڕۆژی ڕووت دەرخە ســـبەینانە لە بـــاڵات جـــوانە
لە بڵنـــدان کە دەدا تیشـــکی گزنگـــی تـــاوێ
مــن هەمــوو عــومری درێــژم کە لە ڕێــی تــۆ دانـا
بەوســـەری زولــفە بڵــێ بگــری دەســی دامــاوێ
دڵــی موشــتاقی مــن ئەوڕۆکە ئیشــارێکی بەســە
وەکوو ســەد تیـر و خەدەنگیش نـیە سیلەی چـاوێ
(ســەیید) ئەمجــارە گرێــی دڵ مەکەوە بــۆو زولـفە
تــۆ کە پــوختەی، مەبە گیــرۆدە بە دەســتی خــاوێ

# وڕێنە

**هێدی (خالید حیسامی)**

مـن بە خـورپەی دڵ دەزانـم هەسـتی پێـی جانـانە دێ
خۆشەویستی کاری خۆی کرد، شەم لە دووی پەروانە دێ
سـەیرە پێم مـن، بۆ بە گۆشـەی چاوی نەشئە دەم‌گرێ
حـاڵەتی وا چـون هەمیشـە هەر لە دووی پەیمـانە دێ
گەر پەرێشـــانم دەبینـــێ ســـاقی نـــازی کەمتـــرە
بـۆیە بەینـێکە وەبـاڵ بەئەسـتۆم، ئەویـش پیـاوانە دێ
لێـی گەڕێ، تـۆ خـوا شـەماڵیش بـۆنی کەزیەت هەڵمـژێ
گـرژ و تـووڕە جاربەجـارێ، گەر لە داخـی شـانە دێ
چاوی مەستت بێ هەمـوو شت کێشـە دەفرۆشێ، بەڵام
ئـــاگری فیتـــنە لە گـــۆڕی ئەو کـــل و کلـــدانە دێ
من لە دەس مەستی پەنـام بۆ خانەقا بـرد، دەم‌دی شێخ
ئـــــاوەدان بـــــێ وردە وردە وا لەلای مەیخـــــانە دێ
مـاچی لێـوت گەر بە نرخـی گیـانی شـیرین دەس‌کەوێ
کەس نیـــیە گیـــانی بـــوێ، فەرزانە دێ، دێـــوانە دێ
خـــاڵی پیـــرۆزەت خـــوا پێـــداوە وا بـــاش کەوتـــووە
هــیچ بە خۆیــدا نــایە، ئەممــا هێنــدە لەو لێــوانە دێ
باسی جوانیت گەر لە کۆڕێ، بێتە گۆڕێ یەک بە یەک
گـــوارە دێ ڕازێکـــی دێنـــێ، بـــازنە دێ، پـــاوانە دێ
مـــن دەزانـــم شـــیعری مـــن وێـــنەی تەواوی تـــۆ نیـــیە
مەشقی ئەگریجەت دەکەم مـن، ئەو وەکوو ڕێحانە دێ
«هێدی» لێم نەگری وڕێنەی ئەوڕۆ، مەرجی ئێمە بێ
دەرد ئەگەر دەردی ئەڤـین بـوو، واژە هەر شـێتانە دێ

# من و خەم

دڵە بە هیوای گەردن پڕخاڵان
خۆت مەدە لە تیر موژەی چاوکاڵان
سەیری گوڵ بکە لە ئەشقی گوڵدا
یەخەی خۆی دڕی دای بەقەد چڵدا
بێهودە بولبول لەم چڵ بۆ ئەو چڵ
لەبەر دەردی دڵ وا بێدەنگە گوڵ
بسووتێ وەک شەم بەبێ زیاد و کەم
هاوڕازت کزە و سۆزەی دەرد و خەم
یاری ئەو بارە ئێشە ئازارە
دەردە، هیجرانە، وەک ژاری مارە
گڵپە و بڵێسەی گڕەی تویێ دەروون
وەک نەهری زاب‌و وەک بەحری جەیحوون
هونەی فرمێسکە ئەڕوا وەک دەڵێن
ئاڵووالایە چوار دەورم بە خوێن
کێوی غەم لەسەر دڵی دڵ غەمگین
بۆچی بێ، ئەبێ ناڵە و گریە و شین
هەی غەم هەی ڕەفیق هەی هاوڕازی شەو
بێدارم بۆ تۆ، بێزارم لە خەو
مونسی ڕاز و ڕەفیقی چۆڵم
هەی عەسای دەستم کەڵپۆسی کۆڵم
نەتۆ بەبێ من، نە من بەبێ تۆ
ئاڵاین بە یەکدا وەکوو تانوپۆ

## سەلام

بەسیە گریە و شین
دەمی پێکەنین
بێ گریە و ناڵە
لە خوێنا ئاڵە
بێخەبەر لە عەشق
بۆ عەشقە سەرمەشق
هەر بە یەک نەفەس
ببە بە قەقنەس
زامە، برینە
گریانە، شینە
وەک باباگوڕگوڕ
فرمێسکی بەخوڕ
لێڵ و وێڵ و سوور
بوو بە شارەزوور
پیرە مەگروونە
دڵ بە غەم ڕوونە
تا بەری‌بەیان
مەگەر دەرچێ گیان
لە بیابانا
لەناو شارانا
لە ژین، لە ژیان
یەک‌لاشە، یەک گیان

## سەرسەخت

### مەولەوی/ پیرەمێرد

ئەی ڕوونـــاکی چـــاو نـــامەوێی لاچـــۆ
لێڵایـــی، ســـا دەی فەرمـــوو، وەرە تـــۆ
چـــونکە قیـــبلەکەم ڕۆیـــی بـــۆ ســـەفەر
دیـــواری هەســـــتی خســـــتوومە خەتەر
بینـــایی بەڕاســـت دیـــدەی پـــڕ دەردم
ئـای چەنـد سەرسـەختم دوای تـۆ نەمـردم
بڵێســـەی کـــوورەی دووری بـــاڵای تـــۆ
گـــڕەی نەدینـــی خـــاڵی ئـــاڵای تـــۆ
ئـــاگری بەردایە میحـــنەتســـەرای دڵ
مەیلـــت بێجێگـــا مـــایەوە خەجـــڵ
ئەوســـا کە دڵەم بە وەســـلت شـــاد بـــوو
لەکـــوێ ئەم ڕۆژە ڕەشـــەی لە یـــاد بـــوو
دەورەی دووری تـــۆی بە هـــیچ ئەزانـــی
هیجـــر و ویســـالی وەک یەک ئەڕوانـــی!
ئێســـتا لێـــکبڕان وا خـــۆی دەنـــوێنێ
ئەگەر ئـــازایە ســـەبری بمێنـــێ...

# تۆزێ لەنجەولار

## سەلام

تــــۆزێ لەنـــجەولار، تــــۆزێ لەنـــجەولار
ناســـک و نــــازدار تــــۆزێ لەنـــجەولار
بە نیـــــوە نیگـــــای دووچـــــاوی بیمـــــار
دڵـــــی بیمـــــاران بەس بـــــدە ئـــــازار
بە ورشـــە و پرشـــەی کــولّم و خـــاڵەکەت
بە زەردەخەنەی لێـــــــوە ئـــــــاڵەکەت
جەرگ هەڵقرچـــــــاوە دڵە ســــــــووتاوە
ڕەگ و ڕیشـــــــەیان لەبـــــــن بــــــڕاوە
بە نــــووکی تیـــری موژگـــانی تیـــرت
بە ئەبـــرۆی نـــازی تیژتـــر لە شـــیرت
ســـینە هەڵـــدرا، لەتلەت بـــوو جـــگەر
بەســـیە تەجـــرەبەی نەشـــتەر و خەنـــجەر
بە تـــاری گێســـووی خـــاوی دڵگیـــرت
بە حەڵـــقە حەڵـــقەی زوڵفـــی زنجیـــرت
دڵـــــی دێـــوانە بـــۆ ئەکەی زنجیـــر؟
ئـــازارت ئەدا نـــاڵەی پـــڕ تەئســـیر
خـــۆت لادە لە دڵ گوڵخـــونچەی بەهـــار
نـــاڵەی بەتیـــــنە دڵـــــی دەردەدار
شـــەرارەی ئـــاهی کە بـــڕوا بەتـــاو
نەک تـــۆ کە گـــوڵی بەرد ئەکـــا بە ئـــاو
دەســـــتم دامێنـــــت یـــــاری شـــیرینم
دڵ ئەتســـــووتێنی، منـــیش نـــاتبینم

# رەحمەت عەزابی هێنا

## سالم/ بێکەس

گەردوگــــوڵی بەیـــان بـــوو، ســـەبا کیتـــابی هێنـــا
لەو یـــــارە نـــــازدارەوە ڕاز و عیتــــابی هێنــــا
لە خۆشـــییا کە قاســـید هـــات و جەوابـــی هێنـــا
ســـاقی لە پەردە دەرهـــات، جـــامی شـــەڕابی هێنـــا
دڵ خیـــرە مـــا لە حەســـرەت، مەهـــ ئافتـــابی هێنـــا
بیســـتوومە ئەمـــڕۆ دڵـــبەر تەشـــریفی چـــۆتە ســـەیران
هەســـتام و چـــوومە ســـەحرا منـــیش بە یـــادی جـــاران
هۆشـــم نەمـــا کە بینـــیم، لـــۆمەم مەکەن ڕەفیقـــان
یەک ڕەززە عەکســی پەڕتەو دەرکەت و تـــووری ســـووتان
ئـــایینە ســـەختڕوو بـــوو، لەو عەکســـە تـــابی هێنـــا
وا قەوم و خـــوێش تەبیبیـــان هێنـــا و هـــاتن بە دەســـتە
دەســـتێکی دا لە دەســـتم، فەرمـــووی کە چیـــتە؟ هەســـتە
وتـــم دەرمـــانی دەردم لای تـــۆ نیـــیە، مەوەســـتە
تیمـــاری چـــاکی ســـینەم ڕاجـــع بە چـــاوی مەســـتە
بەختـــیش مـــوافقی عیشـــق، بـــۆ مـــن خرابـــی هێنـــا
لە کـــۆڕ و بەزم و ڕەزمـــا، لە حـــاڵەتێکی مەســـتا
دانیشـــتبووم، لەناکـــاو عـــوود و کەمـــانە وەســـتا
لە حیرەتـــا ســـەراپا مەجلـــیس عومـــوومی هەســـتا
یـــارم لە ئەنـــدەروون هـــات دەســـتی ڕەقیـــب لە دەســـتا
غەمنـــاک و شـــادمانم ڕەحـــمەت عەزابـــی هێنـــا
دەســـتم لە بـــادە هەڵگـــرت، ســـاز و نەیـــم فـــڕێ دا
ترســـی قیـــامەتم بـــوو، ڕووڕەش نەبـــم لەوێـــدا

بەرمـــاڵم گـــرتە کـــۆڵ و تونـــد لە ملـــم گـــرێ دا
بـــۆ تـــۆبە ســـوویی مەســـجید هـــاتم بچـــم، لە ڕێـــدا
بـــۆ کـــۆیی مەیفرۆشـــان قیســـمەت شـــیتابی هێنـــا
جەمـــاڵی تـــۆیە فیکـــری بە ئـــێمە بەخشـــی نەشـــمیل
دڵبەنـــدی تـــۆم و دائـــیم غەمبـــار و پەســـتم و دیـــل
مەحروومـــی دیـــدەنیتم، دوچـــاری عیللەتـــی ســـیل
ڕوو هەر لە مـــن ئەپۆشـــی و حـــاڵی یەکە جیبریـــل
هەر خاســـە بـــۆ مـــن و ئەو ئـــایەی حیجـــابی هێنـــا
بە ئـــاخ و داخـــی تـــۆوە شـــەو تـــا ســـەحەر ئەدەم تـــل
نەختـــێ لە خـــوا بترســـە ئەی چاوڕەشـــەی شـــلومل
ئۆبـــاڵی مـــن بە ئەســـتۆت، بەســـیە نەمـــا تەحەممـــول
وەیوەی چ مەجلیســـێ بـــوو دوێنـــێ لە دیـــدە و دڵ
دولـــبەر شـــەڕابی گێـــڕا، ســـالم کەبـــابی هێنـــا

## چوارینە

### جەلال مەلەکشاه

کڵاوچەرخـــــانە ژیـــــن دەڕوا بە پڕتـــــاو
کە چـــوو بێهـــوودەیە، نایگـــاتێ هەنگـــاو
وەرە ســـــــاقی پیـــــاڵەیتر بگێـــــڕین
نەکـــا مەرگ ئێخەمـــان بگـــرێ لە ناکـــاو

# ئەی دیدە پەری

## هەردی

ئەی دیــدەپەری! بەو دەمە، بەو کــوڵمە گــوڵینە
بۆ کەس نییە تـا سـەر، ئەوەرێ ئەم گوڵی ژیـنە
تـا سـەر نیـیە ئەم نـازە، وەهـا دووری مەبیــنە
ئەو چـــاوە گەلاوێـــژە خەڵاتـــی کە بـــرینە
ئەو زوڵـفە کە ئێـستاکە دووتـوێی عەنـبەری چیـنە،
رۆژێکـی کە دێ، تێکەڵـی تـوێی خـاکی زەمیـــنە
ئەو گەردنە بـێگەردە کە وەک تەختـی بلـوورە
ئەو لێوە کە وەک خـونچە تەڕ و ناسک و سـوورە
ئێســتاکە بە بێڕەحمــی سـزای جەور و فتــوورە
لای وایە، کە ژیـن فـانی نیـیە و ڕێگەیـی دوورە
نــایزانێ کە هەر پەنجەیــێ لەم خـــاکی زەمیـــنە
کـوڵمی دە هەزار لەیـل و دەمـی سـەد مەم و زیـنە
ئەمــڕۆ دڵــی بێچــارە ئەبەی ئەیــخەیە نــاو داو
نـــایزانی ســـبەینێ ئەکەوی ســـەرکز و دامـــاو
ئەو جوانییە ئەڕوات و لە چاو گوم ئەبێ وەک ئاو
ئەو ڕۆژە ئەبــێ دائــیمە هەر بێنــیە بەر چـــاو
تــا ڕەحمــێ بــکەی ئێســتەکە بەم زام و بــرینە
ســـەرکز نەبـــی لەو جـــێگە بێســـامانی زەمیـــنە
ئەم چەند قسەیەم وتوە بە تۆ ، ئێستە بە چاکی
گەرچــی ئەشــیزانم دڵــی بەردت نیــیە بــاکی
مەڕوانەرە ئەمــڕۆ، کە بە ڕوومەت گــوڵی تــاکی
بــڕوانە ســبەینێ، کە لە نــاو دامەنــی خـــاکی
سـەد لەیلـی وەکـوو تـۆ بـووە لەم ڕۆشـنی ژیـنە
ئێســـتاکە لە نـــاو جەرگەیـــی تـــاریکی زەمیـــنە

# بە بیماری

## سەلام

بە بیمـاری، بە دڵتەنگـی، لە تـاریکی شـەوی تـارا
تەپـــاوتلمە ئەنـــاڵێنم لە ئـــێش و دەرد و ئـــازارا
لە پـێ کەوتـووم و بێدەسـتم، بەبـێ دەسـگیر دامـاوم
بە ناچـاری بە خەمبـاری لە بەردەسـتی سـەگی هـارا
قســەت گشــتی فــڕوفێڵە بە گوێمــا ئاشــنا نــابێ
ئەنگوسـم جـارێتر نـاکەم بە سـوراخ و کـونی مـارا
لە لادێدا، لە چـۆڵیدا، لە دەشـت و شـاخ و کێوانـا
بســوورێم و سەراسـیمە نەوەک سـاتێ لەنـاو شـارا
لەجیـاتی ڕیـزی مـۆبیلە لەنـاو قەسـری گەچ و جـاڕوو
وچـانێ بـێ بە ئـازادی لە سـەر بەردێ، لە ژێـر دارا
وەکوو پاشایی سەر تەختم ئەگەر دەردی دڵی غەمگین
بنووسم یەکبەیەک سەربەست لە گۆڤارا، لە تۆمـارا
لە ســـەرداری، لە ئـــازادی درۆیە واز ئەگەر بێـــنم
مەگەر بێن بمکوژن، هەڵماوەسن، بمکەن بەسـەر دارا
لە گوفتـار و وتـارا چەن جەسـوورم، چـونکە بێسـوودە
گەلـێ بێکەڵـک و بێکـارەم لە ڕەفتـارا، لە کـردارا

# پەیامی یار

## هەردی

لە یارەوە
لە شۆخ و شەنگی پارەوە
لە ڕازی پڕ نیهانییا
لە تەک شنەی بەیانییا
پەیام لە یاری جوانەوە
گەیشتە لام
**

بەرامەکەی
گوڵاوی باخی نامەکەی
کە ئاوی زیندەگانییە
شەرابی کامەرانییە
گوڵی هیوای ژیانەوە
گوڵی هیوام
**

چ نامەیێ؟
چ پەنجەیێ؟ چ خامەیێ؟
ئەوەندە دڵ ئەکاتەوە؟
خەفەت لە بیر ئەباتەوە؟
ئەخاتە ناخی گیانەوە
تەزووی بەتام؟!

# بۆچی؟

## بێوەی

ئەزانـی بـۆچی جێگـاکەت لە نـاو چـاوا نەمـا گیـانە؟
تەرازووی تۆ گەلێ قورس بوو، دڵم بۆی بوو بە هێلانە
هەتا ئەوسا بـوو تـۆ چاو بـووی، بەڵام ئێستاکە بیـزانە
دوو چــاوم ســاوڵی تــۆیە بەدایــم هەر لە ســەربانە
غەمیشــم بـوو کە ئـازارت بگـاتێ تـۆ لە دیـوی دەر
کەواتە دەی لە ژوورۆ بە، لە دڵمـا بـۆت ئەکەم یـانە

# چوارینە

## ناسر ئاغابرا

وەرە ئەی یــــــــاری خەمڕەوێــــــــنم
وەرە ئەی تــــازە بــــووکی دڵــــــڕفێنم
لەبەر ژانــــی جەفــــاکەت نــــیمە ئــــارام
دەنــا کــوا مــن پەنــا بــۆ مەی دەهێــنم!

# کچە کوردە

## عەبدولقادر سەعیدی

کـــچەی کـــوردەی بەنـــازەی چـــاوکەژاڵە
قەشـــەنگەی شـــۆخ و شـــەنگەی هەژدە ســاڵە
بە تاتـــای سیلســـیلەی زولفـــت ئەســـیرە
هەزاران لاوی کــــــــوردی ئەو محـــــــاڵە
تەنـــافی تـــاڵی زوڵفـــت هەڵدەواســـێ
لە مەیـــدانی ڕوخـــت چەنـــد کـــورد لە ســاڵا
مەگەر تـــورکی بـــڕۆت حـــوکمی وەهـــای کـــرد
کە خـــــوێنی عاشـــــقانی تـــــۆ حەڵاڵە؟
بە خوێنی جەرگی کورد بەس پەنجە سوور کە
مەگەر تیـــری مـــوژەت تـــورکی کەمـــاڵە
لە بـــاوەش خـــۆت گـــرە یـــارانی شـــەیدات
هەتـــا کەی ئـــارەزووت بـــۆ مە مەحـــاڵە
لە ســـەر سینەت کە دڵ جێـــی گـــرت، حەواوە
حەقە جێـــی کە، لە بـــۆ وی مـــاڵ و حـــاڵە
لەســـەر تـــۆ گەر ســـەراپا غەرقـــی خـــوێن بـــێ
نیـــیە بـــاکی، شـــەهیدی چـــاوی کـــاڵە
ئەتـــۆ بـــا مـــن بە بێگـــانەش بزانـــی
لە لای مـــن چـــاوەکەم ئەو خـــاڵە، خـــاڵە
ئەگەر کـــوژراوی ڕێـــی عیشـــقت لە یـــاد چـــێ
بترســـە دێـــتە ئەســـتۆت ئەو وەبـــاڵە
نەڵێـــی تـــۆ کـــوردی و شـــوێنە بـــۆت ڕژاوە
لەبـــۆ ئـــاوات و ئامانجـــت بنـــاڵە

# زەردی لیمۆ

## هەژار

چارەڕەش بووم و لە ڕێی خاڵی ڕەشا بێچارە مام
دەک چ گیانسەختم کە من تا ئێستە هەر لەو بارە مام
من لەگەڵ مەجنوونی هاوڕێ بووم لە ڕێی شێتی و ئەوین
ئەو گەیی بە نیاز و من هەر بێدڵ و ئاوارە مام
بۆ هرووژمم، کەوتە کار شیری برۆ و تیری مژۆڵ
کونکونی دڵ دوور لە هەژمار و جەرگ سەد پارە مام
گوڵبەدەن ئەمڕۆ لە گوڵزارا گوڵی پشکوتبوو
گوڵ دەپشکووتن لە دەم، سەرسامی ئەو گوڵزارە مام
بولبولێ لە دیاری گوڵ دڕکی لە قاچی ڕادەچوو
من بە دڵما چوو لە سەیری ئەو گوڵی بێخارە مام
شەوڕەشی پرچت دڵی ساوامی وا دێوانە کرد:
هەر لە منداڵیمەوە بەو تارەوە پەتیارە مام
پێمدەڵێ: ڕەنگزەردی وەک لیمۆی هەژاری، من وتم:
رەنگنەماوی ئەو نەمامی بەژنی لیمۆدارە مام

# کوڵمە

## تینووی مەهابادی

رەشماری جادووت دڵخوازی دڵمە
پێم دەڵەی جەنەت ئەندامی شلمە
دەبم بە هەورێک لە نێو تاریکی
دەبارێمە سەر کەوسەری کوڵمە

## بای پێچەوانەیی غەم

### بێخود

به دەشتی پڕ جنوونی ئاخەوە مەجنوونی شـەیدا خـۆم
بە شـاخی بێسـتوونی داخەوە فەرهـادی ڕیسـوا خـۆم
لە بـازاڕی دڵا سـووتا هەمـوو سـەرمایەیی خۆشـیم
لە یانەی دەستوپێ بەسراوییا بێسوود و سەودا خۆم
لە حەو خانی تەلیسمی سـەخڵەتی و زینـدانی ماتەمـدا
گەهـێ کاووسـی بێتـاوان و گـاهێ بیـژەنئاسا خـۆم
منم هەردوو دەسم لێ بوونە تێغی تیـژی سـەرهەنگان
بە دەس ئەسکەندەری گەردوونەوە بێچـارە دارا خـۆم
لەبەر بـای پـێچەوانەی غەم لە هـیچ لا نـاگرم وەقـرە
لە عەردی وشکی دووری جاویدانا مەوجی دەریا خۆم

## هەڵکلان

### کۆلیل

دەمـت تەنـگە نە وەک تەنگـی بەشـی مـن
رەشــە زولفــت نە وەک ڕۆژی ڕەشــی مــن
ئەتــۆ چــاو گێــژ و مــن گێــژم، لە لێــژی
دوو گێـــژا هەڵگـــلا گیـــان و لەشـــی مـــن

# ناڵەی ئەوین

## دەروێش

وەرە بولبـول بە کـوڵ بگـری کە گـوڵ ژاکـا بە بێوادە
بنـــاڵێنە کە ڕۆژی شـــیوەن و هـــاوار و فەریـــادە
بنـــاڵێنە کە ئەم ژیـــنە سەراســـەر ئـــاە و نـــاڵینە
زەمـانە دوژمنــی زیــن و مەم و شــیرین و فەرهـادە
نەبینــراوە ئەوینــدارێک ژیــانی پــڕ لە شــادی بــێ
پەڕی ژینی وەکوو گوڵبەرگی گوڵ فەوتاوی بەر بادە
چ دەرمانی نییە ئەم هەموە دەردە، ساقی تۆ خوداکەی
بە جـامی مەی دەسـم بگـرە لە گێـژاوی خەمـم لادە
چ پێویستت بە ژینی پڕ لە کەیف و شادییە دەروێش
ئەوینـداری ئەتـۆ، یـادت، هەمـوو کـاتێ لە سـەر یـادە

# ئومێد

## دڵدار

چاوەکـانم لێـڵ و وێـڵ بـوو، کـوا، سـتارەم دەرنەکەوت
دڵ لە تاوی دەردی گڵپەی سەند وەکوو ئاور و نەوت
ڕۆژ هەڵات و زینـدەگی دا گشـتی عـالەم کەوتە ئـیش
چـاوەنۆڕی ئـوفقی دوورم، ڕۆژی مـن کـوا، دەرنەکەوت

# باغچەیی سینە

## عورفی

مەیـــاڵۆزێنە زولفـــت مەیـــخەرە بەر دانەیـــی شـــانە
بە شکڵی ئێستەکەی جوانە، کەوا پەخشانی سەر شانە
بە ڕەنگـی زاهیـرم بـاوەڕ مەفەرمـوو شـاد و خەنـدانم
تەماشـــای خـــانەیی ســـینەم بـــکە، ئێـــرانە وێـــرانە
مەیـــێڵە ناحەزانـــت چـــاو ببـــڕنە بـــاغچەیی ســـینەت
مەبـــادا دەس بهـــاوێژن بـــۆ نـــاو ئەو بـــاغ و بێســـتانە
لە کـــۆڕی عەشـــقبازانا چراغـــی ڕووت ببینـــێ دڵ
بە ناچـــاری بە دەوریـــا هەروەکـــوو پەروانە ســـووڕانە
کە خورشیدی ڕووت ببینم سەباحی مەحشەرم هەڵدێ
کە زولفـت داپۆشـێ، تەنگـی بـانگی نـوێژی شـێوانە
دڵـم زێـڕێکە بـێ هەمتـا، لە نـاو بـۆتەی غەمـا سـووتا
لە گەرمـــی ئـــاگری ڕووتـــا لە تـــاوانە لە تـــاوانە
عەمارەتگـاهی دڵـداران بـوو سـینەم، ئێسـتە ببینـە
بە جـارێ دار و پەردووی دارڕووخـا ئەم خـانە وێـرانە
هەتاکەی کەم سەبووری، ئەی سەبووری تووت هەڵگیرێ
شـــەو و ڕۆژم بنـــاڵێنم بە دەم ئەم دەردی هیجـــرانە
برینـــی دەردی دڵ «عـــورفی» تەداوی نـــاکرێ، ئـــیللا
تەبیبـــی ڕووی مەگەر بیکـــا عیلاجـــی ئەم برینـــانە

# هێلانەی غەڕام

## فانی

چاو لەسەر یەک دادەنێم و یادی وەسڵی تۆ دەکەم
وا نەزانـــی خەو لە چـــاوی خەوڕەواوا کـــۆ دەکەم!
سـەروی بـاڵای تـۆیە سـەرمی کـردە هـێلانەی غەڕام
تۆی لە دڵما گەر تەماشای سەروی گۆشەی جۆ دەکەم
تـا ئەڕۆی، ئەڕوا بە دووتـا هۆشـی مـن، ئـارامی مـن
بـۆیە هەر شـەو تـا بەیـانی شـیوەن و ڕۆڕۆ دەکەم
عیشـقی گوڵدەسـتەی جەمـاڵی تـۆ لە دڵ نـاچێتە دەر
غەمزەدەی ڕووتم بە عیشقی ئەو گوڵە، گوڵ بۆ دەکەم
مـاچی لێـوی ئـاڵی تـۆیە عیشـقی مـن، هیـوای مـن
عیشق و هیوا گەر نەمێنێ، ئارەزووی ژیـن بـۆ دەکەم!
گەردشـی گەردوون هەتـا تـۆی لـێم جیـا کـردۆتەوە
ژانە ژینـی مـن، بەبـێ تـۆ حەز بە مەرگـی خـۆ دەکەم
هـاودەمم خێڵـی خەیـاڵی تـۆیە، چـۆڵیم خـۆش دەوێ
هـۆی ژیـانم تـۆی و بـۆ تـۆ وەک شـوان هۆهـۆ دەکەم
دەردی دووری کوشـتمی ئەی شـۆخی بـێپەروا وەرە
خـوێنی دڵ بـۆ تـۆ لە چـاوەی چاوەکـانم ڕۆ دەکەم
شـــەهد و شـــیرینی بە زارم تـــاڵە بێدیـــداری تـــۆ
ماچی لێوی تۆی لەگەڵ بێ، خوو بە نانی جۆ دەکەم

# هەوری بەدبەختی

**شاهۆ**

مەوسیمی جەژنە و دڵی من تەنگ و تار و ماتەمە
خەڵقی پڕکەیف و دەماخ و خاتری من پڕ غەمە
هەر کەسێ بۆخۆی ڕەفیقی نەونیهالێکە و منیش
یاوەرم لەم ڕۆژەدا هەر ناڵە وو و دەرد و هەمە
ناوی یارم ویردمە ئەمڕۆ لەجێی تەکبیری عید
ژەهری دووریم ئەڵقەمە، ناڵە و فوغانم هەمدەمە
هەوری بەدبەختی و خەفەت ئیقلیمی دڵمی گرتووە
بێ تەماشا کە بزانە چەندە تاریک و تەمە
نم‌نمی بارانی چاوانم لەبەر هیجرانی یار
گەهـ وەکوو باران ئەبارێ و گاهێ وێنەی شەونمە
دایما بگری بەکوڵ شاهۆ هەتا ماوی، کە تۆ
بێوەفایی یارەکەت مەشهووری عامی عالەمە

# یاری وەفادارم بەسە

**ئەدەب**

من لە دنیادا هەر ئەو یاری وەفادارم بەسە
ئەو دڵارامەم بەسە، ئەو یار و غەمخوارم بەسە
بمکەنە موختاری گەنجی عالەم و کونجی لەبی
خەندەیێ لەو دوو لەبی لەعلی گوهەربارم بەسە
دەردی بێدەرمانی عیشقی گەر دڵی کردووم نزار
غەمزەیێ لەو چەشمی بیماری پەرستارم بەسە

# مۆژدەی نەسیم

## حەریق

چـــاوەڕێی مـــۆژدەی نەســیمم تـــا لە گوڵشـــەن دێـــتەوە
بەڵـــکە فەرمـــایش بکـــا گـــوڵ، بولبـــولم بـــا بێـــتەوە
وا وەعیـــدی بەفـــری زســـتانە و فیـــراقم کەوتە دڵ
مەر بە بـای وەعـدەی ویسـالت کێـوی دڵ ڕەش بێـتەوە
میـروەحەی زولفـت لە دەوری ئـاوری ڕووت بـێ، چلـۆن
ئـاگری عیشـقت بە ئـاوی چـاوی مـن دەکـوژێتەوە؟
سووچی زولفت بـوو کە پەروانەی دڵـم ڕووی کردە ڕووت
ئـــاگری وەســـڵی شـــەم و پەروانە شـــەو دەکـــرێتەوە
خەتتـی میهـر و زولـف و خـاڵی، حـوجەتی مـوڵکی دڵە
نەقشـــی ئەو مـــوهرە بە ئـــاوی «خوڕخـــوڕە» نـــاچێتەوە
دڵ لە ترسـی چـاوی بـوو ڕووی کـرد لە میحرابـی بـرۆی
ئێســـتە بیســـتوومە لە چینـــی زولفـــی جێـــی نـــابێتەوە
کێـوی هیجـرت خستە سـەر شـان و، دڵـم پێـی خسـتووە
تـــا نەگـــا دەســـتی بە زولفـــت، زەحـــمەتە هەڵســـێتەوە
سـەد کەڕەت خستمتە گێژی مەهلەکەی بەحـری فیـراق
ئـــــاخری قـــــوللابی موژگانـــــت دەرم دێنێـــــتەوە
مەزرەعەی میهر و مەحەببەت توخمی وەسڵی شین نەکرد
گـــوڵ بە شـــادی دادەچێـــنم، خـــاری غەم دەڕوێـــتەوە
خـــۆت دەزانـــی مـــوددەتێکە ســـەروپاماڵی جەفـــام
کەی وەکـوو نەقشـی قەدەم سـەر نـێمە ژێـر پێـتەوە؟

دڵ ئەوا کەوتـــــۆتە زینـــــدانی غەم و قوربـــــانتم
تـــاییێکی زولفـــت بنێـــرە بەڵـــکە بـــۆم دەربێـــتەوە
تۆخـــودا تـــاکەی لە تـــاریکی شـــەوی هیجرانـــی تـــۆ
دەســـتەو ئەژنـــۆ دابنیشـــم ڕەببـــی کەی ڕۆژ بێـــتەوە؟
فیکـــری مـــن چـــونکە دەقیقـــی عاشـــقی قەددی ئەوە
مـــوو لە مـــوو گیـــراوە، چـــبکەم لێـــکجوێ نـــابێتەوە؟

# هەسارە

**کۆلیل**

لە عاســـــمانی ژیانمـــــدا هەســـــارەی
لە خەرمـــــانی گیانمـــــدا شـــــەرارەی
ئەڵـــێن کۆبـــوونەوەی دوو دژ مەحـــاڵە
کەچـــی تـــۆ ژیـــن و مەرگـــی ئەم هەژارەی

# هەواری پڕ هاوار

## نالی

نەمـــردم مـــن ئەگەر ئەمجـــارە بـــێ تـــۆ
نەچـم، شـەرت بـێ، هەتـا ئەم خـوارە بـێ تـۆ
دەروونـــم خـــاڵییە، وەک نەی دەنـــاڵێ
هەوارێکـــی چ پـــڕ هـــاوارە بـــێ تـــۆ
بینـــاییم کـــوێرە، هەڵنـــایێ بە ڕووی کەس
مـــوژەم یەک یەک دەڵێـــی بزمـــارە بـــێ تـــۆ
هەمـــوو ئەعزایـــی نـــاڵینم دەنـــاڵێ
ســـەراپام میســـلی مۆســـیقارە بـــێ تـــۆ
قەســـەم بەو شـــەربەتی دیـــداری پـــاکەت
شـــەرابم عەینـــی ژەهـــری مـــارە بـــێ تـــۆ
لەکـــن تـــۆ خـــار و خەس گـــوڵزارە بـــێ مـــن
لەکـــن مـــن خەرمەنـــی گـــوڵ خـــارە بـــێ تـــۆ
لەکـــن مـــن بـــا وجـــوودی نـــاس و ئەجنـــاس
کەســـی تێـــدا نیـــیە ئەم شـــارە بـــێ تـــۆ
هەتـــا تـــۆم ئاشـــنا بـــووی، ئاشـــنام بـــوون؛
ئەمێســـتا مـــوو بە مـــووم ئەغیـــارە بـــێ تـــۆ
هەمـــوو ڕۆژێ لەتـــاو هیجرانـــی ئەمســـاڵ
تەمەننـــای مردنـــی پێـــرارە بـــێ تـــۆ
لە حەســرەت ســەروی قەددت چـاوی «نـالی»
دو جـــۆگە، بەڵکـــو دوو ڕووبـــارە بـــێ تـــۆ

# یادی شیرینت

## کاکەی فەللاح

له وەســفی خۆشەویســتی تــا زمــانی لاڵە هەڵبەســتم
ئیتــر تــۆ پــێ بزانــی، یــا نەزانــی، مــن چ دەربەســتم؟
ئەپرسی بۆچی جامی دڵ بە نەشئەی بادە مەست نابێ
ئەڵێ لێورێژی بادەی عەشقی تۆم و هەر بە تۆ مەستم
ئەگەر بـاوەڕ بە مـن نـاکەی وەرە سـەیری دەروونـم کە
له دنیــای خۆشەویســتی تــا چ دەریــایەکی پڕهەســتم
لەبەر ســۆزی دڵــم دوور و نزیکــی بــۆ نیــیە چــاوم
خوڕەی دێ ئاوی سەرچاوەی، ئەگەر شادم ئەگەر پەستم
جـگە لەو یـادە شـیرینەت، سەرانســەر تـاڵە ژینـی مـن
کەچی ئەتوێتەوە خەم، چون لەگەڵ ئەو یادە پەیوەستم
بە تـاجی عەشـقی تـۆوە شـام، له نـاو بەرگـی گەدایـیدا
کەبەنـدەی تـۆم و ئـازادەی چەرخ، دیلێکـی سەربەسـتم
بە هیــوای ئــاورێکی تــۆیە خــۆ هەڵبەســتەکانی مــن
له ڕێــی تەیــری نیگایەکتــا ئەبــێ هــێلانە هەڵبەســتم

# لەبەر سایەت مرم

## حافز/ حەقیقی

جــوانه ڕەوت و ڕۆینــت گیــانه له بەر ســایەت مــرم
لاده بتبیــــنم لەبەر ئەو قەدده ڕەعنـــایەت مـــرم
تـۆ کوتـووته کەی لەبەر مـن دەمـری؟ تـاڵووکەت چییـه
جـــوانه داخـــوازت لەبەر ئـــاوات و داوایەت مـــرم
شێت و شەیدای عیشقی تۆم مەیگێڕێ مەحبووبم لەکوێی
ئەی لەبەر ئەو لار و لەنــجه و بەژن و بــاڵایەت مــرم
پێـی بڵـێ ئاوڕێـک، ئەمـن عـومرێکه شـێتی عیشـقی تـۆم
ئەی لەبەر ئەو چـاوه مەسـته و زولـفه تاتـایەت مـرم
لێـوی لەعلـم تـۆ گوتـت، هەم دەرد ئەبەخشـێ هەم دەوا
گـــا له بەردەردت مـــرم، گـــا بـــۆ مـــوداوایەت مـــرم
چاوی بەد دووربێ له رووت زۆر جوانه ڕەوت و ڕۆینت
بەو خەیـــاڵەی هەم لەبەر ڕەوتـــی کەوئاســـایەت مـــرم
گەرچـی ڕێـی حـافز له بـۆ جێژوانـی وەسـڵی تـۆ نیـیه
جـێمکه تـا بـێم و لەبەر بەردەرکـی بـێلایەت مـرم

# چاتره

## ئەدەب

دڵـــبەرا دڵـــداری وەک تـــۆ، باوەفـــا بـــێ چـــاتره
گەر نەبـــێ مەیلـــی وەفاشـــی، بێجەفـــا بـــێ چـــاتره
تۆ دەفەرمووی جانفیدای ئەو خاکی پا بێ، من ئەڵێم
گەر له تـۆ بێتـوو جـودا بـێ، خـاکی پـا بـێ چـاتره

# چێژتم ئەمڕۆ

## کوردی

چێــژتم ئەمــڕۆ ژەهــری مــار و ڕۆحــی شــیرینم نەهــات
زامــی کــۆنەم هــاتە ژان و مەرهەمــی بــرینم نەهــات
مـن خەمـم خـوارد و خەمـیش خـوێنی جگەرمـی خـواردەوە
بـۆیە گریـام چەنـد بەچەنـد، فرمێسـکی خـوێنینم نەهـات
غەم سـەری لێـدام و یـاریش قەت سـەرێکی لـێ نەدام
سـەبر و هۆشـم ڕۆییـوە، غـارەتگەری دیـنم نەهـات
دڵ دەسووتێ چین بە چین دەشکێتە سەر یەک وەک فەنەر
خـاوەنی ڕووی ئاتەشـین و زولفـی چـین چیـنم نەهـات
دیـدە وەک هەوری بەهـاران خـوێن دەبـارێنێ و سـەدای
پێکەنینــی غــونچەیی نەوســەبزە پەرژیــنم نەهــات
گـۆی سـەرم چەوگـانی میحـنەت دایە بەر خـۆی ڕایفڕانـد
وای عەجەب، بـۆ شاسـواری خـانەیی زیـنم نەهـات؟
کەوتـمە وەختـی مـردن و غەم خسـتمیە حـاڵی غەرغەرە
"کوردی" بێکەس خۆم لە هیچ لایێ سەدای شینم نەهات

# پایزی گریانە دڵم

## عەلی سەلیمی (پەشێو)

گـوڵەکەم! کەیـلە دڵـم، ژیـنم گەلـێ ژانە، دەڕۆم
بەرجەوەنـدم کەسـەرە و گێـژەوی ئـاژانە دەڕۆم
هەڵفـڕی خاسـەکەوی شـایەری دەنـگ‌خۆشـی چیـا
تـا مەلـی شـێعری ئەویـن دێـتەوە هـێلانە دەڕۆم
ریـزی پیـرۆزە لە گـوێی داری هومێـدم خەزەڵە
کەوشـەنی دار و دەوەن شـەوگەڕی زریـانە دەڕۆم
سـەردەمێ گـوڵ، بە بـزەی، بولبـولی دێنـایە ژوان
ئێسـتە لـوورەی ڕەشـەبا باوەشـی جێـژوانە دەڕۆم
ئەو گـوڵەی چـاوم گـرێ دابـوو لە چـاوی کەژەڵـی
شـەختە ژاکـانی پەڕی پـایزی گریـانە دەڕۆم
بۆ جەسەی باڵ و پەڕی شێعری ئەویـن و کەسەرم
تـا مەقەس گـازە دەمـی، کەیفـی لە قرتـانە دەڕۆم
بـۆ نەڕۆم مـن کە لە سـەر بـاوەڕی هەڵبەسـتی تەڕم
هەسـتی هەڵبەسـتی ئەویـن دەفـتەری تـاوانە دەڕۆم
نـامەوێ ژینـێ کە وا بـێ گـوڵی ئـاواتە «پەشـێو»
تـا گـوڵم دێـتەوە نێـو ئەم دڵە وێـرانە دەڕۆم

# ڕێی خەیاڵ

## ئەمین گەردیگلانی

کە دووری لێم، بە یادی تۆ بە شەودا ڕێی خەیاڵ دەبڕم!
بەناڵەی دڵ خەوی شیرین لە چاوی مانگە شەو دەزڕم
پەپوولەی زەردی دڵ دەگری بەسەر تەرمی گوڵی عەشقا
منیش گۆشەی کەوێڵی خەم دەگرم و قامی خەم دەچڕم
کە خەونێکی بەسام ئەمشەو خەوی شیرینی تاراندم
دەبێ بەرگی ڕەشی ماتەم بە بەر بووکی شیعر ببڕم
دەبێ ببڕم سەری کۆتری حەز و تاسەم بە تیغی ژان
بەرۆکیشم بە نینۆخی خەفەت ئەمشەو دەبێ بدڕم
دەبێ خۆڵی خەمی گشت دڵشکاوان من بە سەرما کەم
دڵ و جەرگم بە خەنجێری خەم و دەردی ژیان ببڕم
دڵی تەنگم بە وێنەی ناخی قامیشی وشک کون بوو
پشووم موتریب و دڵ شمشاڵە ، ژانی دووری دەردەبڕم
بە بێ ڕۆحی ئەوین ئەمشەو وەکوو تەرمم لە نێو گۆڕا
دەلەرزم هەر کە چاوی دڵ لە میچی گۆڕەکەم دەبڕم
وەرە با ئەشکی شادی دەشتی وشکی دڵ بخووسێنێ !
بە پەلکی نەرمی گوڵخونچەی ئەوینت تۆزی دڵ بسڕم.

# شاهید

**بۆران** (نادر نیروومەند)

کـــش و مـــاتی تەڵەکەی پەرچەم و خـــاڵە دڵەکەم
کەڵ بە مـــوو بەنـــدە و ئـــازادی مەحـــاڵە دڵەکەم
ئەز نەبـــێ کەس بە هەوایـــێکەوە تـــا ســـەر نەژیـــا
تـــا بـــووە تـــاعەتی بـــۆ چـــاوی کەژاڵە دڵەکەم
چـاو بە تەزبێحـی تـکەی ئەشـکەوە دەسـتی بە دوعـا
شـــــاهیدی گـــــرتنەوەی فـــــاڵی بەتـــــاڵە دڵەکەم
بە گزنگـــی دەس و پەنـــجە شـــەوی زولفـــت لابە
شـێت و شـەیدای فەلەقـی ڕوومەتـی ئـاڵە دڵەکەم
زەردەخەندەت بە جلی سووەرەوە دەستی دڵی گرت
گەڕی ســـەرچۆپییەکەی تەشـــقی خەیـــاڵە دڵەکەم
وەحیی عەشقە و لە کەو و عەرشەوە نازڵ بوو نیگات
کـــۆڵ بە بەرمـــاڵی خەم و لەرزی هەڤـــاڵە دڵەکەم
چەمـی ئاسـۆی بە گزنـگ ڕشـتووە کلچێـوکی بەیـان
لەوە بـــــــۆران ئەبەدی بـــــــانگی زوڵاڵە دڵەکەم
تەشـــقی نیلـــووفەڕی ئەو چـــاوە کەڕامـــاتی نوانـــد
وا فـــڕی گەرچـــی مەلـــی بـــێپەڕ و بـــاڵە دڵەکەم

# بۆ بەجێت هێشتم

## ئەمین گەردیگلانی

دڵــم خنکــا لە نێــو گێــژاوی خەمــدا بــۆ بەجێــت هێشــتم؟
روحــت بــردم، لەشــی ســەردم بە جێمــا بــۆ بەجێت هێشــتم؟
بــزەی مــانگە شــەویش تــۆرا لە هــۆدەی ســەرد و تــاریکم
لە نێــو ئەم گــۆڕەدا جەســتەم پڕووکــا، بــۆ بەجێــت هێشــتم؟
لە ژێــر هەنگــاوی شــەوبادا گەڵای ویشــک کە خشــپەی دێ
دەلەرزم، دادەخــورپێ دڵ، لەگەڵیــا، بــۆ بەجێــت هێشــتم؟
لەترپەی پێت دەچێ وا شەو دەهاتی دەست لە ئەستۆم کەی
دڵم تەنگە ـ گوڵم ـ ئەمشەو بە تەنیا بۆ بەجێت هێشتم؟
گــوڵم، بــێ تــۆ لەشــی ســەردەم وەکــوو بــابردەڵە و پووشــە
کە بــاهۆزی مەرگ دێ ڕۆژێ دەمبــا بــۆ بەجێــت هێشــتم؟

# ڕەنجەڕۆ

## مستەفا ئیلخانیزادە

بـــۆهەر لایەک دەچـــم هەر باســـی تـــۆیە
لە هەر شـــوێنێک لە جوانیـــت گفتوگـــۆیە
وەرە مـــاچم دەیە نـــازان مەفەرمـــوو
ئەوەی عاشـــق بە تـــۆ بـــێ، ڕەنـــجەڕۆیە

# دڵمی جنی

## زاری

بە چـــاوی مەســـت ئـــارامی منـــی بـــرد
بە تێغـــی ئەبـــرۆی دڵمـــی جنـــی ورد
وتـــم بـــازێکی ئـــازادە خەیـــاڵم
لە داوی زولفـــی خـــاوا پـــاوەنی کـــرد
پەنـــا بـــۆ کـــێ بـــبەم دادم بپرســـێ
بڵـــێم دڵـــبەر ئەوەی کـــرد و ئەوەی بـــرد
ژیـــــانی بێفەنـــــا لەو داوە دایە
ئەوەی لەو داوەدا بمـــرێ مەڵـــێ مـــرد
بە قوربـــانی ســـەبا بـــێ گیـــان و مـــاڵم
کە پەیغـــامی بەهـــاری وەســـڵی هـــاورد
ئەزانـــی بـــۆ دەمـــاخم چـــاخە ئەمـــڕۆ
بەلامانـــا بە نـــاز ئەو شـــۆخە ڕابـــورد
شکەستیدا بە سەرو ئەم سەروە سەد جار
بە دوو نـــارنجی نەرمـــی پڕچنـــگ و گـــرد
قەڵەم لەت بـــێ زوبـــانی ئـــێمە نووســـی
پەشـیمانم چـی بـوو ئەم زوڵـمە چـم کـرد
لە ســـەفحەی ســـینەدا دوو قـــوببە کـــافوور
دروس کریـــاوە بـــێ ئوســـتاد و شـــاگرد
لە شـــەرما گەردنـــی کەج بـــوو وەنەوشـــە
لە ســـەر ئەو ڕوویە ڕووبەنـــدی کە لابـــرد
خەیـــاڵی مـــن بە خەو ڕێـــی کەوتە بـــاغی
کە پێـــی زانـــی لە هەردی بـــاغی دەرکـــرد
وتـــی «زاری» بەشـــت لەم بـــاغە نـــادەم
وتـم وەعـدەی مـن و تـو حەشـر و سـەر پـرد

# گوڵی یادگار

## ناسر ئاغابرا

دڵشکێن بۆ گوڵ دەنێری؟ من گوڵم ناوێ لە تۆ
گەرچی دڵمت کوشتووە خوێنی دڵم ناوێ لە تۆ
گوڵ مەنێرە! تۆ گوڵی هیوای من ژاکاندووە
تۆ زەمانێک کۆشکی ئاواتی منت ڕوخاندووە
خۆزگە خەرمانێک گوڵم بایە لە خونچە و یاسەمەن
گەر دەهاتی ڕشتبامە خاکی بەرپێت گوڵبەدەن
دیوەکەی من، گوڵشەنی بێ باخەوانی بۆ چییە؟
جەننەتی بێ ئەم دڵەم سەروی ڕەوانی بۆ چییە؟
من دڵم داوە و لەلام هیچ بایەخی نێ دڵ نەبێ
گوڵ مەنێرە، بەژن و باڵات گوڵ بێ، عومرت گوڵ نەبێ

# نامەی خوار و خێچ

## بێوەی

گەر دێری نامەم خوار و خێچە
تای هەڵقرچاوی پرقەمچ و پێچە
ئەوە بە گڵپەی دەروون سووتاوە
سەد قەمچی تیایە و وا هەڵکزاوە
کوورەی دەروونم نەک نامە و خامە
سوور ئەکاتەوە چی خشتی خامە
هانام کە بەکوڵ لە دڵ دێتە دەر
ئەم دنیا ئەکا بە سارای مەحشەر
دووریتان یاران گەلێ ستەمە
گریشم تێچێ، هێشتا هەر کەمە

# جوانی بێناو

## گۆران

قــژ کــاڵی لێــو ئــاڵی پرشــنگی نیگــا کــاڵ،
ئەی کچە جـوانەکەی سـەرگۆنا نەختێـک ئـاڵ!
ئەی کــچە مەنــگەکەی بە دەنگــی چــپە دوو،
گەنــدەمووی دەموچــاو مەچەک هەڵنەگرتــوو
ئەی ئەندام وردیلەی نەرمۆڵەی ئێسکسووک،
ئەی بەرگی ساکارت دڵگیرتـر لە هی بـووک!
ڕاســتە مــن ڕێبــوارم، ســەرپێیی ئەڕوانــم،
بەڵام وا جــوانیی تــۆ کــاری کــرد لە گیــانم،
ئەلێــی نەک هەر ئێســتا، عــومرێکی درێــژە
بەو دەســت و پەنجــانەت بــرینم ســاڕێژە!
ئەی کــچە کــاڵەکە! جــوانیتر بــا زۆر بــن،
لە بــاغچەی بەهــارا گوڵبــاخی بەر خــۆر بــن،
با ڕەنگیان پەرداخت بێ و جێگەیان سەرچڵ بێ،
بە واتەی خەڵکیتــر بــا ناویــان شــاگوڵ بــێ،
گیــانی مــن بــۆ تەڵــێ وەنەوشــە پەرۆشــە،
کە لە ژێــر ســێبەری تووتڕکــا خامۆشــە!
لە هەمــوو ئاســمانا ئەســتێرەی بەربەیــان!
ئەخــاتە دڵــی مــن هەســتێکی ســپی و جــوان!
لە تەختێـک هەڵدەسـتێ هەزار و یەک نەغـمە
ئەوەیــان شــیرینتر دێــتە گــوێم زۆر نــزمە!
کــانیەکی ڕوونــی بەر تــریفەی مانگەشــەو
لە بنیــا بــلەرزێ مرواریــی زیــخ و چەو،
جــوانترە لەلای مــن لە دەریــای بێســنوور
شـەپۆلی بـاتە بەر تیژگـی ڕۆژ شـڵپ و هـوڕ!

قژکـــاڵی لێوئـــاڵی پرشـــنگی نیگـــا کـــاڵ،
ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێک ئاڵ!
دەربەست نیم ڕێبوارم، دەربەست نیم ڕەوتەنیم،
ئەزانـی شـپرزە و دەربەسـتی ئێگجـار چـیم؟
هـــی ئەوەی نیگارێـــک لە یـــادم کێشـــراوە،
شـــۆخێکی نایـــابە، بەڵام ئـــاخ، بێ‌نـــاوە.

## گڕ

### کامەران موکری

کە پرچـــــــت ئـــــــاڵان لە گەردن
گـــــڕت بەردا لە دڵـــــی مـــــن
کە پەرچەمـــت ڕشـــتە ســـەر ڕوو
ئـــاگر لە دەروونـــــم بەربـــــوو
ئەی زۆرداری جـــــوانی بچـــــووک
تکـــایە، کچـــی ئێســـکســـووک!
لێـــــرەوە مەیە شـــــەیدام بـــــۆت
وەبـــــاڵی دڵـــــم بە ئەســـــتۆت

# برۆ

## حەمدی

بـــاڵی کێشـــاوە بەســـەر حوســـنا لە دوو لاوە بـــرۆ
وەک هومـا گەیـیە مەقـامێ، پێـی لە سـەر چـاوە بـرۆ
ئەمـری هەر قەتـڵە ئیشـارەی دڵ بە دوو لەتکـردنە
شـــیری میســـرە قەت لە کـــالانە نەوەســـتاوە بـــرۆ
ڕوتبەیـــی بـــاڵا بە ئینســـانی بچـــووکی قەت مەدەن
چـــۆن لە ڕووی ڕۆژا بـــزانە شـــیری کێشـــاوە بـــرۆ
پەنجەیـی ئیعجـازە سـایەی مـا لەسـەر شـەققولقەمەر
یـــا لە قـــابی مەســـتی نـــازا حـــاجیی نـــاوە بـــرۆ
بـۆیە سـاف و تیـژە وەک خەنـجەر لە بەخـتمدا سـەبا
بەو هەســـانی مەکـــکەیەی زوڵفـــانەیی ســـاوە بـــرۆ
ڕەنگە قەت ئەهلی موحیببەت یەک کەسی لێ دەرنەچێ
تیغـــی ڕاکێشـــاوە ئەمـــری کوشـــتنی داوە بـــرۆ
وەک چەمەن (حەمدی) بە خەتتی وردە تەعریفی بکەی
چـــونکە ئەو ڕێحـــانەیە تەعریفـــی هەر مـــاوە بـــرۆ

# لەگەڵ تۆمە

## مەدهۆش

کچی جوان من ئەگەر بێکاروبار ماوم، لەسەر تۆیە
ئەگەر تێهەڵدراوم، دڵشکێنراوم، لەسەر تۆیە
بەیانی تاکوو ئێوارە بە چاوەڕوان لەبەر دەرگام
بەشەو تاکوو بەیانی بێخەون چاوم لەسەر تۆیە
هەموو خزمان و دۆستانم لە من تۆراو و لالووتن
لەلای بێگانە وو یاران کە بەدناوم لەسەر تۆیە
دەمێ کۆڵان بە کۆڵان هەروەکوو دز خول ئەخۆم بێدەنگ
دەمێ یاساوڵی سەر ڕێگە وەستاوم لەسەر تۆیە
کە یاران پێم ئەڵێن تۆ بۆچ وەهات لێهاتووە بەدبەخت
لە شەرما هەروەکوو بت، بێ وەڵام ماوم، لەسەر تۆیە
بە بەردەرگاکەتا تێپەڕ ئەبم سەیرێکی ڕووم ناکەی
لەلای ورد و درشتی ناوچە ناسراوم، لەسەر تۆیە
دەبا جارێک بڵێی فەرموو، وەیا جارێک بڵێی لاچۆ
لەسەر ورتەی وەڵامێکا کە داماوم، لەسەرتۆیە
بە چاوی سووکەوە سەیرم مەکە، نرخم لەسەر دانێ
بە یاری تۆم ئەزانن خەڵکی، من ناوم لەسەر تۆیە

# تیری نیگا

محەمەد نووری

بە کام تیری نیگایەک ئەنگواوم؟
دەپاڵێوێ دڵۆپەی خوێن هەناوم
لە ئامێزی غەمی دووریتی دەگرم
هەتا باوەش دەبا ئەژنۆی شکاوم
ئەوا ڕۆیین بە دووی یەکدا دڵ و دین
ئەمن لەو نێوەدا بێچارە ماوم
دەبا بگری هەتا ماوە لەسەر دڵ!
زنەکێشی خەفەتپاڵێوی چاوم
لە هەورازی ژیان هێندەم ڕکێف خوارد
شەکەت کەوتم جدەو بووم و سواوم
لە پێچاڵی تەنین بێڕایەڵ و پۆ
مەکووکێکی خولی هەودا پساوم
لە مەزرای مەینەتا شین بووم لەخۆڕا
لە ئاخ و حەسرەت و ئەشکا ڕواوم
چ ڕێکوپێک، بەبێ کورتی و درێژی
کراسێکم بە بەژنی غەم بڕاوم
بە ئاواتت دەژیم تا هەم لەگەڵ غەم
لە تانووتی ڕەقیب گورچووبڕاوم

# ژوان

## هێدی (خالید حیسامی)

ناڕژێ ئەسرینی من هێندە، ئەگەر دڵ داکەوێ
ماڵی دڵ وێران بێ، ماڵوێرانی کردم، ناسرەوێ
هێندە بێزارم، دەڵێم دڵ هەر لە سینە بێنمە دەر
تا بزانێ من نەبێ، ئەو ئاگرە کەس نایەوێ
باشە چاو تێبینە دەیڕێژێتە داوێنم، دەنا
گەنجی فرمێسکم هەموو تێدا دەچوو لێرە و لەوێ
بەژنی تۆ گەر سەروە، سایەی خۆت لەسەر من کەم مەکە
ڕووت ئەگەر ڕۆژە عەزیزم مەیگرە، با دەرکەوێ
دەفتەرم پڕ کردەوە ئێستەش دەلیلی وامنییە
فەرقی پێدانێم لە بەینی خاڵی تۆ و خاڵی کەوێ
گەر پەرەنگی گوارەکەت ئاوا نەلەرزێ لەو سەرە
دەرفەتێ بۆ ماچ و کوڵمە گەزتنێ دەست ناکەوێ
من دەڵێم دڵ کۆرپەیە، با لایلایی بۆ بکەم
ئەو بە شیعری من کوڵی هەڵدەستێ، ئیتر ناخەوێ
هەر دەبوو ڕۆژی هەوەڵ من دوو دڵم بێ و یەک زمان
تا لە ماڵێکدا ئەڤین و ئاوەزم نەبنە هەوێ
بسکەکانی تۆ گوڵم! لاجانگی تۆیان گرتووە
بەو هەناسە ساردە خۆ من ئەو تەمەم پێناڕەوێ
من بە یادی تۆوە گۆشێک و خەیاڵێکم بەسە

ســـــووڕی ئەو چەرخە ئەگەر نەمخـــاتە گێـــژی گێـــژەوێ
دوور لە خەڵکی دەس لە ئەستۆی یەک دەکەین ئەمن و خەیاڵ
کەس ئیتـــــر بەو ڕازە نـــازانێ کە مـــن لەو چـــم دەوێ
گەر بەڵێـــنم لێـــی بـــوێ دووبـــارە بـــۆ ژوانێکی‌تـــــر
پێم‌دەڵـــێ شـــەوگار درێـــژە کـــوێ بڵێـــی مـــن دێـــمە وێ
مـــن لە ســـایەی زولفـــی تـــۆوە ڕۆژی ڕوونـــاکم نیـــیە
شـــیوەنم جـــا تـــازە کەڵکـــی چـــی هەیە نیوەشـــەوێ
ئەو وڵاتە ئەو کـــــوڕەی نـــــاوێ بە ســــــەربەرزی نەژی
باوەشـــی دوژمـــن نەبـــێ نـــایبێ ئەوی کـــوردی نەوێ
تـــۆ پەژارەی چیـــتە «هێـــدی» دڵنیـــابە چـــارەنووس
چـــــاوەڕێتە، ڕۆژێ هەردێ کـــــوردەواری ســــــەرکەوێ

# بەیانت خۆش و گەش خانم!

## مەلای جزیری/ هەژار

بەیانت خۆش و گەش خانم    کزە و هیوای دڵ و گیانم
لە بسکت‌دایە تای ژیانم    ئەوینت بۆتە ئامیانم
بڵێم تۆ چەندە شیرینی!؟    نە وەک قەندی، نە هەنگوینی
ئەتۆ گیانی، ئەتۆ ژینی    ئەتۆم هێزی ئەتۆم تینی
بە قوربانت دەکەم گیانم    بەیانت خۆش و گەش خانم
وەرە ڕووناکی چاوانم    ببینم بەژن و بالاکەت
لە مەستی چاوەکەت مەستم    نەما هۆشم، بڕا هەستم
بە ناز و غەمزە ناوەستم    بە خێری خۆت وەرە دەستم
لە جوانیت بوویە پیری من    ئەوینتە دەستگیری من
تەنێ هەر تۆی لەبیری من    ئەتۆی سەردار و میری من
پەنای بۆ من، کەسی بۆ من    ئەتۆ فریاڕەسی بۆ من
خەنیم تا تۆ هەسی بۆ من    لە عالەم تۆ بەسی بۆ من
گراوی داوی کەزیانم    بەیانت خۆش و گەش خانم
وەرە ڕووناکی چاوانم    ببینم بەژن و بالاکەت
دڵم بەربێ لە کەزیانت    ڕەها نابم لە چاوانت
لە پەنجەی ناسک و جوانت    گرم گرت، بوومە شەمدانت
ئەوینداری ژیان تاڵم    پەپوولەی ڕوومەتی ئاڵم
گڕی تێچوو پەڕوباڵم    دەسووتێم، ناشێ بشناڵم
لە تاوان بێ‌سەر و زمانم    بەیانت خۆش و گەش خانم
وەرە ڕووناکی چاوانم    ببینم بەژن و بالاکەت
خودا، لەو بەژن و بالایە    لەناو ئەو ئاڵووالایە

**پشێوی خستە دنیایە**
**گرێکی خوا لە توور جارێ**
**ئەمن دیتم لە تالارێ**
لە تینی دینێ بریانم
وەرە ڕووناکی چاوانم
**شەوەی بسکۆڵ و کاکۆڵی**
**بەر و سینگی سپی و سۆڵی**
**لە هەرلا ڕێزی بشکۆژێ**
**دەدەن پرشنگ و تیرۆژی**
وەکو دڵ خانەوێرانم
وەرە ڕووناکی چاوانم
**لە شۆخی و ناسکی و شەنگی**
**پەریزادەش پەڕی ڕەنگی**
**کەزێت وەک جووتە ڕەشمارن**
**مژۆڵت تیری پەڕدارن**
بە برژانگانە بڕژانم
وەرە ڕووناکی چاوانم
**لە ڕۆژی جەژن و سەرسالان**
**بپرسە حالی بێحالان**
**چ ناقەومێ ئەگەر وابێ**
**ئەوەندەت با لەرای خوابێ**
نەماوی وردەخالانم
وەرە ڕووناکی چاوانم
**لە بادەی بەردەمیم ڕوانی**

**دڵم پۆلووی لە بەر بابە**
**کە مووسا دی لەسەر دارێ**
**دەسا چۆن ئۆقرە ناتارێ**
بەیانت خۆش و گەش خانم
ببینم بەژن و بالاکەت
**سپێدەی لامل و قۆڵی**
**پەل و پووزی خڕ و خۆڵی**
**کلاوی زێر لەسەر ڕۆژێ**
**دڵم هەر دەستی دەکرۆژێ**
بەیانت خۆش و گەش خانم
ببینم بەژن و بالاکەت
**لە چاوی مەست و سێوەنگی**
**رۆحم کەوتە نەفەس‌تەنگی**
**برۆت وەک شیری مووکارن**
**بەرەو جەرگم سەرەوخوارن**
بەیانت خۆش و گەش خانم
ببینم بەژن و بالاکەت
**کە دارودەستە لێت هالان**
**بفەرموو بێنە دیار خالان**
**یەقینم کابە کەچ نابێ**
**دەگەڵ دڵدار دڵت چا بێ**
بەیانت خۆش و گەش خانم
ببینم بەژن و بالاکەت
**لە وێنەی ڕوومەتی جوانی**

**دڵم بووراوە ئەوعانی**
**لەوێ ڕۆژێوە بێهۆشم**
**وتم ڕازێکە دەیپۆشم**
بە سەرخۆشی چ دەتوانم
وەرە ڕووناکی چاوانم
**بزەی ئەو تەنکە لێوانە**
**لەرەی ئەو شەکرە سێوانە**
**نەخۆشی چاوی بەخومارم**
**مەلای ژاری بەئازارم**
لە دەستتدایە دەرمانم
وەرە ڕووناکی چاوانم

**لە هۆش خۆم چووم لە رامانی**
**پەرۆش و مات و خامۆشم**
**بەڵام هەیهاتە تێکۆشم**
بەیانت خۆش و گەش خانم
ببینم بەژن و باڵاکەت
**شیفان بۆ شێت و دێوانە**
**لە گش ئازارێ هەتوانە**
**بە نازانت بریندارم**
**دەبا نەمرم بکە چارم**
بەیانت خۆش و گەش خانم
ببینم بەژن و باڵاکەت

## ماهی عیشق

### عەبدوڵڵا زێوەر

مـــن لە ســـایەی حوســـنی تـــۆ قەلبێکـــی پڕشـــادم هەیە
گەرچـــی هەر ســـاتێ لە لای تـــۆ زوڵمـــی بـــێدادم هەیە
سواری ئەسپی کیبـر و نـازی، نـاتگەمێ هەرچەنـد بـڕۆم
نـــــاعیلاجم وەک جەرەس ئەفغـــــان و فەریـــــادم هەیە
ماهی عیشقت موشکیل و، وەسڵت لە ڕێی هات و نەهات
بێشـــکە جەولانـــی بێشـــکە و شـــەوقی دامـــادم هەیە
چونکە قەت ناگەم بە کۆی تۆ، وەک نەسیمی سوبحدەم
هەر ســـــەحەرگاهێ تەمەننـــــای نیعمەتـــــی بـــــادم هەیە

## جەژنانەی من

### بەختیار زێوەر

دیســـــانەوە شـــــەو هـــــاتەوە بـــــۆ عاشـــــقی غەمبـــــار
بتلێـــــتەوە تـــــا ڕۆژ بە جەخـــــاری دڵـــــی زامـــــار
بێچـــــارە بنـــــاڵێنێ وەکـــــوو بولبـــــولی گـــــوڵزار
پڕســـــۆز و بەئـــــازار، ناکـــــام و بە بـــــێ یـــــار
هەرچەنـــــدە وەک ئەستێرەشوناســـــێکی جیهـــــانی
ئەڕوانـــــمە ئاســـــمانی پـــــڕ لە هیـــــوای نیهـــــانی
لـــــێم دیـــــار نیـــــیە بەختـــــی منـــــی بیمـــــار
هەی هەی کە منـــــی زار، بەدبەخـــــتم و بێـــــدار
شـــــەوگار، دەبـــــڕۆ ڕەش لادە لە چـــــاوم
مـــــن خـــــۆم بە گەلـــــێ دەردەوە بـــــاش تێـــــوە گـــــلاوم
تـــــۆش هەروەکـــــو مێمـــــڵ مەبە ڕێگـــــری دڵـــــدار
بەس بمـــــخەرە هـــــاوار، دڵپەســـــتم و دووچـــــار

# نامەوێ

## ئەخۆڵ

شــەرتە تــا ڕۆژی حەشــر خولیــایی مــن بــێ چــاوی یــار
وێڵــی ســەحرابم هەمیشــە،تەرک ئەکەم خــویش و دیــار
شــەرتە خــوێنم یــا بە گریــان ئەڕژمە ســەفحەی عەدەم
یـــا بە شمشـــێری ڕەقیبانـــا ئەبـــێ بتکێـــتە خـــوار
شەرتە وەک مەجنوونی بێکەس دەشت و کێو بێ مەسکەنم
تــا بە داخــی لەیــلەوە، دەمنێــنە قەبــری تەنــگ و تــار
شــەرتە وەک فەرهــاد قــوڵنگی یــادی شــیرین هەڵگــرم
تـــا لە پـــای کێـــوی فیراقـــا جـــێ دەهـــێڵم یادگـــار
شەرتە وەک یەعقووب لە دووری یۆسفی گومگەشتەکەم
ســینە پــڕ غەم، دیــدە پــڕ نەم ، تــا ئەبەد بگــرم قەرار
شـــەرتە وەک ئـــازیز مـــردە ســـەر لە ئەژنـــۆ بەرنەدەم
بـــۆ دڵەی وێـــڵ و غەریـــبم دائیمـــا بگـــریم بە زار
شــەرتە وەک بلبــل بە شــیوەن قەت لــق و چــڵ بەرنەدەم
تــا دەمــی خــونچەی ئەمەل نەکــرێتەوە ســوبحی بەهــار
شــەرتە وەک دێــوانە کەشــکۆڵ و عەســایەک هەڵگــرم
بـــیخەمە لاوە بە جـــارێ عیززەتـــی نەفـــس و ویقـــار
شەرتە بمبێ تاجی خەسرەو،گەنجی قاروون، تەختی کەی
هەر لە دەرگـــای ئەوا بمـــرم کەســـاس و خاکســـار
شــەرتە ڕەنگــین کەم لە داخــی تــۆ بە ئەشــکی دیــدەم
عەرد و بەرد و شـــــــاخ و لالەزار و جۆیبـــــــار
شــەرتە یــا حەســرەت لەگەڵ خۆمــا ئەنــێمە قەبــرەوە
یــا ئەبــێ بمــژم لە خــونچەی نەوشــکۆفەی لێــوی یــار.

# کانی

## ناسرئاغابرا

هەر کاتێ دەکەومە بیری
ڕۆژانی جوانی
بۆ سارێژی زامەکانم
بە تەنیا دێمە سەرکانی
زووخاوی دڵ هەڵدەڕێژم بۆ وردە شەپۆلەکانی
ئەم بەستەیەی بۆ دەخوێنم
بە لاوک یا بە گۆرانی
کانی کانی
تۆ جێژوانی پەریەکانی
تۆ ئاوێنەی ئاسمانی
خوێنی جەرگی چیا سەخت و بەرزەکانی
خۆزگە ئەوەی من دەیزانم
تۆش بیزانی
کانی کانی
دەزانی بۆ زۆر دێمە لات؟
چون لە لای تۆ بەجێماون جێ‌پێکانی
کانی کانی
تۆ شاهیدی پشکووتنی ئەوینێکی ئاسمانی
قاتڵی من لە تۆیدا شۆرد پەنجەکانی
خوێنی دڵم تکاوە نێو ئاوی کانی
بە دەم دزەی ئەوینەوە
دەمردم و نەمدەزانی
کانی کانی کانی کانی

# ڕێگەی هەوراز

## ئاسۆ

تــۆ ڕۆژی هەوەڵ فەرمــووت ئەم ڕێــگەیە هەورازە
مــن گیــری خەم و پێچــی ئەم شــوێنە ببــووم تــازە
تـۆ ترسـی هەڵـۆ و باشـوو چەشـنی کەوی بـۆرانپێچ
هێنــــــاتی و دەتزانــــــی دەرکەی دڵەکەم وازە
دەتزانـــی کە هــێلانەی بێتینـــی دڵـــی شـــاعیر
بەم سەخڵەتیشـــە گەرمە، ڕاوگەی گەلـــی چاوبـــازە
ســەد حەیفــی کە نەتزانــی لەم گێــژی ئەوینەیــدا
هەر قــوژبنی قەلبــی مــن حاشــارگەیی ســەد ڕازە
جــا چــۆنی نەدرکێــنم کــوا حــاڵی لە دڵ بــا بــێ
بەحســی غەزەلــی عیشــقم کــۆنە و بە مەســت تــازە
تــۆ بــازی گــوڵی جــوانم نیشــتوویەتە ســەر شــانم
قەت پـــێم مەڵـــێ ئەم بـــازە گەر وازی لە پەروازە
ســەد جــارم ئەڕەنجێنــی جــارێکی دەپرســی لــێم
گەر لـــوتفە وەهـــا نـــابێ، گەر جەورە بە ئەنـــدازە
هەر چەنـدە ڕزەی پیـاڵەی عیشـق و وەتەن و جـوانی
وەک چەنگـی دەسـی زوهـره هەروا لە سـەر ئـاوازە
ئەی تیشـکی گەلاوێـژی شـەوگاری ڕەش و تاریـک
ڕوونـــی کەوە ئاســـۆکەت، کـــوا لایـــقە ئەو نـــازە

# دڵی من

## شێخ نووری

لەو ڕۆژەوە تـــۆی دیـــوە پەرێشـــانە دڵـــی مـــن
ســـەودازەدە و و بێســـەر و ســـامانە دڵـــی مـــن
پیشـــەی خەفەت و شـــیوەن و گریـــانە دڵـــی مـــن
گـــا وێڵـــی کەژ و کێـــو و بیابـــانە دڵـــی مـــن
گـــا دەربەدەری کـــووچەیی شـــارانە دڵـــی مـــن
سەرســـامی پەڵ و بەردی منـــاڵانە دڵـــی مـــن

هەرچەنـــدە بەدوویـــا ئەگەڕێـــم شـــار و وڵاتـــان
دەشـــت و کەژ و ســـەحرا و چیـــا، چـــۆڵ و بیابـــان
نایـــدۆزمەوە، بێسەروشـــوێن ڕۆییـــوە دیســـان
شـــێتانە ئەبـــێ ڕووی لە چ لا کردبـــێ یـــاران
وەک بلـــبلەکەی وێڵـــی گوڵســـتان بە بەهـــاران
ئـــاخۆ لە چ گـــوڵزارێ غەزەلخـــوانە دڵـــی مـــن

ســـاتێ نەبـــوو دنیـــا بـــگەڕێ تـــۆزێ بە کـــامی
ڕۆژێ نەبـــوو ســـەد دەفـــعە کە نەکـــولێتەوە زامـــی
زۆرم پەلە کـــرد، دڵ نەبـــێ گیرۆدەیـــی دامـــی
بێهـــوودە بـــوو خـــۆی تووشـــی بەڵا کـــرد بە نەفـــامی
ڕۆحـــی بە فیـــدا کـــرد و کەچـــی هەر نەبـــوو ڕامـــی
ئێســـتا بە شـــەو و ڕۆژ، بەشـــی گریـــانە دڵـــی مـــن

# دوژمنی دین

## سافی هیرانی

ئەو پەرچەم و ئەگــــریجە هەمـــــوو دوژمنـــــی دیـــــنە
ئەو زولــف و ڕوخەت ئــافەتی ســـەر ڕوویـــی زەمیـــنە
عەشـــقت لە دڵـــم ســـابیتە نەک عــــاریزە قوربــــان
وەک تـــــورڕەیی شــــاهان کە لە ســــەر ڕووی نگیـــــنە
دڵ بـــۆتە کەبــاب بـــۆ مـــوژەیی دیـــدەیی مەســـتت
قوربـــــان لەوە مەعلــــــوومە کە لێـــــوت نمەکیـــــنە
غەرقـــم کە بە دایـــم لە بەر ســــەیلاوی سروشــــکم
بـــێ لەعلـــی لەبـــت نـــابێ نەجـــاتم بە ســـــەفینە
بـــێعــــارە دڵـــم چەنـــدە جەفــای دەی حەقە ئەممـــا
بـــێڕەحمە گـــوڵم چـــونکە ڕەقیـــب وا لە کەمیـــــنە
ســــــافی خــــــاکی دەری تـــــۆ دووره بە قوربـــــانی
ســـەگمەرگی نەبـــێ هێنـــدە چلـــۆن قـــابیلی ژیـــنە

# به من چی

## فیدایی

کــه مــردم شــین و گریانــت بــه مــن چــی؟
کــه گــوڵ چــوو، تــاوی بارانــت بــه مــن چــی؟
لــه ســەر تەرمــی منــی عاشــق بــه قوربــان
ئیتــر زولفــی پەرێشــانت بــه مــن چــی؟
لــه هــۆدەی مــاتەم و غەمــدا کــه ســووتاوم
ســەفایی بــاغ و هەیوانــت بــه مــن چــی؟
کــه هــێلانەی شــەهێنی دڵ خــرا بــوو
قەدی ســەروی گوڵســتانت بــه مــن چــی؟
بــه پــاییز پووشــی ویشــکی تەن کــه فەوتــا
بەهــاری لێــوی خەنــدانت بــه مــن چــی؟
کــه مــانگی بەختــی مــن ڕووی نــا لــه کەســری
تریشــکەی ڕۆژی کوڵمانــت بــه مــن چــی؟
بــه کاســی غەم دڵــم شــێواو و کاســه
شــەڕابی ســافی فینجانــت بــه مــن چــی؟
کــه تووشــی لــه شــکری دەرد و خەفەت بــووم
دەوایــی دەرد و دەرمانــت بــه مــن چــی؟
کــه پەیــدا بــوو شــەوی تــاریکی دووریــت
دەســی مووســایی عیمرانــت بــه مــن چــی؟
لەشــم گەر کەوتــه مەیــدانی نەبــوونی
لەوەدا باســی لوقمانــت بــه مــن چــی؟
کــه بــڕوا نــووری بینــایی لــه چــاوم
جــوانی ڕەنگــی باغانــت بــه مــن چــی؟
لــه نێــو چــاڵی غەمــی تــۆدا کــه گیــرام
جــوانی دەشــت و کێوانــت بــه مــن چــی؟
«فیــدایی» گەر نەمــا ، بــۆ تەعــزیەی
ئەو دەم و لێــوی غەزەلخوانــت به مــن چــی؟

# پەرێشانی

**هێدی (خالید حیسامی)**

چـــارەی خەمـــی مـــن مەی نیـــیە، مەیخـــانە بڵـــێ چـــی؟
بەو دەردەوە مەی نـــــامگرێ، پەیمـــــانە بڵـــــێ چـــــی؟
پـــــێم وانیـــــیە لەو غەدرە لە فریـــــام بـــــکەوێ کەس
ئەو دۆســـت بـــوو وەفـــای بـــۆم نەبـــوو، بێگـــانە بڵـــێ چـــی؟
بســـــکت بـــــدە دەس شـــــانە، بەڵام چـــــین مەخە ئەبـــــرۆ
زولفـــــی تـــــۆ شـــــنە تێکـــــیدەدا، شـــــانە بڵـــــێ چـــــی؟
هەر عاشـــــقە، سووچیشـــــی نەبـــــێ، دەیـــــخەنە ئەســـــتۆی
شـــــەم ئـــــاگری کـــــردۆتەوە، پەروانە بڵـــــێ چـــــی؟
تـــــاوانی مـــــنە دەربەدەری و دەردیســـــەری مـــــن
مەل خـــۆی ســـەری خـــۆی هەڵگـــرێ، هـــێلانە بڵـــێ چـــی؟
شـــێتی قەدی تـــۆ شـــەرتی لەگەڵ چـــۆڵ و چیـــا بـــوو
زانـــــا بـــــێ بە زنجیـــــرەوە، دێـــــوانە بڵـــــێ چـــــی؟
خـــاڵی تـــۆ بە پەرژیـــن و خەیـــاڵ ناســـک و ســـادە
بێچـــارە لە نـــاو ئەو هەمـــوو پـــاوانە بڵـــێ چـــی؟
چیرۆکـــــی جـــــوانی تـــــۆ لە نـــــاو لاپەڕ و دێـــــڕا
نـــاگونجێ، ئیتـــر نووســـەری ئەفســـانە بڵـــێ چـــی؟
تاســـەی تـــۆ کە دامـــدەگرێ، دەڵـــێن: ئـــاخری خێـــر بـــێ
"هێدی" لەگەڵ ئەو کۆنە برینانە بڵێ چی؟

# حەز

## رەسووڵ سوڵتانی

تۆ کە دێی ئەمنیش وەکوو کۆڵان و شۆستە حەز دەکەم
گوێ لە مۆسیقای گەشی هەنگاوەکانت هەڵ بخەم
خەونی تیرێژی هەتاوت بۆ لە ئاسمان داگرم
چەپکە ماچێکی بەهاریت لەو دەم و لێوەی بدەم
خۆزگە دەتزانی بە نۆتەی سەوزی هەنگاوت چلۆن
گیانی شیرینی وەبەردێ پەلکی ژاکاوی بزەم
هێند لە دەوری لێوەکەت فەرهەنگی خاڵم خوێندەوە
چیی وشەی ماچ و ئەوینن، بوونە سەروای شێعرەکەم
خۆزگە بەو دەرزیلەیەی وا زێرەڤانی سینەتە
رۆژ و شەو چاوی لە تۆیە ئێرەیی چۆن پێ نەبەم
هەر دەڕۆم و ئەو خەیاڵە مێشکی داگیر کردووم
خوایە کەی زارم وەکوو ستیانەکەی پڕ کا لە مەم
گیان وەبەر کوچە و شەقامی شار دەنێی کاتێ کە دێی
کووچە گوێی هەڵخستووە من چاو لەبەر پێت رادەخەم
یادی تۆ ناهێڵێ تەنیایی دڵم داگیر بکا
ئاگری عیشقت نەبێ، خۆ دەمکوژن ئازار و خەم